# دیوانی بێکەس



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# دیوانی بێکەس

ئومێد ئاشنا

ڕێکی خستووەتەوە و لێی زیاد کردووە و پاشکۆی بۆ داناوە



کتێب: دیوانی بێکەس
دانانی: ئومێد ئاشنا ڕێکی خستووەتەوە و لێی زیاد کردووە و پاشکۆی بۆ داناوە
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٣٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: عەزیز عەبدولخالیق
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد + دڵشاد مستەفا
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٨١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

## لەبارەی ئەم دیوانەوە

دیوانی بێکەس چەند جارێ چاپ کراوە، لە کتێبخانەی زۆربەی زۆری خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کوردا، جێگەی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوەی شیعرەکانی بێکەس لە ویژدانی نەتەوەی کوردا چەسپیوە، بەسەرچوون و لە یادکردن نازانێت. ئێستەش لە هەندێ کۆڕ و کۆبوونەوە و یادەوەریدا لە ناوەندە جەنجاڵەکەی ئەدەبی کوردیدا شیعرەکانی بەسەر زارەوەن.

ئەم دیوانە کۆمەڵێ شیعری بڵاونەکراوە و چاپ نەکراوی بێکەسی تیادایە کە لەلایەن خوشکی بەڕێز «بێگەرد جەلال کاکە حەمە» لە گۆڤاری کاروانی ژمارە (٧٧)ی ساڵی ١٩٨٩ بڵاو کرایەوە.

ڕەنگە ئەم دیوانە سەرجەمی شیعرەکانی بێکەس بێت کە هەتا ئێستا هەن و دۆزراونەتەوە.

کاتێک مامۆستا شێرکۆ بێکەس کاری سەرلەنوێ چاپکردنەوەی دیوانەکەی بەمن سپارد خۆشحاڵ بووم. هیوادارم کتێبخانەی کوردی ئاوەدان بکاتەوە.



## بێکەس شاعیری ڕاپەڕین و ئازادی

خەباتی ڕۆشنبیرانی کورد بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا زۆر دژوار و سەخت بوو، دۆزی کورد وەک ئێستا لەسەر ئاستی جیهان نەناسرابوو، دابەشکردنی کوردستانیش لە هەنگاوی یەکەمی کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا ئەوەندەی تر قورسایی خستە سەر شانی دڵسۆزان و کوردپەروەران، بەریتانیا لە نەخشەیدا نەبوو هیچ شتێک بۆ کورد بکات و دروست کردنی حکوومەتێکی کاتیی سنووردار بۆ شێخی نەمر تەنها تاکتیک بوو بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی خۆی لە کوردستاندا.

لەو سەروبەندەدا «منەوەران» بانگی ئازادی و دروشمی (حقوقی میللی)یان بەرز کردبووەوە، شیعریش وەک بەشێکی کاریگەر و زیندووی ئەو خەباتە سەختە لە ڕیزی پێشەوەی شۆڕشگێڕاندا وەستابوو، ئەرکێکی فرە لایەنە لە ئەستۆی شیعر بوو، ڕادەی ئاستی نزمی ڕۆشنبیریی خەڵکی بەگشتی مایەی خەم و نیگەرانی شاعیرەکان بوو، ئەمە جگە لە باری سەختی گوزەران و تێکڕای دەردە کۆمەڵایەتییەکان. بێکەسی شاعیر لە ئاستی خۆیەوە لەو ڕۆژگارە تاریکەدا مەشخەڵی کۆمەڵێ هەڵویستی شۆڕشگێڕانە بوو، ئازایانە، بوێرانە جەختی لەسەر هەڵوێستی خۆی دەکردەوە، کۆڵدان و ماندووبوونی نەدەزانی، لە مێژووی هەموو نەتەوەکاندا لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدا چەند شاعیرێک ڕابەری بەرگری و دەنگی شۆڕش بوون، بۆ بێکەسی ئێمەش بەختێکی درشت ئەم چیرۆکی مقاوەمەت و شیعر و شۆڕشە دەنووسرێتەوە. بێکەس شیعری دەویست بۆ هەژانی جەماوەر و بەئاگاهێنانەوەیان، لە سیحری وشەکاندا دەنگی یەکە یەکەی خەڵکانی نەتەوەکەی دەبیست، دەیویست بەشیعر ڕاپەڕین و شۆڕش بەرپا بکات، ئەرکی شیعر لای ئەو ئەمەبوو، ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە تاریکەش ئەوەندە چڕ و خێرا بوون دەرفەتێکیان نەدەهێشتەوە بۆ بێکەس کە خەریکی ڕازاندنەوەی شیعرەکان و بەباڵاکردنی شێوە نوێیەکانی شیعر بێت، ئەو ڕێگای ئاسان و برووسک ئاسای مەبەست بوو بۆ گەیاندنی ڕاستەوخۆی شیعرەکان بەکۆڕ و کۆبوونەوەی خەڵکی، تێکڕای بابەتەکانی شیعری بێکەس بەڕوونی لەم دیوانە نوێیەدا خۆی دەنوێنن، بێکەسی هەڵوێست و شیعری حەماسەت خولقێنی ئەو نەمریی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، لە ویژدانی نەتەوەکەشیدا ئەم نەمرییە باڵاتر بوو.

ئومێد ئاشنا - ١٩٩٩/٤/١٢

# بێکەس لە چەند لاپەڕەیەکدا

نووسینی: محەمەدی مەلا کەریم

* ناوی (فایق) و کوڕی (عەبدوڵڵا بەگ)ی کوڕی (کاکە حەمە)ی کوڕی (ئەلیاسە - قۆجە)یە. بنچینەی بنەماڵەیان لە قەڵاچوالانەوە هاتووەتە سلێمانی و، خۆی لە ١٩٠٥دا لە سیتەک هاتووەتە دنیاوە کە دێییەکە بیست کیلۆمەترەیەک لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سلێمانییەوە و، ئەوسا مەرکەزی قەزای شارباژێڕ بوو.

عەبدوڵڵا بەگی باوکی لەوێ (تابوور ئاغاسی) بووە، لە دایکیشەوە لە بنەماڵەی ئاغەلەرەکانی سلێمانییە.

* ساڵی یەکەم و دووەمی تەمەنی لە سیتەک بەسەر بردووە، پاشان ماڵیان هاتووەتەوە سلێمانی و لە تەمەنی سێ ساڵانا ئاوڵەی دەرداوە، هەر بەمناڵی باوکی لە حوجرەی فەقێ خستوویەتیە بەر خوێندن.

لە ١٩١١دا باوکی بە ئیشی میری نێرراوە بۆ خانەقین و لەوێوە بۆ بەغدا، لە بەغداوە ئەنێرێ بەدوای ماڵ و مناڵەکەیا و ئەیانباتە ئەوێ و پاش ساڵێک خۆی چووە بۆ تورکیا و ئەمانی لە بەغدا بەجێ هێشتووە. ئیتر فایق باوکی نەدیوەتەوە، هەر لەو ماوەیەدا حەمە سەعیدی براگەورەی لە ئاوی دیجلەدا ئەخنکێ و دوابەدوای ئەو دایکیشی کۆچی دوایی ئەکا و فایق ئەکەوێتە لای خاڵی، ئەویش پاش چەند مانگێک ئەمرێ و فایق و تاهیری برا بچوکی بەبێکەسی ئەمێننەوە.

* کە شەڕی یەکەمی جیهان دائەگیرسێ و ڕێی هاتوچۆی بەینی بەغدا و سلێمانی ئەبەسترێ، حاجی ئەمینی کاکە حەمەی مامی لە سلێمانییەوە ئەنێرێتە لای حاجی عەلی ئاغا کە لە بەغدا بووە، کە چاودێریی فایق و براکەی بکا و هەر میراتێکیان لە باوک و دایکیانەوە بۆ مابێتەوە بۆیان خەرج بکا، ئەویش ئەیانداتە دەستی (حەبە خان) ناوێک کە خێزانی ئەفسەرێکی خەڵکی سلێمانی بووە لە بەغدا دانیشتووە... ژنەکەش مەردانە ئەیانخاتە ژێر باڵی بەزەیی خۆی و وردە وردە پێشیان ئەخوێنێ. دوو سێ ساڵێک بەم جۆرە ڕائەبوێرن. لە ١٩١٧دا کەساسییەکی زۆریان تووش ئەبێ، لە ١٩١٨دا حەبەخان ئەیانباتەوە بۆ سلێمانی بۆ لای حاجی ئەمینی مامیان.

* فایق لە سلێمانی ئەخرێتە قوتابخانە و لە پۆلی سێیەما وەرئەگیرێ و، تا ساڵی



١٩٢٣ بەردەوام ئەبێ لە خوێندندا و، هەموو ساڵێک بەیەکەم دەرئەچێ، لەو ساڵەدا لەسەر ئارەزووی مامی ئەچێتە خوێندنخانەی (علمیە) لە کەرکووک بەڵام بۆی ڕێ ناکەوێ بخوێنێ، ئەچێتە بەغدا و ساڵی ١٩٢٤-١٩٢٥ لە (دار العلوم) بەسەر ئەبا، لەوێش لەبەردەم بزێوی ناتوانێ بژی و لە ١٩٢٦-١٩٢٧ ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. لەو کاتەدا سلێمانی تەنها پۆلی یەکەمی ناوەندی تیا بووە ناچار تێی ئەچێ.

* لەو ساڵانەدا تەنگ و چەڵەمەی ژیان ناچاری ئەکا دووکانێکی جگەرە چییەتی بکاتەوە، بەڵام ڕۆژانە لە ڕێگای عەربەت ئیش ئەکا و چەند مانگێک لە هەولێر ژیاوە، لەو سەردەمەدا خوالێخۆشبوو (قالەی ئایشە خان) ئەندازیاری ئەشغال بووە و سەرپەرشتی کردنەوەی ڕێگای هەولێر - ڕواندز - ڕایاتی کردووە، بێکەسی دۆستی لە ئەشغال دامەزراندووە. هەر لەو ساڵەدا بێکەس ئەبێ بەمامۆستای (زانستی) و لە ساڵی ١٩٢٩دا ئەبیستێ کە باوکی لە مەرعەش لە تورکیا مردووە، لە ١٩٣٠دا بەهەر دەردە سەرییەک بووە بەدوای میراتی باوکیا ئەچێ بۆ تورکیا و، هەر لەو ساڵەدا بەنائومێدی ئەگەڕێتەوە.

* هەر لەو ساڵەدا بوو ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلوول لە دژی هەڵبژاردنە ساختەکەی دامودەزگای پاشایەتی ڕوویدا، بێکەس یەکێک بوو لەو نیشتمانپەروەرانەی سەکردەییی ئەو ڕاپەڕینەیان کرد و برینداریش بوو تیایا، لە ئەنجامی ئەو دەورەیدا ئەیگرن و ئەیخەنە بەندیخانەوە، شیعرە بەناوبانگەکەی (ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم...)ی لەو بەندییەدا وتووە، هەر لەسەر ئەم بەشداربوونە و سەرکردەیییەی لەسەر ئیشیش لای ئەبەن.

* کە لە بەندیخانە دێتە دەرەوە قوتابخانەیەک ئەکاتەوە بۆ ئەوەی دەرزی تیا بڵێتەوە و پێی بژی. لە ١٩٣٣دا میری وەری ئەگرێ بە مامۆستا و ئەینێرێتە مۆرتکەی بازیان و پاشان ئەینێرێتە تەوێڵە، لە هاوینی ١٩٣٥دا لەگەڵ کۆمەڵە مامۆستایەک کە یەکێکیان مامۆستا گۆرانی شاعیری بەناوبانگ بوو، بەشداریی لە دەورەیەکدا کردووە کە لە بەغدا بۆ مامۆستایان ئامادە کراوە. بێکەس لەو سەردەمەدا مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بازیان بووە.

* لە ١٩٣٧لە وزەی میریدا نامێنێ، مامۆستایەکی نەترسی وا لە سلێمانیدا هەبێ گیانی خەبات و کوردایەتی بڵاو بکاتەوە دووری ئەخاتەوە بۆ حیللە و پاش ساڵێک ئەینێرێ بۆ عەمارە بەڵام بێکەس قایل نابێ بچێ و دەس لە ئیشەکەی هەڵئەگرێ و

دێتەوە سلێمانی، قوتابخانەیەک ئەکاتەوە تا ١٩٤١ دەرزی تیا ئەڵێتەوە، ئەوجا ئەیکەنەوە بەمامۆستای قوتابخانەیەکی میری و تا دوا دوایی ساڵی ١٩٤٨ لە قەرەداغ و سلێمانی و سورداش و هەڵەبجە مامۆستا ئەبێ، لە ١٨/١٢/١٩٤٨دا بۆ یەکجاری سەر ئەنێتەوە.

* بێکەس شاعیرێکی ئازاد نەبەز و چاونەتەرس بووە، هەرگیز گوێشی بە(پایە) و (شوێن) و دارایی نەداوە، تا ماوە بەسەربەرزی ژیاوە و، لە ڕێگای دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمان لای نەداوە، ژیان و شیعری خۆی بۆ خزمەتی ئەوان تەرخان کردووە، چەند جار ئینگلیزەکان ویستوویانە بەتەمای (پایەی بەرز) لە خشتەی بەرن یا هەر هیچ نەبێ دەمکوتی بکەن. بەڵام ئەو گوێی نەداونەتێ، بەهیچ نەخەڵەتاوە و لە هیچ نەترساوە، گرتن و دوورخستنەوە و لەسەر ئیش لابردن باوەڕی بەنەتەوە و وڵاتەکەی لەق نەکردووە، نموونەیەکی هەرە دیاری ئەم چاونەترساوییەی بێکەس پارچە شیعری (بیست و حەوت ساڵە)یە کە لە ئاهەنگێکی مالاواییدا، کە لە ساڵی ١٩٤٦دا مەعرووف جیاووکی موتەسەڕیفی ئەو سەردەمەی سلێمانی بۆ (ئەدمۆنس)ی ڕاوێژپێکراوی ئینگلیزی وەزارەتی ناوخۆی ساز کردبوو، ڕووبەڕووی ئەدمۆنس خۆی و بەرامبەر بە سەدان کەس لە نوێنەرانی هەموو چینەکانی خەڵکی سلێمانی خوێندیەوە، لە کاتێکدا کە ئەدمۆنس هەموو شتێ بوو لە عێراقا و، کەم کەس ئەیوێرا قسەی عادەتی لە ڕوویا بکا.

* بێکەس وەنەبێ نیشتمانپەروەرێکی دوور و بێ ئاگا بووبێ لە هەڵسووڕانی ڕێکوپێکی سیاسی. بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم ڕووەوە کراون لە جوڵانەوەی (ژ.ک) و دوا بەدوای ئەو لە دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر نزیک بووە. پارچە شیعری (داری ئازادی)یش دوابەدوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٤٨ی گەلی عێراق وتوویەتی و لەوانەیە دوا شعیریشی بێ، بەڵگەیەکی بایەخداری نزیکییەتی لە بیروباوەڕی دیموکراتی...

* بێکەس جگە لە زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی و تا ڕادەیەک ئینگلیزیشی زانیوە، بەتایبەتی لە عەرەبیدا دەستێکی باڵای بووە، هۆنراوەیەکی زۆری عەرەبیی لەبەر بووە، وا بڵاوە کە (معلقاتی سبعە)ی بەتەواوی لەبەر بووە.

* قسەی خۆش و نوکتە و گاڵتە و گەپی بێکەس لەناو کۆڕەکانی ئەو سەردەمەی سلێمانیدا باو بووە، ئێستاش ئەیگێڕنەوە، هەرگیز بۆ وەڵامدانەوە و قسەی بەتوێکڵ دانەماوە.



* لەناو شاعیرانی کوردا ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان (حەمدی) و لەناو نیشتمان پەروەرانی کوردستانا (مەحموود جەودەت)ی زۆر لەلا پایەبەرز بووە. جەودەتی شەهید یەکێک بووە لە دۆستە خۆشەویستەکانی.

* بێکەس دوو ژنی هێناوە، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٣٥دا کە پاش ساڵێک بەدەردی سیل کۆچی دوایی کردووە، مردنەکەی کارێکی زۆری کردووەتە سەر دەروونی بێکەس و وای لێ کردووە ماوەیەک گۆشەگیر ببێ، لەم ژنەی کچێک و لە ژنی دووەمی دوو کچ و کوڕێکی بووە کە (شێرکۆ)یە.

* وەکو ئێستا دەرئەکەوێ بێکەس بەتەوژم (زەغت)ی خوێن مردووە، لەگەڵ ئەوەشا کە لە ڕۆژانێکی ساردی زستانێکی تووش و سەختدا مردووە، خەڵکێکی زۆر لەگەڵ تەرمەکەی لە هەڵەبجەوە هاتوونەتەوە سلێمانی و، لەوێش خەڵکێکی زۆرتر لەگەڵی چوون بۆ گۆڕستان و لە نزیک گومەزی بابانەکانەوە لە سەیوان، بەخاکی کوردستانیان سپاردووە.

* پاش مردنی بەچەند ڕۆژێک لە لایەن حکوومەتی کۆنەپەرستی ئەو ڕۆژەوە فەرمانی لە ئیش دەرکردن و گرتنی دەرچووە!

* لە ساڵی ١٩٥٨دا ئاهەنگێکی گەورە بەبۆنەی یادی دەیەمی کۆچکردنییەوە لە سلێمانی ساز کرا[١].

---

(١) ئەم کورتە مێژووە لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی مامۆستا عەلائەدین سەجادی و لە وتارێکی مامۆستا کەریم شارەزا کە لە ژمارە ٢٨ی پاشبەندی کوردیی ڕۆژنامەی (العراق)دا بڵاوی کردۆتەوە و، لە بنەماڵەی شاعیر... خۆی وەرگیراوە، ئەم باسە لە چاپی دووەمدا دەسکاری کراوە و لێیی زیاد کراوە.

# کوردایەتی

## فیكری سەركەوتن

فیكری سەركەوتن بەبێ شك، ئەی ڕەفیقان، غیرەتە
فەوز و ئیقبالّ و تەعالی هەر بەسایەی هیممەتە
قەومی كورد ئەمڕۆكە دائیم وا لە حالّی حەسرەتە
باعیسی فیتنە و فەساد و دوو دلّیی ناو میللەتە
قەومی كورد، شێرانی میللەت! فیكری وەحشەت لا بدەن
وەختی تێكۆشینە ئەمڕۆ، ڕۆژی عیلم و سەنعەتە
میللەتی بێ عیلم و سەنعەت باوەڕت بێ دائما
وا لەژێر پێیی ئەجنەبی داناوی هەر بێ قیمەتە
سەیری كە و تێ فیكرە نەختێ چیی بەسەرهات قەومی كورد
سووك و بێ ناو و نیشانە و ژینی دەرد و زیللەتە
گەر بەدلّ بێت و هەولّ دەین بۆ تەرەقیی قەومی كورد
نائیلی جێگە و حوقووقی خۆی ئەبێ ئەم میللەتە
هەولّ و تێكۆشین بەتەنها هەر بەدەم كەلّكی نییە
گرمە گرمی هەوری بێ باران نیشانەی زەیقەتە

سلێمانی ١٩٢٥



## ئامۆژگاری بۆ میللەت

كوردە تا كەی بێ خەبەر بی؟ نوستنت بێ عارییە
واسیتەی دواكەوتنت ئەمڕۆكە هەر بێ كارییە
سەیری ئەم قەومانە كە چۆن بوون و ئێستا بوون بەچی
حەیفە بۆ تۆ وا ئەسیری بوویتە عەبد و جاریە
ئیتفاقێ گەر نەكەی، لەم جەهلە خۆت ڕزگار نەكەی
پاشەڕۆژت قەلّبە بەخوا، عەیش و نۆشت زارییە
مەرهەم و دەرمانی دەردت ئیتفاقە ئیتفاق
دوو دلّی مێقرۆبە، خزمە، عیللەتێكی كارییە
نیوەڕۆیە هەستە ئیتر بەرگی سستی داكەنە
زولّمەتی شەو وا بەسەرچوو وەعدەیی هۆشیارییە
ڕێی نەزانی بەر بدە و ڕێگەی مەعاریف بگرەبەر
نیشتمانت زۆر كەساسە و، ژینی هەر غەمبارییە
(بێكەسا) قەتعی ئومێدی سەربەخۆیی قەت نەكەی
كوردەواری زیندووە، موحتاجی لوتفی بارییە

هەولێر – ١٩٢٨

## ئەی وەتەن...

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندیی و ئەسارەت، پێ بەتەوق و کۆتەوە
من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێ نەگەی
حەپس و تێ هەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە
بەو خووایەی بێ شەریک و لامەکان و واحیدە
عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە
ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاوی بڕژێنیتە سەر
قەت گڕ و گڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە
باسی مەحزوونی و کەساسیی خۆت نەکەی توخوا وەتەن
چونکە بەو باسە برین و زامەکەم ئەکولێتەوە
ماتەمینی تابەکەی، دەی پێکەنە و سەر هەڵبڕە
موفتەخیر بەشوهرەتت وا عالەمی گرتۆتەوە
نەگبەتی لاچوو سەعادەت بۆتە پشتیوانی تۆ
کەوکەبی بەخت و فریشتەت بەرزە ئەدرەوشێتەوە
گەرچی بەینێکە زەلیل و دیلی دەستی زاڵمی
نۆبەتی شادیتە ئەمجا ناحەزت لێک بێتەوە
لافی میللییەت بەدەم لەم عەسرەدا کەڵکی نییە
ڕۆژی هەوڵە هەر بەهیممەت گۆی هونەر ئەبرێتەوە
بێ قوسوورە چەند جەسوورە سەد شوکر ئەولادەکەت
وا لە ڕێی تۆدا لە خوێنا سەیری چۆن ئەتلێتەوە
بەسیە تەعنەم لێ مەدە هەر ڕۆڵەکەی جارانتم
هێندە حیلمت بێ هەتاکو دەست و پێم ئەکرێتەوە
شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا
دوژمنت پەت کەم وەکو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە...

سلێمانی – ئەیلوولی ١٩٣٠



## وەفدی کوردستان

قەدری میللەتتان بەجارێ شکان
نە حەیاتان ما نە ناو و نیشان
باری تەعنەتان وا هاتە سەر شان
«وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان»

***

حاجی تووتنەکەت مادەم فرۆشرا
قیروسیا لە صەد کوشتن و هەرا
دەخیلە هەستە ڕێکەوە خێرا
«دەسکێ لەو گوڵەی باغەکەی سەرا
کەوا بەخوێنی لاوان ئاودرا»

***

تاقمێ ڕێک خەن زۆر بەپڕ لاقی
بەبەزم و ڕەزم و ئاهەنگ و ساقی
بۆ ئەوەی بکەن دەفعی مەراقی
«بیبەنە بەردەم عەرشی عێراقی
بڵێن یار باقی و، هەم سوحبەتی باقی»

***

نە بارانتان دی، نە با ئەی فەقیر
نە لاوان کوژران بەگوللە و شەستیر
نە پێی نازداران خرایە زنجیر
«پەردە و تارای سوور بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن دوای کوشتار هێشتا تۆی دڵگیر؟»

***

هاوار بەماڵم چیمان پێ کرا
لە چارەکێکا سەدمان لێ خرا
هێشتا خەڵاتیان ئەکەن بە بەرا
«دەک خەجاڵەت بن لە ڕۆژی مەحشەرا
ئێمەیش خاکی غەم ئەکەین بەسەرا»

***

قەت وا تێ نەگەن چاومان شکاوە
کوشتن و بڕین دائیم بۆ پیاوە
لەناو دۆشەکا کەی حەق سەنراوە؟
«خەیاڵتان خاوە کورد نە فەوتاوە
بەراتی نەجات بەخوێن نووسراوە»

***

میللەت مەتینە عەزمی نانەوێ
لە غایەی بەرزی خۆی هەر ناکەوێ
لەت و پەت کرێ حقووقی ئەوێ
«من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەرئەکەوێ»

سلێمانی - ١٩٣١



## یادی نیشتمانی کوردستان

من کە مەحرووم بووم لە وەسڵت تازە ژینم بۆ چییە؟
حورمەت و جاە و جەلال و ڕۆح و دینم بۆ چییە؟
دڵ لەبەر دووری و فیراقت پڕ لە قەهر و میحنەتە
شیوەن و گریانە عەیشم، پێکەنینم بۆ چییە؟
باعیسی ڕووناکیی قەلب و نووری چاوم تۆی، وەتەن
چی لە دونیا کەم بەبێ تۆ جێ نشینم بۆ چییە؟
من کە خاکی پاکی کوردستانی نازدارم هەبێ
چی لە قەتعەی ئەوروپا کەم، موڵکی چینم بۆ چییە؟
مەنزەرەی جوان و تەبیعی زۆرە لەم خاکەی منا
مەنزەرەی سونعی بەبۆیەی سەوز و شینم بۆ چییە؟
من کە خۆشاوی زەریف و شەربەتی مێوژم ببێ
نامەوێ شەمپانیا و، ئەشکەنجە بینم بۆ چییە؟
بۆیە خولْقاوم کە خزمەت کەم نەوەک هەر دانیشم
بۆ وەتەن گەر تێ نەکۆشم هێز و تینم بۆ چییە؟

بەغدا

## ئەی وەتەن

ئەی وەتەن بۆ خزمەتت دائیم لە ڕێتا حازرم
باوەڕت بێ من لە زومرەی لاوەکانتا نادرم
گەر لەسەر تۆ بێت و تووشی صەد بەڵا بم سابیرم
خوا ئەزانێ چەند لە عاستی تۆکە پاک و تاهیرم
«طعنة أغيار أيلة أولماز مكدر خاطرم
هاى و هوى ابلهان اگلنجە در ديوانەيە»



## شینی مەحموود جەودەت

وەتەن هەڵڕێژە ئەشکی خوێنینت
با بەرز بێ سەدای شین و ناڵیت
گوێی فەلەک کەڕکا فەریاد و شینت
تاریک و لێڵ بێ ئاسمانی شینت
ئاه و هەناسەی دڵەی خەمگینت
داپۆشێ تیشکی خۆری زێڕینت
هەڵوەرێ پەڕەی گوڵ و نەسرینت
لە جێی گوڵ و دڕک دەرکا زەمینت
بەهارت، پایز، زستان، هاوینت
لە باتیی بولبول بوومی باڵ شینت
بخوێنێ لەسەر خاکی حەزینت
شادیت شیوەن بێ بەموودەی ژینت
بۆ جگەرگۆشە و ڕۆڵەی شیرینت

***

کوردە تۆ بگری بۆ قارەمانت
بۆ لاوی چاک و مەردی مەیدانت
بۆ باغەوانی باغی ژیانت
بۆ ڕەمزی بەرزیی شەرەف و شانت
بۆ ئەوەی لە ڕێی عیززەتی نەفسا
بێ باکانە خۆی کردە قوربانت
بگری بۆ وەفا و سەخا و حەمییەت
بگری بۆ غیرەت، هیممەت، جیددییەت
بگری تا ماوی بۆ (مەحموود جەودەت)
شادیت شیوەن بێ بەمودەی ژینت
بۆ جگەرگۆشە و ڕۆڵەی شیرینت

***

وەتەن تۆ حەقتە هەر هاوارت بێ
کێ لە دوای (مەحموود) فیداکارت بێ
کێی تر دڵسۆزی جان نیسارت بێ
دوژمن بەجەستەی حاڵی زارت بێ
کۆچ کردەی ئازیز بەخوام سپاردی
هەزاران ڕەحمەت لە مەزارت بێ
(جنة المأوي) جێ و قەرارت بێ
سەبووریی دڵەی کەس و کارت بێ
ئەی وەتەن بیستی تەشرینی سانی
ڕۆژی ماتەم و غەم شیعارت بێ
شیعرەکەی (بێکەس) یادگارت بێ
شادیت شیوەن بێ بەموددەی ژینت
بۆ جگەرگۆشە و ڕۆڵەی شیرینت

بەغدا
تەشرینی دووەمی ١٩٣٧



## ئەی کورد بەسیەتی

ئەی کورد بەسیەتی تاکەی ئەم شیوەن و فوغانە
بێ سوودە ئۆف و ئامان لەم عەسرە بێ ئەمانە
پاڕانەوە و کەساسی بێ کەڵکە پارە ناکا
عەزم و سەبات و غیرەت پێویستە لەم زەمانە

***

حورییەت و عەدالەت درۆیە بێ ئەساسە
بۆ دەس برینە گشتی ئەم هەموو دەنگ و باسە
گەر تەفرە خۆی بەمانە خوێنت ئەکرێتە کاسە
ژیانی کامەرانی بە هەوڵ و ڕەنجی شانە

***

ئەم خاکە پاکە عەینی بەهەشتە حەیفە وا بێ
ویران و سووک و بێکەس، ئەسیر و بێ نەوا بێ
ئەم حاڵە تاڵە بەسیە تاکەی ئیتر ڕەوا بێ
شەوگاری شووم بەسەرچوو ، گەرد و گوڵی بەیانە

***

ئەگەر بەشێنەیی بێ ڕەنجت هەموو بەبایە
چونکە ئەم ڕۆژە ڕۆژی سیرعەت و کەهرەبایە
ئیش کەن بەدەست و بردی، فرسەتە ، وەرنە کایە
گەلی چالاک و خێرا سەربەرز و شادمانە

***

ئەم کوردە گوردە ئێستا کە بێ کەس و هەژارە
ملی بۆ شیری دوژمن خوار و کەچە و لەبارە
قەومێکی هێندە نەبەردە یەکی بەشی هەزارە
خوا گەورەکانی بگرێ بێ کەڵک و هیچ نەزانە

***

دەخیلە لادە (بێکەس) لەم کەڵکەڵە و خەیاڵە
بلێ بەساقی هەستێ بۆت پڕ بکا پیاڵە
ئەم پەند و شیعری تۆیە بێ قیمەت و بەتاڵە
میللەت کە بێ زەعیم بوو ژیانی زۆر گرانە

سلێمانی



## دەردی دەروون

کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە
دوو دڵن پیسن لەگەڵ یەک، بۆیە وا بێ لانەیە
میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتری هەر هەوڵ ئەدەن
داخەکەم ورد و درشتی شێت و شەیدای ئانەیە
سەنعەت و عیلم و مەعاریف زەڕڕەیەک باوی نییە
پیاوەتی لایان بەتەنها چەفتە و جامانەیە
بۆ قسەی زل بێ قسوورن، باسی کوردییەت ئەکەن
کوردییەت خورمایە بۆچی، با قسەی شێتانەیە
میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق چۆن بە ئیستقلال ئەگا
واسیتەی بەرزی و تەرەققی هیممەتی مەردانەیە

سلێمانی

## ئەی وەتەن

ئەی وەتەن من هەر بەیادی تۆوە شەوگاران ئەنووم
(كل صبح بهواك استفيق وأقوم)
خۆزگە صەد خۆزگە خودایە ئێستە من تەیرێ ئەبووم
(بجناحي أطير، في صحاريك أحوم)
(تاره فوق الجبال، تاره بين الكروم)
ئەی وەتەن زۆر ئارەزووی دیداری خاکی تۆ ئەکەم
(إنّ مراك يزيل من فؤادي ذا الألم)
غەیری تۆ گیانە بەچیی تر ئەم دڵەی خۆم خۆش بکەم
(أنت تشفي ما بقلبي من هيام أوسقم)
(أنت دائي و دوائي و سروري والنقم)

***

ئەی وەتەن دڵگیرە خاکت، باسەفایە و پڕ سروور
(كلّ ما فيك جميل يملأ القلب حبور)
دەشتی تۆ فەسڵی بەهاران پڕ گوڵ و غیلمان و حوور
(أينما كنت سمعت صوت تغريد الطيور)
(منشداً يا ناس بشري قد اتي فصل الزهور)

حیللە – ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٧



## سەدەی بیستەمە

سەدەی بیستەمە، کوردە غیرەتێ
لە خەو ڕاپەڕە، هەوڵێ هیممەتێ
بەسیە نەزانی، عیلم و سەنعەتێ
سووکی هەتا کەی؟ ناوێ، حورمەتێ
هۆش و بیرت بێ... پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ؟

***

نەما ئەو ڕۆژەی تۆ بەئاسانی
بتوانی بژی بەشادمانی
تۆ کە قەومێکی بێ پشتیوانی
گەر تێ نەکۆشی زۆر پەرێشانی
هۆش و بیرت بێ... پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ؟

***

ڕۆژی کارەبا و ڕادیۆ و بوخارە
هەر قووەت و فەن ئەمڕۆ بەکارە
گەلی دواکەوتوو بەشی جەخارە
قوڕ بەسەر ئەوەی پەست و هەژارە
هۆش و بیرت بێ... پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ؟

***

لە ڕووی زەمینا نییە وەکو تۆ
قەومێکی دوو دڵ، وێڵ و ڕەنجەڕۆ
کەڵکی چی ئەگرێ گریان و ڕۆڕۆ
درەنگە هەستە بوو بە نیوەڕۆ
هۆش و بیرت بێ... پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ؟

سـەیری عـالەم کە بۆ بەرزی ژیان
خـۆی هەڵکردووە هاتۆتە مـەیدان
لە ڕێی نیشتمان ئەبێتە قوربان
بۆ سەرکەوتن و بۆ ناو و نیشان
هۆش و بیرت بێ... پیاوی ژیرت بێ...
لە جێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ؟

***

سبەینێ کە جەنگ دامرکایەوە
ئاگری هەرا و شەڕ کوژایەوە
هەر کەس حەقی خۆی پێ درایەوە
تۆ بە چ ڕوویەک دێیتە کایەوە؟
هۆش و بیرت بێ... پیاوی ژیرت بێ...
لە جێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ؟

***

پێم بڵێ کوانێ وەتەن پەروەرت؟
کوا لاوی دانا و، کوا مونەووەرت؟
کوانێ دڵسۆز و، کوانێ ڕەهبەرت؟
ناوی خۆت نەبەی ئەی خاک بەسەرت؟
هۆش و بیرت بێ... پیاوی ژیرت بێ...
لە جێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ؟

***

دەرمانی دەردی ئێمە خوێندنە
ڕەوشتی پاک و خزمەت کردنە
تۆوی ناکۆکی زوو لابردنە
ئەگینا بەشمان شەق و مردنە
هۆش و بیرت بێ... پیاوی ژیرت بێ...
لە جێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ؟

سلێمانی ١٩٤٣



## چاوبەست

دەنگ بڵاوە خەڵق ئەڵێن ئەم جارە کورد سەربەست ئەبێ
چی ئەڵێن، بیڵێن، لە لام وایە درۆ و چاوبەست ئەبێ
صەد هەزار جارمان سیاسەت تەجروبە کرد و کەچی
ئێستەکەش زۆرمان بەفیشاڵی وەها سەرمەست ئەبێ
بێت و بەینی... و... زەڕڕەیەک تێک چی ئیتر
مەسئەلەی کوردایەتی ئەوسا بەجارێ خەست ئەبێ
کەی حوقووق ئەدرێ؟ ئەسەنرێ. عەیبە ئیتر تێ بگەن!
سەربەستی چۆن نسیبی قەومی وا بێ دەست ئەبێ
میللەتی جاهیل لە دنیادا ئەبێ هەر بەندە بێ
نۆکەری هەر خشت بەباڵای قەومی دیل و پەست ئەبێ

سلێمانی – ١٩٤٤

## بیستەی (ژین)

بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵەوە بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی (ژین)دا وتراوە و لە ژمارەی تایبەتی (ژین)دا بڵاوکراوەتەوە.

سوپاس بۆ یەزدان، یەزدانی گەورە
ئاسۆی هیوای کورد بێ تەم و هەورە
ڕۆژی زانستی بەڕوونی هەڵات
لەشکری جەهل و تاریکی هەڵات
صەد شوکر میللەت ئێستە هوشیارە
لە ڕێی ژیانا زۆر خەبەردارە
هەمووی بۆ بەرزی خاکی نیشتمان
سەر و ماڵی خۆی ئەکا بەقوربان
ئەوانەی هەوڵ ئەدەن بۆ میللەت
یادیان ئەمێنێ بەقەدر و حورمەت
هەر پایەدارن ناویان زیندووە
پیاوی بێ کەڵک پەست و مردووە
گردبوونەوەمان ئەمڕۆ لەم جێیە
ئیشێکی ئێجگار جوان و بەجێیە
نیشانە و ڕەمزی تێ گەیشتنە
بەڵگەی بەرزێتی و پێ گەیشتنە
هاتووین تەقدیری ئینسانی ئیشکەر
بکەین و قەدری بخەینە سەر سەر
(حاجی تۆفیق بەگ) پیری بەغیرەت
ئەمە بیست ساڵە بەهەوڵ و هیممەت
خەریکە لەگەڵ (ژیان) و (ژین)دا
لەگەڵ ئەدەب و شیعری شیرینا



بە نوکتەی جوان و ئەشعاری وردی
ڕەواجی داوە بەنەزمی کوردی
یا خوا هەر بژی پیری پڕ هونەر
بۆمان ببێتە دەلیل و ڕەهبەر
ئەمسالی زۆر بێ لەناو وڵاتا
دەسگیرمان بێ لە ڕۆژی نەجاتا
ئیتر هەر بژی (ژین) و (کوردستان)!
هەر بژی دەستەی مەعاریف خواهان!

١٩٤٦/٢/٧

## کورد

خەیاڵاتی شەو و ڕۆژم ژیانی میللەتی کوردە
تەمەننام لای خودا دائیم ژیانی میللەتی کوردە
بەدائیم دڵ پەشێواوی پەشێویی میللەتی کوردم
وەکوو بولبول سەحەر خوانیم ژیانی میللەتی کوردە
نەخۆشە میللەت و، فەوتا وەتەن، بێ هۆشە ئەهلی ئەو
ئەوەی مەتڵەب بێ لامان هەر ژیانی میللەتی کوردە
بەڕاستی چاکترە مردن، حەیاتی وا لەلام تاڵە
ئەوی ناوی نەبێ ئەمڕۆ ژیانی میللەتی کوردە
شەجاعەت پیشەیی کوردە، مەعاریف ڕەسمی پێشوویە
کەرەم ئەڵبەتتە باعیس بۆ ژیانی میللەتی کوردە
دڵم خوێن ڕێژ و سەر گێژە، دوو چاوم پڕ لە ئەسرینە
عیلاجی دەردی «بێکەس» هەر ژیانی میللەتی کوردە

تشرینی دووەمی ١٩٤٦



## بیست و حەوت ساڵە

١

بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بەنان و ئاو و جل بەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم
کەچی هێشتا هەر دیل و ڕەنجەڕۆم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٢

بیست و حەوت ساڵە من ئەڕەتێنی
بە فڕ و فیشاڵ ئەم خەڵەتێنی
ڕۆژی نەوعێکم هەڵ ئەپەڕێنی
بۆ مەرامی خۆت ملم ئەشکێنی
کە ئیشت نەما وازم لێ دێنی
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٣

بیست و حەوت ساڵە من تووشی تۆ بووم
لە ڕێی ژیانا هیچ پێش نەکەوتووم
لات و پەژموردەم. هەروەکو مردووم
قسەی خۆمان بێ حەشرت پێ کردووم
هیوام نەماوە، تازە لە دەست چووم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٤

بیست و حەوت ساڵە تاڵە ژیانم
لەژێر دەستیی تۆ زۆر پەریشانم
لە ئینسان ناچم، عەینی حەیوانم
کەی ڕزگار ئەبم ماڵی ویرانم؟
وا بەخۆت ئەڵێیت (حامی)ی گەلانم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٥

بیست و حەوت ساڵە من بەتەماتم
چاوەڕێی نەختێ لوتف و خەڵاتم
ببوژێتەوە خاکی وڵاتم
هیچ گوێ نادەیتە دەرد و ئاواتم
چونکە ئەیزانی بێ دەسەڵاتم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٦

بیست و حەوت ساڵە زووخاو ئەنۆشم
لە زوڵم و جەورت هەر چاو ئەپۆشم
بۆ ڕەزامەندیی تۆ تێ ئەکۆشم
لەبەر تۆ زەربەم داوە لە خۆشم
وا تێ گەیشتم کە چەند بێ هۆشم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!



٧

بیست و حەوت ساڵە تەفرەی خۆم داوە
وازم لە هەموو کەسێک هێناوە
تۆم گرتووە و، دنیام خستۆتە لاوە
بۆیە پێم ئەڵێن کەر و ڕێشگاوە
ئەوی تۆی ناسی ملی شکاوە
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٨

بیست و حەوت ساڵە دەم بەهاوارم
جارێ ناپرسی لە حاڵی زارم
سووتام، پرووکام زۆر بێ قەرارم
ئەزانی لە تۆ بۆچی بێزارم؟
شارەزای دەردمی. ناکەی تیمارم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٩

بیست و حەوت ساڵە بەبێ زیاد و کەم
ئەپاڕێمەوە. هەر هاوار ئەکەم
یاخوا کافریش نەبێ بەجەستەم
وێڵ و سەرگەردان بێ تین و خەستەم
هیچم پێ ناکرێ، دیل و دەست بەستەم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

١٠

بیست و حەوت ساڵە دڵم لێت پڕە
ئەحواڵم بە دەست تۆوە زۆر شڕە
صەد بەڵێن بدەی لەلای من تڕە
بەسیەتی ئیتر ئەم وڕە – وڕە
نۆکەریت ناکەم ورگم هەڵدڕە
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

١١

من ڕەنجبەرێکم پاک و بەسەزمان
هەوڵم بۆ داوی بەدڵ و بەگیان
بەسیەتی ئیتر درۆ و تەفرە دان
وا ئەبێ عەدل و ئینساف و ویجدان
ئەمکەی بە دیلی (عێراق) و (ئێران)
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

سلێمانی ١٩٤٦



## قەومی کورد...

بەبۆنەی هاتنەوەی لاشەی چوار ئەفسەرە قارەمانەکەوە بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٧دا وتراوە

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین
میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین
میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان
بێتە بەر سێدارە، بێ ترس، دەم بەخەندە و پێکەنین
قەومی وا نامرێ، ئەژی، با دوژمنی هەر شەق بەرێ
ساحێبی ڕۆڵەی نەبەردە؟ خاوەنی عەزمی مەتین
ئەو کەسەی گیانی لە ڕێگای نیشتمانا بەخت ئەکا
پێی مەڵێن مردوو، شەهیدە وا لە فیردەوسی بەرین
لاوی کورد مەردە لە مردن قەتعییەن باکی نییە
پەندی پێشینانە، ڕاستە (بەرخی نێر بۆ سەربڕین)
وا وەتەن دیسان بەمەحزوونی ئەڵێ ئەی لاوەکان
بۆچی وا مات و مەلوولن، بەسیەتی شین و گرین
ڕۆژی تێکۆشانە سا دەی هیمەتێ تاکو زووە
بەشکو لەم حاڵە نەجاتمان بێ و لە دیلی دەربچین
گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگ و گیرفان پڕ ئەکەن
شەو بەبێ خەم سەر ئەنێنە سەر سەرین، هەر سەرسەرین
پیاو ئەبێ دائیم خەمی قەوم و وڵاتی خۆی هەبێ
ئەو کەسانەی بێ خەمن حاشا نەوەی ئەم خاکە نین...

## شیوەن بۆ شەهیدانی ١٩ی حوزەیران

ئەمڕۆکە ڕۆژی ماتەمە
عالەم دڵی پڕ لە غەمە
ڕووی ئاسمان هەور و تەمە
بۆ جوانەمەرگانی وەتەن

***

وەتەن دەروونی لەت لەتە
گیرۆدەی داوی نەگبەتە
خەو و خۆراکی میحنەتە
بۆ جوانەمەرگانی وەتەن

***

(خەیروڵڵا وتی بە«عیززەت» )
وا نەجاتمان بوو لە زیللەت
با بکەوینە کەیف و سوحبەت
ئێمەین شەهیدانی وەتەن

***

کوتووپڕ «مستەفا» و «حەمە»
کەوتنە بەزم و زەمزەمە
وتیان سێدارەش هەر کەمە
بۆ نەوجەوانانی وەتەن

***

ئەوا شەهیدانی وەتەن
گشتیان تکاتان لێ ئەکەن
ئەڵێن: ژن نین، شیوەن مەکەن
دوژمن بەخۆتان خۆش مەکەن
هەموو بەجارێ لە چەپڵە دەن
بۆ جوانەمەرگانی وەتەن



## داری ئازادی

داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ
پیاو ئەبێ بۆ سەندنی هەقی لە مردن سڵ نەکا
هەر (بڕووخێ) بەس نییە، تاکو نەسەندرێ نادرێ
کورد ئەگەر چی موددەتێکە دیل و داماوە، بەڵام
باوەڕت بێ ڕۆحی میللی هەر ئەمێنێ نامرێ
تۆ ئەگەر ئیسلاحی قەوم و نیشتمانی خۆت ئەوێ
لێت موحەققەق بێ بەبێ شۆڕش مەحاڵە ناکرێ
بیری ئازادی جیهانی گرتەوە، توخوا بەسە
ئەم نیزامە کۆنە تاکەی؟ هیممەتێ کەن لابرێ
قەت مەڵێن دوژمن بەهێزە تۆپ و تەییارەی هەیە
ئیتفاقتان گەر هەبێ زۆر زەحمەتە خۆی ڕاگرێ
ئەم عێراقە خۆشەویستە خاکی گوڵ گوون بوو بەخوێن
تا حەقی دەسگیر نەبێ لەو خوێنە دەست هەڵناگرێ
نێر و مێ هەردوو بەجووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن
دوورە دەرچوونی لە دیلی، مەل بە باڵێ نافڕێ
هەوڵی ڕاستی هەردوو لا ئامانجی میللەت سەر ئەخا
چونکە مەعلوومە بەیەک دەست چەپڵە قەت لێ نادرێ
وا گلۆڵەی کەوتە لێژی باوی ئیستعمار نەما
هیچ کەسێ ئیتر بەزوڕنا و تەپڵی ئەو هەڵناپەڕێ
دۆستیی کورد و عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شاهیدە
ناحەزی ڕووڕەش لە داخا با یەخەی خۆی دادڕێ

١٩٤٨

## تاک

١

سیمام بۆیە وا ماتە و پڕ مەینەت
کورد سەر شێواوە و کوردستان لەت لەت

٢

هەر زەمانێ قەومی کورد دەرچوو لە زیللەت بوو بەپیاو
جەژنی من ئەو ڕۆژەیە، نەک جەژنی قوربانی و پلاو



## تاقی کیسرا

چیی بەسەر هات تاقی کیسرا، هەیئەتی سوڵتان ڕەشاد
حوکمی هاروونوڕڕەشید و تەخت و بەختی کەیقوباد؟
چەند هەزار ئینسانی نازدار جوملە بوونە خاک و خۆڵ
کوورەییی ئەرزیش سەرا سەر پڕ لە ئیسقانی عیباد
نەسرەت و ماڵی جیهانیش بێ بەقایە ئەی ڕەفیق
عاقیبەت دنیا نەمانە قەت نەکەی فیتنە و فەساد
فرسەتە، عومری عەزیزت بێ سەعی زایع مەکە
تەرکی ئەربابی جەفا کە و ڕێی فەلاکەت مەگرە یاد

## خود پەسندان

ئەو کەسانەی ئێستەکە دەعوایی میللییەت ئەکەن
ناوی خۆیان ناوە عالم، خادیمی موڵک و وەتەن
ئەچنە چاخانە بەکۆمەڵ لنگ لەسەر لنگ دائەنێن
فیک و هوورٍ دەس پێ ئەکەن، هەم زوڵف و پەرچەم دائەخەن
سەیری دەمیان کەی لەوێدا چۆن بەگوو دێتە قسە
وا دەزانن هەریەکەی (داروێن)ە فکری لە فەن
غەیری فیشاڵ و درۆ لەفزی پڕ و پووچ و بەتاڵ
هیچی تر نازانن ئەسڵەن، لاف و دەعیەش لێ ئەدەن



## لە خوسووسی ئەدەبەوە

## هۆشیاری

ئەو کەسەی فیعلەن بە بەرزی ناوی خۆی ئیزهار ئەکا
حورمەت و شوهرەت بەخۆی هەمڕاز و دۆست و یار ئەکا
هەچ کەسێ ویجدانی پاک و عیززەتی نەفسی ببێ
بۆ حەیاتی مەحوی شێوەی زیللەتی ئیدبار ئەکا
کەسبی حوسنی شوهرەتت بۆ ناکرێ تا سیرەتت
دائیمەن بۆ لەهوی دنیایی بەدڵ هاوار ئەکا
ئیستفادەت گەر ببێ بۆ عەهدی جینسی میللەتت
پەیکی بەختت حوڕڕییەت کارانە بۆ خۆی غار ئەکا
گەرچی سوڵتانی زەمین بی، بۆ بەشەر خێرت نەبێ
هەرکەسە بۆ نەفرەتت هەردەم دەمی ئیحزار ئەکا
چاو لە کەس مەبڕە، بەبێ ئیش خۆت مەکە سەرفی زەمان
چونکە زیللەت وەختی بێکاریت بەتۆ خۆی یار ئەکا
ناوی کەس لای کەس بەبەدناوی مەهێنە صەد دەخیل

## دەردی دەروون

وان وەبان غەیرە ئەم قەومی خۆمە
مەحکوومی حیز و خەڕات و دۆمە
نامووس و ویجدان، غیرەت و شەرەف
لەناو ئەشرافا باری کرد، ئەسەف

***

فیکری میللیییەت ئێستا مەعدوومە
پیاوی مونەووەر لات و مەزڵومە
هاوار ڕۆژێکی چەند قەڵب و شوومە
لە عەیشی دنیا زار و مەزڵومە

***

ئەوەی خائینی موڵک و میللەتە
دائیم لە بەحری ناز و نیعمەتە
هەر وەتەن پەروەر غەرقی زیللەتە
خۆراک و خەوی دەرد و میحنەتە

***

ئەجنەبی دەرحەق بەئێمە باشە
ئەوی خراپە هەر وەتەن داشە
کە بوو بەمەئموور ئەبێتە واشە
ئیمان و دینی تەنها مەعاشە

***

میللەت ئەوەندە نەفام و کەرن
بێ عەقڵ و جاهیل، زۆر بێ جەوهەرن
هەرچی مەئموور بوو حورمەتی ئەگرن
داوای ژنیان کەن، ڕەنگە بۆی بەرن

***



ئومێدم ئیتر بەم کوردە نەما
نابێ بەئینسان لەناو عالەما
بمێنێ هەتا لە دەرد و غەما
هەر ئەناڵێنێ لەژێر قەدەما

***

قەومێ کە دائیم هەر هەوڵ بدەن
بۆ ئەمەی یەکتر بەئەرزا بخەن
یا نەبێ لایان میللەت و وەتەن
ئایا مومکینە تەرەققی بکەن

***

بەسیەتی (بێکەس) خەیاڵت خاوە
چیت لە مەسەلەی میللییەت داوە
هەزاری وەک تۆ کە ڕەنجی داوە
سووک و پەرێشان قەدری نەماوە

***

ئەگەر ئەتەوێ بژیت بەخۆشی
بەڕووپیە ئەبێ قەومت بفرۆشی
لە موڵک و میللەت چاوت بپۆشی
جامی دەنائەت ئەبێ بنۆشی

***

نابینی ئێستا کە ئەوی وایە
ژیانی هەموو کەیف و سەفایە
هەر وەتەن پەروەر غەرقی جەفایە
قیمەتی نییە ڕەنجی بەبایە

***

(أستغفرالله) من لەوانە نیم
قەت ناخەڵەتێم بە ئاڵتوون و سیم
باوەڕم پێ بکەن کوڕێکی جیددیم
تا لە دنیادا سەعاتێ بژیم

***

خراپ ببینم تەنقیدی دەکەم
ئەوی خائینە جوێنی پێ دەدەم
ناترسم لە کەس بێ باک و بێ غەم
هەرچی کە ئەبێ، ببێ، جەهەننەم

***

نانێکم ببێ وەکوو پادشام
نایدەم بەخاکی گشت عێراق و شام
شوکری خوا ئەکەم دائیم سوبح و شام



## مونەوەرانی ئەم زەمانە

وەتەن پەروەر، مونەووەر، حاڵی حازر
کەسێکە چاکەت و پانتۆڵ لەبەر بێ
لەبەر ئاوێنە خۆی ڕێک خا وەکوو ژن
سمێڵێ پاک بتاشێ فێس لەسەر بێ
........................................ وەکوو کچ
بەباستۆن ڕاوەشاندن ڕێ گوزەر بێ
لە فیشاڵ کردنا بێ میسل و هەمتا
وەکووتر بێ عەمەل، بۆ کێر سوپەر بێ
لە ئاسایش وەکوو شێر بێ هەموو دەم
لە ڕۆژی زەیقەتا مەخفی نەزەر بێ
ئەگەر ویستیان بەڕێز لێی دەن بەدەستە
خەیاڵیشیان وەکو یەک سەربەسەر بێ
سەری بشوا بەقۆڵۆنیا و سابوون
دەم و چاو لووس و بێ تووک وەک فەنەر بێ
کفر کا، ترِ کەنێت و گان بدا هەم
هەموو ئیشێکی سەرتاپا زەرەر بێ
بە سەرخۆشی لە مالآن شەو بمێنێ
هەتا ڕۆژ صەد زەبەللاحی لەسەر بێ
لە گفتوگۆ و تەکەللومدا وەکوو گورگ
لە فیعلا زۆر فەقیر، هەر چەشنی کەر بێ
وەتەن پەروەر، مونەووەر، ئەم کەسانەن
کە ساحێب فەزڵ و پڕ عەقڵ و هونەر بێ
بەگوێرەی وەزعیەت، دائیم بجووڵێ
هەموو فیعلێکی مەقبووڵی بەشەر بێ
لە فیکری میللەتا بێ کوللی وەختێ
لەناو میللەت بەخزمەت موعتەبەر بێ

## ستایش

له کوردا ئەو کەسەی ئێستا بەویجدانە کەوا مەردە
کەسەربەست بێ ئەلەم ڕۆژا ئەمیش بێ میسل و هەم فەردە
نەزیری ئەو لە دنیادا نییە و نابێ هەتا مەحشەر
دڵی دەرحەق بەهاوجینسی بلووری سافی بێ گەردە
بەڕەحم و شەفقەتە دائیم لەبۆ شەخصێ کە بێ دەست بێ
ئەوی حەز بەو نەکا بێ شک لەلای خوا ڕووڕەش و زەردە
تەبیعەت حاتەمی تائی لە فیکرا چەشنی لوقمانە
لە حیلم و حەوسەلە و ئیشدا دڵی ڕەق وەکوو بەردە
نیشانەی فەخرە بۆ ئێمە کە زاتێکی وەهامان بێ
ئیلاهی بەرقەراری کەی چراغی میللەتی کوردە



## هوشیاری

ئەو کەسەی لەم قەومەدا غایەی هەموو غەمخوارییە
بۆ حەیاتی میللەتی، دەردێکی پیسی سارییە
مردنی چاتر لە ژینە چونکە بوونی نەگبەتە
بایەقوش ئاسا هەموو جووڵانەوەی بەدکارییە
گەر کەسێ عەقڵی هەبێ، نامووس و ویجدانی هەبێ
(١)..................................................................
چۆن ئەکا حاشا لە ئەسڵ و میللەت و جینسییەتی
مائیلی ئەغیار ئەبێ، فیکری لەگەڵ ئەو جارییە
ئەو کەسانە هیچ و پووچن، وەزن و مەعنایان نییە
باڵ و باڵایان لە بەرگی شەرم و نامووس عارییە

## شاخی گۆیژە

وا مەزانە گۆیژە نزمە چونکە طەبعی عالیە
ناظری قەصرێکە جێگەی شانشینی والیە
جەننەتی ڕوویی زەمین و وێنەیی باغی بەرین
سۆزە بایێکی هەیە وەک مووس وایە بۆ بڕین
شۆخ و شەن کێوێکە شای کێوانی سەر ڕوویی زەمین
گەر کەون مەحبووبەیەک بێ، شاخی گۆیژە خاکییە

***

بەرزە طەبعی تا بمێنێ تەوقی کەس ناکاتە مل
تووڕەیە، تۆڵە وەسێنە دەردی دڵ ناباتە گڵ
صوبح دەم دەنگی پەشێوە وەک گوڵێ هەستێ لە خەو
چونکە زوڵفی ڕۆژی بەرکەوت ئیکە دەشکێ سامی شەو
بۆت دەکاتە دەشتی مەحشەر دەنگی بولبول دەنگی کەو
عانی زەردەپەڕ، دەنەخشێنرێ بەخوێنی جوان و دڵ

***

فەسڵی زستان دای دەپۆشێ بەفری تازە وەک بلوور
مەنع ئەکا وەک شێری بێشە هاتوچۆکردن، عبوور
ڕەسمی شادیش دەپۆشێ خەرقەیێکی گوڵ گوڵی
گوڵشەنە، گوڵزارە گیرۆدەی هوزارە سەرچڵی
ئاسن ئەتوێنێتەوە ناڵەی حەزین گریەی دڵی
شێت و شەیدایە دەبەنگە، دەشت و سەحرا ماڵییە

***

جێیەکی پیرۆزە زیاتر جێگەی شێری نەڕە
پڕ لە ئازا پڕ لە عاقڵ و دلێر شەڕکەر
سەنگەری ڕووی دوژمنانە سەختی ڕووی زەحمەتە
بیلخلاسە بۆ ژیانی ئێمە کانی ڕەحمەتە
بێشەی شێری ژیانە قەت مەزانە خاڵییە!!



عەکسی خوێناوی شەهیدانی لەسەر ڕووی ظاهیرە
لایەقی تەقدیسە چونکە بێ خەتایە طاهیرە
لایەقی تەقدیرە چونکە فەخری کوردی وا لەسەر
شایەنی ئیعجابە چونکە فەجری کوردی وا لەسەر
ئیحترامی فەرزە چونکە قەبری کوردی وا لەسەر
ئاخیری تۆڵە دەسێنێ شێر لە قەتلا ماهیرە

# کۆمەڵایەتی

## که پارەت بوو خزم زۆرە

سەرم سوڕماوە نازانم چ شەخسێ بێ غەش و چاکە
لەناو ئەم قەومەدا کێیە لەگەڵ هاوجینسی خۆی پاکە
لەلام وا باشە ئێستاکە بەکەس پشتێ نەبەستی تۆ
لە خزم و دۆست و ئاشنایان هەتا ئەتوانێ هەر ڕاکە
ئەگەر پارەت نەبێ بەخوا هەزار خزمت ببێ پەشمە
کە پارەت بوو هەموو عالەم براتە و پێت ئەڵێ کاکە
کەس و کارت وەکوو مارن، ئومێدت هیچ نەبێ پێیان
لەژێر سایەی ئەوان دەرچۆ برادەر خۆتی لێ لاکە
بەرەنجی خۆت لە دنیادا بژی ئازاد و سەربەست بە
هەموو کەس پێت ئەڵێ مەردە و کوڕێکە چوست و چالاکە

سلێمانی ١٩٢٤



## عەیبە... عەیبە

«عەیبە... عەیبە...» ئەی ڕەفیقان ماڵی خەڵک وێران ئەکا
پیاو ئەخاتە سواڵ و سووکی، گەورە سەرگەردان ئەکا
واسیتەی عەیبە کە دائیم قەومی کورد بێ سەروەتن
بێ مەعاریف، بێ سەنایع تووشی صەد دەردیان ئەکا
سەیر ئەکەی شەخسێکی مەئموور گەر وەزیفەی لێ بڕا
هیچی پێ ناکرێ لەبەر عەیب، ماڵی خۆی تاڵان ئەکا
ناعیلاجی دێ بەسەریا دەس لە خەڵکی پان ئەکا
یا کەسێکی زۆر بەسەروەت هات و لێی قەوما، ئیتر
هەر لە ترسی دەنگی عەیبە تەرکی گشت فرمان ئەکا
حاسڵی بێ کاسبی و کار دائەنیشێ بێ قەدر
بێ عەزییەت خۆی ڕەزیلی خزم و ناو یاران ئەکا
سەیری کە ئەم عەیبە عەیبە چەندە تەئسیری هەیە
کوردی کردۆتە موهاجیر ئیشی ناو شاران ئەکا
چونکە پێی عەیبە لە جێی خۆی ئیش بکا قەدری ئەبەن
بۆیە وا ئەڕواتە غوربەت تەرکی کوردستان ئەکا
بەسیەتی ئەم فکرە پیسە، غەفڵەت و نوستن بەسە
سەیری ئەقوامی غەرب کەن کەشفی ناو ئاسمان ئەکا

سلێمانی ١٩٢٦

## داد لە دەست تیاترۆ!

خەیاڵ و عەشقی تیاترۆ، (فایق)ی کردووە پەرێشان
مەراق و دەردی کەم بوو، ئەویشی هاتە سەر شان
جاران غەمی ورگم بوو، ئێستا لەوەش ترازا
تالیبی بەزم و ڕەزمم، مائیلی چاڵغی و کەمان
نازانم هەوڵی چی دەم، هەوڵی قووت و ئیدارە
یاخود بۆ پارەی تیاترۆ بکەومە ساختە لێدان
حاسڵی تووشی داوێ بووم نییە ڕێی نەجاتم
دائیم مەحزوون و موفلیس هەمیشە مات و حەیران
بەڕۆژ شان و قۆڵ ئەکوتین، سا هەرچێکمان دەس کەوێ
شەوێ تەسلیم بە (نۆبار) ئەکرێ و ئەیخاتە گیرفان
خۆ ئەوەندەش نەگبەتم هەر ئەچمە ڕیزی ئەووەڵ
ئەڵێم گۆم هەتا قووڵ بێ مەلەی خۆشە بۆ ئینسان
بەو ڕەنگەماڵی باوکی خۆم کاول کرد بەجارێ
وەها پەرپووت و لات بووم بۆ پولێ ئەچمە ئاسمان
خێرێ کە ئەم عالەمە ئەیدەنەوە بۆ (نۆبار)
باوک بۆ ئەولادی خۆی نایداتەوە بەیەزدان
پارە و پوولمان لێ بڕا، کەوتینە ماڵ فرۆشتن
تەنیا لێفەمان ماوە، ئەویش ئەخرێتە مەیدان
کارێ ئەم تیاترۆیە کردی بەم ئەهلی شارە
با بە دەواری شڕی ناکا ئەبەد ڕەفیقان
ئەڵێن دنیا ئەمێنە نەما چەتە و درۆزن
کەچی ئێستاکە زیاتر چەتە کەوتۆتە ناومان
فەرقی (نۆبار) و چەتە ئەبێ چی بێ برادەر؟
ئەوی کە (نۆبار) ئەیکا، نایکا چەتەی بەسەزمان
سیرڕێکی زۆر عەجیبە گەر تێ فکری بە دیقەت



مەحوی وڵاتت ئەکەن هێشتا مەمنوونی لێیان
خوڵاسە کەس نەماوە تۆپی ئاگر نەدابێ
مەئموور: قەرزار و موفلیس، کاسب: حەزین و گریان
خوانەخواستە وەزعییەت بەم نەوعە بێ هەتا سەر
هەموو لەبەر بێ نانی بۆ سواڵ ئەچینە شاران
هەتا زووە عیلاجێ ئەمانە لێرە دەرکەن
وابێ بەرگە ناگرین، ئیتر ویجدانی خۆتان!...

سلێمانی ١٩٢٧

## تیاترۆ ببێ چاترە

خەڵقە، نەمزانی زۆر پەشیمانم
هەجوی تیاترۆم کرد، لاڵ بێ زمانم
دەستی شکاوم بۆ ئەو زەمانە
کە (نۆبار) ئیشی ئەکرد لێرانە
زەمانێکی زۆر خۆش بوو برادەر
کاشکی هەر لێرە بوونایە تا سەر
لەوسا ڕۆیشتوون زۆر بێ قەرارم
هەمیشە مات و پەست و غەمبارم
ئێستا کە شەوێ بوو بە سەعات سێ
بۆ دەرمان لە دەر نابینی کەسێ
خواە و ناخوا هی ئەم خەڵقە بەزۆر
ئەچنەماڵەوە بۆ ژێر لێفە بۆر
سەیری شار بکەی کە چەند تاریکە
بێ زەوق و بێ دەنگ بێ ئەلکتریکە
هەر وا ئەزانی کە قەبرستانە
یا چەشنی بابل هەمووی وێرانە
بەڵام کاکی خۆم بەتاریکە شەو
شتی وا ئەکرێ نەبینرێ بەخەو
هەندێ شت هەیە با تۆش بیزانی
ئەیڵێم با لە کەس نەبێ پەنهانی
چەند کەسانێ هەن لە گەنجی وەتەن
کە شەویان لێ هات هەر قومار ئەکەن
هەر شەوەی ئەچنە ماڵی یەکێکیان
خەریکی یارین تا بەری بەیان
نۆتی تازە و کۆن دێتە فڕک و هووڕ
کۆڕیان گەرم ئەبێ هەروەکو تەنوور



پارە دائەنرێ ئەوسا بەتەغار
ڕوپیەی تیا ئەڕوا لە صەد تا هەزار
سەیرە، هەرایە، ڕوپیە بارانە
بگرە و بەردەیە، سوێن و قورئانە
ئەو ئەڵێ بەخوا نایدەم هیی منە
ئەم ئەڵێ ڕابوورد، دەستت بەم گونە
لە پاشا لێیان ئەبێتە هەرا
کاتێ ئەزانێ یاری تێک درا
ئەمجار ئەوانەی ئەکەونە لاتی
لێی پاڵ ئەکەون لەوێ بەماتی
هەناسەی ساردیان دەردێ لە دەروون
ئینسان لە تاوا بۆی ئەبێ مەحزوون
بەڵام غاڵبەکان شاد و مەسروورن
سەربەرز و قنج و قیت و ڕووسوورن
دەنگی پێکەنین ئەڕوا دە قۆناخ
ئەگەشێنەوە هەروەک گوڵەباخ
ئەنجا وەک تەراح ڕائەکشێن ئەنوون
دەستەیەک دڵ شاد، دەستەیەک مەحزوون
بەو ڕەنگە خۆیان پەرێشان ئەکەن
کاسبی و تێکۆشین بۆ شەیتان ئەکەن
ئەوقاتی خۆیان وا ڕائەبوێرن
مانگ بەدەقیقە و سەعات ئەژمێرن
مانگ زۆر درێژە بۆ پیاوی نابووت
تا مەعاش ئەدرێ ڕۆح دێتە سەر لووت
ناچار ئەفەندی بۆ قوماری شەو
پارە قەرز ئەکا دائیم لەم و لەو
مەعاشی هەموو سەراپا قەرزە
دانەوەی قەرزیش دیارە کە فەرزە

هەروا تا ئەمرێ دوانزە مانگەی ساڵ
موحتاج و لاتە لە حاڵەتی سواڵ
گیرفانی سووک و پاک و تەمیزە
قەرزار و موفلیس سووک و سەرحیزە
ئەمجا با باسی نەخوێندەواران
نەختێ بەکورتی بکەم بۆ یاران
ئەوانیش هەموو بەشەو سەرخۆشن
لاکەی سەریان دێ مەست و بێ هۆشن
دەسوورێنەوە تا ڕۆژ وەکوو مار
بەدوای هەتیو و عارەق و قومار
خولاسە تیاترۆ کە سەفەری کرد
ئەم شارە بەخوا زۆر زەرەری کرد
گەر تیاترۆ بێ ئەحواڵ ناگۆڕێ
پارە بەیاری هێندە نادۆڕێ
بەمیقدارێکی زۆر هەرزان و کەم
ئینسان کەیف ئەکا دەرئەچێ لە غەم
خراپ گەیشتم لە ئەوەڵی ئیش
سمێڵم دانا لە پێناوی ڕیش
ئەم وت واسیتەی لاتیی ئەم شارە
بێ شک تاقم و جۆقەی (نۆبار)ە
ئاخری ڕۆیین بۆیان چۆڵ کردین
ئەگەر چی نەختێ پارەشیان بردین
دوا ڕۆژم ئەوەندە خراپ دێتە بەرچاو
فرمێسک بۆ جاران ئەڕێژم وەک ئاو
ئەگەر هاتنەوە ماوەیان بدەن
خێرتان ئەنووسرێ با یاری بکەن
میسالێکە زۆر نایاب و فەسیح
وتراوە دەفعی ئەقبەح بە قەبیح!...

سلێمانی



## بەبۆنەی دانانی یانەی فەرمانبەرانی هەولێرەوە

بەنووری عەدل و ئاسایش مونەووەر بوو هەموو هەولێر
لەژێر کابووسی غەم دەرچوو خەلایق شاد و خەندانە
طلوعی فەیز بەخشی تۆ شەوی دەیجووری واڵا کرد
لە هەر لایەک تەماشاکەی جولووس بەزم و سەیرانە
لە سایەی هیممەت و لوتفی...ی عەدالەت خوا
وەکو فیردەوسە ئەم شارە بەدایم ڕوو لە عیمرانە
چراغی فیکری ڕووناکی لە هەر شوێنێ کە داگیرسا
شەوی تاریکی وەک ڕۆژە، خەراباتی گولستانە
بەتەئسیس و بناغەی ئەم بینایە عەرزی تەبشیری
هەموو مەئموور ئەکەم ئیتر نەجاتی بوو لە چاخانە
مەحەللی ئیجتماعی وا هەتا ئێستا نەبوو لێرە
زەمانی غەدر و وەحشەت بوو تفوو لەو ڕۆژ و دەورانە
لە سایەی خواوە خورشیدی سەعادەت وا لە کەل دەرکەوت
بوخار و هەوری میحنەت ڕۆیی، زیایی میهری تابانە
دەوامی (بانگی یاری) بۆ ئەهالی فەرز و پێویستە
کە یاری و خزمەتی ئێرە لەسەر شانی هەموومانە
ئومێدم لای خودا وایە کە ئەشرافی هەموو هەولێر
لە بەرزیدا بژین تا سەر لەگەڵ ئەم قەومی کوردانە

هەولێر - ١٩٢٨

## هەوڵ و تێکۆشین

ڕۆژ و ئەرز و مانگ وا لە گەڕایە
تۆش تێ بکۆشە تا هێزت تیایە
ئینسانی ئیشکەر حەبیبی خوایە
بەکەم ڕازی بیت زۆر لە ڕێ دایە
سەری بێ ڕۆژی لەژێر خاکایە

***

کاکە دانیشتن ماڵ وێران ئەکا
بێ ئیشی ئینسان پەرێشان ئەکا
نەفرەت لە خۆی و لە ژیان ئەکا
نان و مافی تۆ هەر لە کارایە
سەری بێ ڕۆژی لەژێر خاکایە

***

مێروولە دەعبای بچووک و وردە
سەیری کە کە چەند بەدەست و بردە
دائیم خەریکە بەکۆش و کردە
پیاوی بێکارە وەک مردوو وایە
سەری بێ ڕۆژی لەژێر خاکایە

***

بەپێی فەرمودەی ئایەتی قورئان
لە سەعی زیاتر نییە بۆ ئینسان
هەوڵ و تێکۆشین فەرزە بۆ ژیان
نابێ مەیئوس بی تۆ لەم دنیایە
سەری بێ ڕۆژی لەژێر خاکایە

***



مەڵێ فەقیرم، کوفری نیعمەتە
لەشی ساغ بۆ تۆ موڵک و سەروەتە
پیاوی تەوەزەل لات و نەگبەتە
قۆڵی لێ هەڵکە بچۆرە کایە
سەری بێ ڕۆژی لەژێر خاکایە...

سلێمانی ١٩٣٩/١١/٣

## خوا کێو نەبینێ، بەفری تێ ناکا

بڵێم چی لەگەڵ چەرخی ئەفلاکا
سەیری کە چۆن چووین بەناخی خاکا
وا چاکە ئینسان لەم باسە ڕاکا
کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

***

ئەگەرچی ئێمە قەومێکی زۆرین
بەڵام داخەکەم چەوت و خۆخۆرین
بۆیە وا لەژێر چەپۆک و زۆرین
کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

***

بۆ کوشتنی یەک گورج و بەکارین
ڕۆژێ دەسمان بێ بڵێ و زۆردارین
لە پێویستیدا وەک ژن هەژارین
کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

***

ئەزانی بۆچی وا کورد زەلیلە
بێ ناونیشان و هەمیشە دیلە
چونکە دوودڵ و خام و بەخیلە
کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

***



لەم عەسرە کەوا عەسری بیستەمە
هەموو میللەتێ خاوەنی حوکمە
هەر کوردی نەگبەت وا لەژێر غەمە
کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

***

مونەووەر زۆری هەر لەبەر نانی
وەتەن ئەفرۆشێ بەیەک تارانی
ئەخاتە ژێر پێ دین و ئیمانی
کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

***

ئەشرافمان هەموو بێ ڕۆح و سستن
دەخیلە پشتیان هیچ پێ نەبەستن
هەموو ناکۆک و پارە پەرستن
کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

***

قەومێ سەوییەی ئەگەر ئاوا بێ
مەحاڵە خاکی بەرز و ئاوا بێ
بۆ مردن باشە تەفر و تونا بێ
کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

***

ئەمڕۆ بەبێ شک لەناو عالەما
هیچ قەومێ وەک کورد وا بەجێ نەما
ناوی وا لەناو خانەی عەدەما
کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

***

ئێمەی کوژراوی دەستی نیفاقین
موحتاجی پارە و عیلم و ئەخلاقین
بۆیە وا پەستین، بێ ئیتتیفاقین
کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

سلێمانی ١٦/١١/١٩٣٩



## نەسرین

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە
گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە
وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

***

ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە
عالەم شەو و ڕۆژ وا لە فرمانە
فەرقی نێر و مێ نییە بیزانە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

***

مەڵێ من کچم، تۆش وەکوو منی
موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبووری ئیش و خزمەت کردنی
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

***

هێندە دانیشتی پشتت چەماوە
زەرد و لاواز بویت هێزت نەماوە
کچی بێگانەت خۆ لەبەرچاوە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

***

خشڵ و جوانیی تۆ حەیا و فێربوونە
پاشەڕۆژیشت هەر بەوان ڕوونە
کچی بێ عیلم دیل و زەبوونە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

***

وەک خوشک و برا ئەبێ هەردووکمان
قۆڵی لێ هەڵکەین بچینە مەیدان
تا کورد بەرینە ڕیزی میللەتان
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

سلێمانی ١٩٤٤



## فیز و لەخۆ بایی بوون

عومرێکی تووڕەهاتە
بێ کەڵک و بێ سەباتە
ئاخری قەبری تەنگە
ئەوی کە لۆرت و لاتە

***

دنیایەکی بەڵایە
پڕ دەرد و پڕ جەفایە
هانایە پێوە بایی
مەبن، بەخوا خەتایە

***

نە موسای پێغەمبەر
دەوامی بوو هەتا سەر
نە دارا و نە ئەسکەندەر
نە تەخت و بەختی قەیسەر

***

خەوێکی کورت و تاڵە
بێ فائیدە و بەتاڵە
شریتی سینەمایە
کاکە هەروەک خەیاڵە

***

چەند خانەدان بەسەر چوو
چەند نازەنینی خۆش ڕوو
لەژێر ئەم خاکە بوونە
خۆراکی مار و مێروو

***

بۆ وا بەلار و لەنجە
ئەڕۆی بە نووکی پەنجە
تێ بفکرە لەژێر پێت
هەر گۆڕی پێیی گەنجە

***

زۆر عەیبە دەعیە لێدان
بەسەر ئێسقانی ئینسان
گەر ئەتوانی بەدەعیە
بفڕە بچۆرە ئاسمان...



## قومار

وا سلێمانی گشت ئینتیزامی
هاتە سەر باری (پۆکەر) و (ڕامی)
بڵاوبۆتەوە لەناو خاس و عام
(جۆکەر)یان کردە وێردی سوبح و شام
گەر بێ خەبەری لەم ئەحواڵانە
شەوێ بچۆرە ئەو چاخانانە
ئەوسا ئەبینی لە هەموو لایەک
هەر چەند کەسێکە و چۆتە پەنایەک
دەوری قاقەزیان داوە و دانیشتوون
بۆ وەسڵی جۆکەر شێت و شەیدا بوون
خەریکی یارین هۆشیان نەماوە
ملیان کووڕ بووە و پشتیان چەماوە
هەر تەق و هووڕ و هەرا هەرایە
سەیرێکی خۆشە وەک سینەمایە
بەڵێ درێغا ئەم قەومی کوردە
بۆ شتی بێ فەڕ بەدەست و بردە
نیفاق و درۆ و جاسووسی و قومار
تێیا ماهیرن وەکوو دانی مار

***

ئەمجا بابێینە سەر یاریکەران
هەر دەستە بەجیا بۆت ئەکەم بەیان
تاقمی مەئموور سدارە بەسەر
لێی تێکەڵاوبوون وەک چێشتی سواڵکەر
یەکێ مودیرە، یەکێ موحاسیب
یەکێ موعەللیم، یەکێ باش کاتیب
ئامیر لەوێدا وەکوو مەئموورە
کۆڕیان گەرم ئەبێ بەوێنەی کوورە

له ئەوەڵی مانگ تا پێنج و شەشی
لەسەر پارەی زۆر ئەکرێ دوو بەشی
بەڵام کە وەختێ مانگ هەشت و نۆ بێ
کیسەی چۆڵ ئەبێ هەر خۆی بەخۆی بێ
پارە قەرز ئەکا دائیم لەم و لەو
لەبەر قەرزاری هیچ نانوێ بەشەو
گیرفانی سووک و پاک و تەمیزە
قەرزار و موفلیس پەست و سەرحیزە
ئەمە کردەوەی لاوەکانمانە
کەوا کوردستان چاوی لەوانە

***

تاقمێکی تر ئەویش توجارە
یاخود کەسەبە و ئەهلی بازارە
بە ڕۆژ هەوڵ ئەدەن بەو حاڵە پیسە
بە هەزار حاڵ و سوێند و دەسیسە
دەستی خەڵک ئەبڕن شتێ ئەفرۆشن
شەویش بۆ یاری وەها بەجۆشن

***

لێکی بەرەوە چاکی بزانە
ئەمە ئەحواڵی موجتەمەعمانە
من مەنعی یاری ناکەم بەکوللی
با بکرێ ئەمما بەموعتەدیلی
ئێمە قەومێکین وا لەژێر بارین
حەیفە ئەوەندە خەریکی یارین
با جارێ خۆمان دەرکەین لە زیللەت
ئەوسا دەست دەینە قومار و عوشرەت

سلێمانی



## ئاواتی دڵ

دڵ کە زۆر مەسرووره ئەمرۆ، ئارەزووی ئیزهار ئەکا
حەز لە فنجانی شەرابی دەست و پەنجەی یار ئەکا
دڵ گەشە، وەک گوڵ وەهایە، دەرد و ئازاری نەما
تالیبی وێسکی و شەرابە، حەز لە عوود و تار ئەکا
دڵ نەجاتی بوو لە تەنگی کەوتە بەزم و ڕەزمەوە
عاشقی سەیر و سەفایە، مەیلی ناو گوڵزار ئەکا
دڵ ئەوەندە مەست و کەیلە، شێتە هیچ هۆشی نییە
وا لە ڕەقسایە خەریکە عالەمێ بێزار ئەکا
دڵ بەنەشئە و بەزمی میللییەت شوکر بووژایەوە
شاییە، سەیرانە، بەزمە، پڕ بەدەم هاوار ئەکا
دڵ بەئاواتی گەیشت و لاوی کوردی دی کەوا
یەک دڵ و یەک دەم خەریکە میللەتی هۆشیار ئەکا
دڵ لە کینە خاڵییە، بێ گەردە، سافە وەک بلوور
سەد تف و لەعنەت لە چارەی خائینی سەگسار ئەکا
دڵ ئەڵێ (بێکەس) هەتاکەی لافی میللییەت بە دەم
هەوڵ و تێکۆشینە تەنها قەومی کورد ڕزگار ئەکا
گەر بەڕاستی بێنە پێشێ، دەس لە دەست یەک کەن هەموو
کێیە ئەوسایە حوقووقی قەومی کورد ئینکار ئەکا؟!
یەکتریتان خۆش بوێ تا نەگبەتی بەرتان بدا
دوو دڵی ئەم قەومە دیل و سووک و بەد ڕەفتار ئەکا...

## شێخەکان

شێخ کە دەف لێ دەن وەکوو (        ) لە زیکرا هەڵپەڕێ
حەقیەتی دەروێشی مسکین نا عیلاجی گەر هەڵتڕێ
شێخ لەبەر چاوی مریدا خۆی بەجیبریل دائەنێ
(بالتبع) هەر شەخسی جاهیل زوو بە زوو بۆی دێتە ڕێ
شێخ لەبەر تەئمینی قووتی ڕێی حەقیقەت لا ئەدا
............... دنیای چ باسە، یاخۆ دینی وەرگرێ
کەی خودا فەرمووی کە وەک گا بۆڕەبۆڕ دەست پێ بکەی
ورگی خۆت ڕووت کەی بەشمشێر لێی بدەی تا هەڵدڕێ
صەد ئەسەف بۆ دینی ئیسلام چەند پەرێشان بوو لە دەس
شێخ و دەروێش و مەلای... خوایە ئەمسالیان بڕێ



## ئەی مەلا

ئەی مەلا دیارە خەریکی فیتنەیەک بەرپا ئەکەی
دەوری پاپا و عەسری ئیرهاب لێرەدا ئیحیا ئەکەی
تۆ کە هیچ کەڵکت نەبێ غەیرەز سووالّ و تەمبەڵی
ئێستە وا هاربووی لەبەرچی پێم بڵێ بۆ وا ئەکەی؟!
تۆ لە باتیی وەعز و ئیرشاد و نەسیحەت کەی، کەچی
بوویتە شەیتانی عەوام و جاهیلان ئیغوا ئەکەی
گا بەنووسینی مەزابیت، گەه بە تەحریکاتی خەڵک
بۆ ڕەزای شەخسێ هەزاران ئیشی بێ مەعنا ئەکەی
ئالەتی دەستت، کە کز بووی، دینە تەنها بۆ سووالّ
ڕۆژی دەست دارییش سیلاحتە و خەڵقی پێ ئیمحا ئەکەی
نووری ئازادی جیهانی گرتەوە، وا تازە تۆ
مەحکەمەی تەفتیشی نەگبەت سەر لە نوێ ئینشا ئەکەی
واز لە عالەم بێنە، دانیشە، بەرۆکمان بەر بدە
مەلعەنەت بەسیە هەتا کەی خۆت وەها ڕیسوا ئەکەی
من ئەزانم تۆ بەفیتی کێیە کەوتوویتە سەما
سەگ کە هار بوو چل شەوی عومرە ئەگەر بڕوا ئەکەی

## ئاخ مەلا

هەردوو گوێم پڕ بوو لە باسی وەعز و سەرفیترە و زەکات
هەر هەواڵی حەشر و نەشرم پێ ئەڵێی تاکو مەمات
بەسیە لەم مەوزووعە لادە فێری نوێژ بوو کائینات
خوتبەیێکی ئیجتیماعیم پێ بڵێ بۆ ڕێی حەیات
ئەی مەلا تۆ بی خوا دا لەم فیکرە کۆنە لابدە
فەننی تازەم پێ نیشان دە بۆ تەرەقی و ڕێی نەجات

***

(أطلبوا العلم ولو بالصين) گەر تێ بگەی تەمام
قەتعیيەن تەحسیلی فەن و مەعریفەت ناکەی حەرام
فائیدەی چی (قام زید)، کەڵکی چی دێ؟ پەشمەلام
عالەمت کەر کرد مەلا خوا لێت بسێنێ ئینتیقام
ئەی مەلا تۆ بی خودا لەم فیکرە کۆنە لابدە
تۆی بەڕاستی مانیعی بەرزی و تەرەقی و ئینتزام

***

چاوم لە دەقنە و نانی ڕاتوومەبرە دائیم مل قەوی
خوا بەلات لێدا هەتاکەی وا لە خۆراک و خەوی
تەمبەڵی، مردووت مرێ بەسیە لەکن خۆت پێشڕەوی
هەستە تەشویقێ بکە بۆ ئیشی دینی و دونیەوی
ئەی مەلا تۆ بی خودا لەم فیکرە کۆنە لابدە
واسیتەی تۆیە کە دینی بەرزی ئیسلام بوو نەوی

***



هەر کەسێ هەستا و بەساختە مێزەری نایە سەری
عالمە و مەسموعە قەولی گەرچی کەر بێ و سەرسەری
حاسڵی خەڵقی ئەبێتە نۆکەر و عەبد و کەری
ماڵی ئیسلامی بە قوڕ گرت و لە دین کردی بەری
ئەی مەلا تۆ بی خودا لەم فیکرە کۆنە لابدە
خائینی گەر وا دەوام کەی، ڕوو سیاهی مەحشەری

***

ئەورووپا پاپای تەمێ کرد، دەستی دایە عیلم و فەن
بێ تەلە و کەشتی دروست کرد، دائیمی هەر هەوڵ ئەدەن
قەومی ئیسلامیش مەلا گەر بێت و زوو ئیسلاح نەکەن
دائیمەن مەحکوومی جەهلن سووک و ڕیسوا و ناپەسەن
ئەی مەلا تۆ بی خودا لەم فیکرە کۆنە لابدە
باسی قەبر و مار بگۆڕە، بێرە سەر باسی وەتەن

***

خوایە یەک (لووتەر) بنێری بۆ گەلی کوردی فەقیر
با نەجاتی دا لەژێر دەستی مەلا و شێخان و پیر
ئەم شەوی دەیجوورە تاکەی؟ دەرکەوێ ڕۆژی مونیر
(عارەبیش) وابوونە حاکم، ئێمە هەر دیل و ئەسیر
ئەی مەلا تۆ بی خودا لەم فیکرە کۆنە لابدە
باسی باوەڕ کە نەماوە باسی فیردەوس و سەعیر

سلێمانی

## مەلا و شێخەکان

لای مەلا وایە کە جەننەت تەکیە و لات خانەیە
جێی موردید و شێخ و سۆفی، مەلجەئی دێوانەیە
غەیری ئەم قیسمانە باقی کافری بتخانەیە
موختەریع، عالم، مونەووەر پەشمە لای، ئەفسانەیە

***

شێخ ئەگەر صەد کەس بەخەنجەر لەت بکا بەئسی نییە
(   ) بکا ، تالآن بکا ، کوشتار بکا ، ترسی نییە
چونکە ئەولادی رەسوولە قەتعییەن پرسی نییە
خائین و بێ دین لەکن ئەو عاشقی پەیمانەیە

***

مامە سۆفی وای تەمایە هەر بەریشی پانەوە
قەسری بۆ حازر کرابێ پڕ بە حۆری جوانەوە
ئەو ئەڵێ جەننەت بەریشە ، نەک بەهۆی عیرفانەوە

***

صەد (صلاح الدين) و (دارا) قیمەتی یەک ئانەیە
گەر بەهەشت هەر بێتە جێگەی جاهیل و شێت و کەران
دۆزەخیش مەخسووسی پیاوی فازیل و ساحێب نیشان
خوایە بمخەیتە جەهەننەم نەچمە ریزی وەحشییان
جەننەتی چی گەر وەها بێ عەینی تیمارخانەیە

***

چاوەکەم بەخوا خەیاڵتان خاوە چاکی تێ بگەن
خوا یەکێکی خۆش ئەوێ دانابێ ساحێب فیکر و فەن
ئیستفادەی بۆ بەشەر بێ، خادیمی موڵک و وەتەن
های هوویی بێ سەمەر هەر کردەوەی شێتانەیە



## باسی ڕەمەزان

خەڵقە پێم بڵێن کە چی قەوماوە
ئەم خەڵقە بۆچی ئەرۆن ڕۆژاوە؟
هەر غەڵبە غەڵبی خەڵکە و تێ ناگەم
هەر ئەڵێن هەورە و فەرقی پێ ناکەم
یەکێ هات وتی چۆن تۆ نازانی
لە سایەی خواوە خۆ موسوڵمانی
ئەمڕۆ سی و یەکە وا ڕەمەزانە
مانگێکی گەورەی موسوڵمانانە
ئەم خەڵقە بۆیە گردن لێرانە
بزانن دیارە مانگ یا پەنهانە
خۆم پێ نەگیرا زوبانم نەسرەوت
وتم ئەی هاورێ ئەوا ناوکم کەوت
خوا بتان گرێ بۆ چ منتان تۆقان
بۆچ لەم کاتەدا لێم بوون بەشەیتان
حاسڵی لێم دا چوومە ماڵەوە
بەدڵێکی زۆر پڕ خەیاڵەوە
هێندەی پێ نەچوو زرمەی تۆپ هەڵسا
عالەم لە دەنگ و ناڵەی ئەترسا
هەرا پەیابوو لەناو خاس و عالەم
ڕێ بەر نەئەکەوت لەبەر ئیزدحام
خوایە کەرەمت هەر بۆ من غەمە
سەد شوکر خوایە من ڕازیم بەمە
خۆ داخی ڕۆژوو هێندە گرانە
لەسەر دڵی من ئەڵێی باتمانە

تۆشی گون ڕەشی خۆم ئەوا هاتم
نازانم چی بکەم، کوا ڕێی نەجاتم
بەڕۆژ بەڕۆژوو گێژ و بێ هۆشم
لاکەی سەرم دێ چەشنی سەرخۆشم
ئەوقاتم لەبەر بێ هێزی وەک تر
دەڕوات و کەوتووم وەک ئێشکی کەر
دەی چاوەڕوان بە تا وەختی ئیفتار
سەیری سەعات کە و بکە ئینتیزار
کاتێ ئەزانی تۆپ ئاگر درا
ناوساجی و شفتە و ماستاو دانرا
بەڵام پێم بڵێن هەی داد و بێداد
بۆچی پێم ناخورێ لە دوو پاروو زیاد
خۆ لە پێش تۆپدا من لە دڵی خۆم
ئەموت قەت مومکین نییە تێر بخۆم
کەچی کەوەختێ هاتمە سەر سینی
ئەوە خواردنمە کە ئەبینی
لە دوای نان خواردن نۆرەی گەڕانە
یان چاخانەیە یان دیوەخانە
چاخانەش هەروەک حەمامی ژنان
دەنگ و قیڕەیان ئەگاتە ئاسمان
لە شەق و هووڕی دۆمینە و قومار
ئینسان لە ژینی خۆی ئەبێ بێزار
ئەمجا بام سەرێ لە دیوەخان دەین
بزانین چییە و هەواڵ تێ بگەین
ئەگەر هەواڵی ئەوێیش ئەپرسی
هیچ نییە غەیرەز باسی مەبعووسی



یەکێکیان ئەڵێ فلان کەس باشە
ئەوی تر ئەڵێ ئەحمەق و جاشە
کۆمەڵێکی زۆر بێ زەوق و سروور
دایم هەرایە پڕ لە گرم و هووڕ
ئەوا بەم حاڵە شەویشمان ڕابوورد
چوینە ماڵەوە پارشێویشمان کرد
هیچی تر نەما جا نۆرەی خەوە
بەسەر خواردندا وەرە پاڵ کەوە
کە نیوەڕۆ بوو عالەم هەستاوە
دەم وشک و بۆگەن چاویان ئاوساوە
دەروونیان گەرمە هەروەک ئاگرن
دایم بۆ شەڕ و هەرا حازرن
لە جێی ڕۆژباش و قسەی پیاوانە
هەر شەڕەجوێنە لەیەک هەڵدانە
ئەمە تەعریفی مام ڕەمەزانە
لەبەری بکە و چاکی بزانە!...
یا ڕەب بە دوورمان بکەی لە ئافات
لادەی لە سەرمان دەرد و مجافات

## مەرھەم و دەرمانی

بێکەس، ئەم چوار خشتەکییەی لە
ساڵی ١٩٢١دا خوێندەوە لە مەکتەبی
زانستی، سلێمانی.

مەرھەم و دەرمانی دەردی ئێمە تەنھا مەکتەبە
فرسەتە ھەستن لە خەو ئیتر چ وەختی نووستنە
با چرای «زانستی» ھەڵکەین و لە زوڵمەت دەربچین
زۆر بەجێ ماوین لە خەڵکی عەیبە، عارە، مردنە



## یانەی سەرکەوتن

یا خوا ھەر بژی، یانەی سەرکەوتن
ڕەھبەری عیلم و ڕێگەی پێشکەوتن
تۆ مایەی فەخری قەومی کوردانی
باعیسی ڕوتبە و ناو و نیشانی
دافیعی جەھل و زوڵم و وەحشەتی
ئەلەکتریکی شەوی زوڵمەتی
قیبلەی ئومێدی ھەموو کوردێکی
زیارەتگاھی ھەموو فەردێکی
میللەت بەتۆوە بەرز و مەسعودە
لەناو عالەما ناوی مەوجودە
ئەوی میللەتی لا خۆشەویستە
خزمەتی تۆی لا، فەرز و پێویستە!!
ئەبێ وەک برا دەست بدەینە دەس
یاری یانە بدەین تا ئاخیر نەفەس
تاکو ناوی کورد بێتە پێشەوە،
وەک شێر بێتە دەر لەناو بێشەوە!

## ئەلەكتریكی سلێمانی[١]

لە تاریکی نەجاتی بوو سـولەیمانی تەماشاکە
جلووسە بەزمە سەیرانە شەوی وەک ڕۆژی ڕووناکە

تریفەی کارەبا ئێستا لەناو حەوز و درەختا وەک
تریفەی مانگ و ئەستێرە شەوانی سایەقەی پاکە

لەسەر تاسلووجەوە سەیری نزارەی ئەم چراخانە
بکە، بێ شک ئەڵێی پاریسە موکەمەل شارە ئێستاکە

لە زوڵم و وەحشیەتی زوڵمەت ئەوا ڕزگار بوو خەڵقی
سوپاهی نووری عادیل وا هجوومی کردە ئەم خاکە

وەکو کوڵان و سەرجادە و کون و قوژبن منەوەر بوو
دەماغ و فیکر و مێشکمان وەها تەنویر بکەین چاکە

حەکیمی زەخمی ئەم کوردە بگاتە عیلم و عیرفانی
لەژێر باری غەم و وەحشیەت چەماوە پشتی هیلاکە

بەعیلم و یەک دڵی ئەوسا ئەگەینە ڕوتبە و پایە
بەتەنها میللەتی یەک دڵ لە دنیا حوڕ و بێ باکە

نیفاق و کینە دەرحەق یەک هەتاکەی بەسیە وا مردین
خوایە تەفر و تونا بێ ئەوی دڵ پیس و ناپاکە!!

(١) ئەم هۆنراوەیە لە ساڵی ١٩٣٠دا بەبۆنەی دامەزراندنی مەکینەی کارەبا لە شاری سلێمانی دانراوە.



## ئەی هاوار لە دەست دختۆری خراپ

ئەمان حکومەت هاوار بەماڵمان
ڕەحمێ بکە بە ماڵ و مناڵمان!

تووشی دختۆرێکی واتان کردوین
هەمووماني کوشت لە دەردا مردین

ئەگەر زوو بەزوو عیلاجمان نەکەن
ئەم دختۆرەمان زوو لە کوڵ نەخەن

لێتان مەعلووم بێ خەڵقی ئەم شارە
چارە و نەجاتیان هەر بەفیرارە!

هێند دختۆرێکی بەبێ ویجدانە
حاصڵی عالەم لێی هەراسانە!

نەخێر سەهووم کرد حەمدی هەر چاکە
دختۆرێکی زۆر ماهیر و تاکە!

فائیدەی زۆرە بۆ سلێمانی
بەهۆی خزمەت و کردەوەی جوانی

بەڵام بۆ ئەوەی سائیر لیواکان
لێی موستەفید بن وەک ئێمە و مانان

لوتفەن تەحویلی بکەن لێرانە
ئێمەی لێی تێر بووین نۆرەی ئەوانە!!

١٩٢٨

## وەسفی حاڵ - بۆ پیرەمێرد -

خاڵە حاجی با وەکو من موفلیس و بێ پارە بێ
بێ جەلال و بێ جەمیل و بێ کەس و دڵ پارە بێ
دائیما مەحکوومی قەهر و میحنەتی و بێ چارە بێ
شانی خواری هەڵتەکێنێ و باسی میللیەت بکا
با لە شارێکی بەسیتی وەک سلێمانی نەبێ
با لەخاکی وا ئەسیر و جاهیلستانی نەبێ
با لە سایەی جرت و فرتی خوشکەزاکانی نەبێ
شانی خواری هەڵتەکێنێ و باسی میللیەت بکا



## پاشەکەوت کردن

دەردی موفلیس ئەی ڕەفیقان زۆر گران و زەحمەتە
عاجیز و دائیم لە دنیا غەرقی دەریای میحنەتە!

حورمەت و قەدر و ڕەواجی زەڕەیەک لای کەس نییە
سەرکز و ڕووڕەش هەمیشە نەگبەت و بێ هەیبەتە

گەر لە عیلما فەیلەسووف بێ ناو و نیشانی نییە
گەر لە ئەصلا پادشا بێ ناوی هەر بێ قیمەتە

یا وەکو شێر بێ جەسوور بێ لای هەموو کەس ڕێویە
یا لە حیکمەتدا وەکو لوقمان بێ ژینی زیللەتە

هەر کەسێ ماڵی صەرف کرد لافی گەورەش لێ بدا
حاڵی ئەو بێ شک ڕەزیلە و عەیش و نۆشی حەسرەتە

مەقصەد و غایەم لەمەشدا موختەسەر هەر عەرزت ئەکەم
پێ لە لێفەی خۆت زیاتر ڕابکێشی نەگبەتە!!

پاشەکەوت کردن لە دنیا بۆ هەموو کەس لازمە،
پەندی «بێکەس» بگرە تاکو تووش نەبی بەم حاڵەتە!!

# هەستی دەروون

## بەشارەت بێ لە قەومی کورد

بەشارەت بێ لە قەومی کورد فەلاکەت شوێنی مەفقوودە
لە سایەی خواوە ئەمڕۆژە خەلایق جوملە مەسعودە
چرای ئاسایشی هەڵکرد، حکوومەت حوکمی مەحدوودە
ئیلاهی سەد شوکر ڕۆژێکی چەند پیرۆز و مەحموودە
عەدالەت، ئەمنیەت، ڕاحەت سەراسەر ئێستە مەوجوودە

***

زەمانێ بوو لەژێر باری مەسیبەتدا ئەمان نالآن
بەدایم گوێچکەمان پڕ بوو لە باسی کوشتن و تالآن
لە سایەی فەزڵی موتەسەڕیف بەسەر چوو ڕۆژی شوومیمان
ئیلاهی سەد شوکر ڕۆژێکی چەند پیرۆز و مەحموودە
عەدالەت، ئەمنیەت، ڕاحەت سەراسەر ئێستە مەوجوودە

***

کە زاتی پاکی موتەسەڕیف تەعین بوو بۆ سولەیمانی
نەما لەو ڕۆژەوە ئیتر نیفاق و جەهل و نادانی
مونەووەر بوو هەموو لایەک بەنووری عیلم و عیرفانی
ئیلاهی سەد شوکر ڕۆژێکی چەند پیرۆز و مەحموودە
عەدالەت، ئەمنیەت، ڕاحەت سەراسەر ئێستە مەوجوودە

***

سەعادەت بوو بە بەرگێک و کرایە بەر هەموو فەردێ
نەما ئەخباری ناخۆشی، لە دڵ دەرچوو هەموو دەردێ
دوعا گۆی زاتی عالیتانە ئێستاکە هەموو کوردێ
ئیلاهی سەد شوکر ڕۆژێکی چەند پیرۆز و مەحموودە
عەدالەت، ئەمنیەت، ڕاحەت سەراسەر ئێستە مەوجوودە

***



عەجایب بەهرەیەک بوو خوا کەدای بەم قەومی کوردانە
شەوی دەیجووری لێ لاچوو، جەهالەت وا لە فەوتانە
ئەگەر چی نووستووین هەڵسایین، وەتەنمان ڕوو لە عیمرانە
ئیلاهی سەد شوکر ڕۆژێکی چەند پیرۆز و مەحموودە
عەدالەت، ئەمنیەت، ڕاحەت سەراسەر ئێستە مەوجوودە

ئەیلولی ١٩٢٧

## ساقی لە پەردە دەرهات

«پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی سالم»

گەرد و گوڵی بەیان بوو سەبا کیتابی هێنا
لەو یارە نازدارەوە ڕاز و عیتابی هێنا
لە خۆشیا کە قاسید هات و جەوابی هێنا
«ساقی لەپەردە دەرهات جامی شەرابی هێنا
دڵ خیرە ما لە حیرەت مەه ئافتابی هێنا»

***

بیستومە ئیمڕۆ دولبەر تەشریفی چۆتە سەیران
هەستام و چوومە سەحرا منیش بەیادی جاران
هۆشم نەما کە بینم لۆمەم مەکەن ڕەفیقان
«یەک زەڕە عەکسی پرتە و دەرکەوت و تووری سووتان
ئایینە سەخت ڕووبوو لەو عەکسە تابی هێنا»

***

واقەوم و خۆیش تەبیبیان هێنا و هاتن بەدەستە
دەستێکی دا لە دەستم فەرمووی کە چیتە هەستە
وتم دەرمانی دەردم لای تۆ نییە مەوەستە
تیماری چاکی سینەم ڕاجیع بەچاوی مەستە
«بەختیش موافیقی عەشق بۆ من خرابی هێنا»

***

لە کۆڕی بەزم و ڕەزما، لە حاڵەتێکی مەستا
دانیشتبووم لەناکاو عوود و کەمانە وەستا
لە حیرەتا سەراپا مەجلیس عوموومی هەستا
«یارم لە ئەندەروون هات دەستی ڕەقیب لە دەستا
غەمناک و شادمانم، ڕەحمەت عەزابی هێنا»

***



دەستم لە بادە هەڵگرت ساز و نەیم فڕێ دا
ترسی قیامەتم بوو ڕوو ڕەش نەبم لەوێدا
بەرماڵم گرتە کۆڵ و توند لە ملم گرێ دا
«بۆ تۆبە سوویی مەجلیس هاتم بچم، لە ڕێدا
بۆ کۆیی مەی فرۆشان قیسمەت شیتابی هێنا»

***

جەمالی تۆیە فکری بەئێمە بەخشی نەشمیل
دڵ بەندی تۆم و دائیم غەمبار و پەستم و دیل
مەحروومی دیدەنیتم دووچاری عیللەتی سیل
«ڕوو هەر لە من ئەپۆشی و، حاڵی یەکە جیبریل
هەر خاسە بۆ من و ئەو ئایەی حیجابی هێنا»

***

بەئاخ و داخی تۆوە شەو تا سەحەر ئەدەم تل
نەختێ لە خوا بترسە ئەی چاو ڕەشەی شل و مل
ئۆباڵی من بەئەستۆت بەسیە نەما تەحەمول
«وەی وەی چ مەجلیسێ بوو، بەه بەه لە دیدە و دڵ
دولبەر شەرابی گێڕا، سالم کەبابی هێنا»

سلێمانی ١٩٣٢

## خەیاڵی ژێر لێفە

عیلم و نەزانین بخەرە لاوە
هەر پشتت ببێ کارت تەواوە
خزم و خوێش قسەی پیرێژنانە
ڕەفیقی دڵسۆز ئێستە جزدانە
ئافرەتی بێ وێل ئەزانی چۆنە
بەخوا هەر وەکو گوڵی بێ بۆنە
ئەوی بییەوێ عالەم مەمنوون کا
ئەبێ هەوڵ بدا خۆی بەمەیموون کا
داخی هەندێ کەس لە سینەمایە
ڕۆژی ڕەنگێکە وەک «سینەما»یە
قەت بەزەبر و زەنگ ئیش ناچێتە سەر
مار بە فیکەیەک لە کون دێتە دەر
جوانی بەمن چی کە نەفام دەرکەوت
مۆمێک چاترە لە چرای بێ نەوت
جوانێ لە پیرێ گەر مارە بکرێ
بێ شک زەربەیە لە ئەخلاق ئەدرێ
ئەمڕۆ دنیایە و سبەی مردنە
تێشووی هەردوو لا چاکە کردنە...

سلێمانی ١٩٣٢



## گۆڕان

بەدەسکارییەوە، لە شیعری شاعیری
ئینگلیز: ئی. ویلکۆکس وەرگیراوە

گۆڕاوم، وێنەی جاران نەماوم، بینایی چاوم
عەشقت لە دڵما دامردۆتەوە، بێ تین و تاوم
دیسان هەر مەستی بادەی پێشینم، گیانی شیرینم
چەپگەرد ناتوانێ لە دڵمی دەرکا یادی دێرینم
بەڵام خولیاکەی پێشووم نەماوە، هیوام بڕاوە
ژینم هەر وەکو درەختی بێ بەر وشک و بێ ئاوە
چی بکەم داخەکەم ئەو خولیایەی زوو لەسەرم دەرچوو
وێڵم بە دوویا نایدۆزمەوە، ڕۆیی لێم ون بوو
گیانە پێم بڵێ بۆچ وا ئەڕوانی، گۆیا نازانی
دڵیش ئەگۆڕێ، وەک خۆی نامێنێ تاسەی جارانی
تۆ نەختێ سەرنج بدەرە دنیا ، هەرچی کەوا تیا
باڵدار و گوڵ و ئەستێرە و دەریا ، درەخت و چیا
ئەمرێ، ئەوەرێ، کز و وشک ئەبێ، ئەگۆڕێ جیا جیا
نازار تۆش سەیری ئاوێنە بکەی ئەوسا تێ ئەگەی
خۆشت ئەگۆڕێی، هەروا نامێنی هەتاکو سبەی
منیش ئارەزووی ئەوسام نەماوە، عەشقم گۆڕاوە
دڵم هەروەکو گوڵی بێ باران سیس و ژاکاوە

مۆرتکەی بازیان – ١٩٣٥

## ساقی نامه

ساقی فیداتم... ساقی فیداتم
دڵ پەستە ، هەستە ساقی فیداتم
حەیرانی لەنجە و بەژن و باڵاتم
شەرابێ بابێ بۆ دڵەی ماتم
ڕەونەقێ، شەوقێ بابە حەیاتم
لە دەستی پەستی بدا نەجاتم
شەرابێ وابێ عومری نوحی بێ
سەفا بەخشی دڵ نەشئەی ڕۆحی بێ
کۆن و موسەففا ، لابەری جەفا
بەزم و ڕابیتەی یارانی وەفا
شەرابێکی وا بەتەنها جامێ
تەکامول بکا خامێ، نەفامێ
قەدەح پەیاپەی پڕکە لێواو لێو
بێنیە و مەترسە لە تەعنە و جنێو

***

ساقی فرسەتە... ساقی فرسەتە...
دەخیل مەوەستە ساقی فرسەتە
وەختی خواردنەوە و کەیف و عوشرەتە
موغەننی سا تۆش ڕۆژی هیممەتە
دڵ زۆر گیرۆدەی دەنگ و نەغمەتە
توخوا قەتارێ دڵ بۆی لەت لەتە
بەناڵەی نەی و نەغمەی ئەرغەنوون
بەنەشئەی مەی و شەرابی گوڵ گوون
با لە دڵ دەرکەین سزایی گەردوون
ئاسوودە ساتێ دڵ ببێ مەجنوون

***



ساقی بەهارە... ساقی بەهارە
ساقی بڕوانە دنیا بەهارە
زەمین سەراپا گوڵ و گوڵزارە
چریکەی باز و نەغمەی هۆزارە
نەورۆز پەیدا بوو لە گردی یارە
تێ بکە لە چاوی ئەو عیشوەدارە
کوا فرسەتێکی هەروەک ئەمجارە
تێ بکە چ وەختی توانج و عارە

***

ساقی ئۆباڵی منت بەئەستۆ
دنیایە وەسیەت ئەکەم لەلای تۆ
کە مردم توخوا هەر بەمەی بمشۆ
بۆم مەکەن شین و گریان و ڕۆ ڕۆ
لە جێی یاسین و تەڵقین و شینم
بێن کۆرێ بگرن لە ژوور سەرینم
بەبەزم و ڕەزم و بەئاوازی خۆش
ئێسک و پرووسکم هەموو بێتە جۆش

تەویلە – ١٩٣٦

## شۆری بێکەس

دڵێ تەر نەبێ... دڵێ تەڕ نەبێ
دڵێ لە خۆیا دائیم تەڕ نەبێ...
سەرخۆشی بادەی ڕووی دولبەر نەبێ
بە جامی شەراب کەیل و مەستی کەی
خوایە ئەو دڵە دائیم پەستی کەی

***

دڵێ هێلانەی عەشقی یار نەبێ
بەتیری نازی بریندار نەبێ
کوشتەی دوو دیدەی پڕ خومار نەبێ
بەجامی شەراب نەشئەی پێ بدەی
خوایە ئەو دڵە دائیم پەستی کەی

***

دڵێ کە کانگای مەعریفەت نەبێ
سەرچاوەی عەشق و موحیببەت نەبێ
ڕەهبەری ڕێگەی حەقیقەت نەبێ
بەجامی شەراپ جیلوەی دەربخەی
خوایە ئەو دڵە دائیم پەستی کەی

***

دڵێ دووچاری خەفەت نەبووبێ
بەشمشێری عەشق لەت لەت نەبووبێ
پەروەردەی دەرد و میحنەت نەبووبێ
ئاواتی نەبێ غەیرەز مەی و نەی
خوایە ئەو دڵە دائیم پەستی کەی...

سلێمانی ١٩٣٧/٧/١٦



## نا ئومێدی...

«پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی کوردی»

لە دنیادا نییە وەک من بەعەشقی ئەو گروفتاریێ
سەر و ماڵم لە ڕێی دانا ، کەچی لوتفی نەبوو جارێ
سەفیل و دەربەدەر ڕۆژێ لە کووچە و قوژبنی شارێ
«ئەمان مردم عیلاجێ، سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ
ویسال یا قەتڵە یا تەکسین، لە هەر سێ بۆم بکەن کارێ»

***

تفوو لەم دەهرە پڕ قەهرە، لە خۆشی و سەروەت و بوونی
ئەوی دانایە بۆی نایە. سەفایە لای کەر و کوونی
لە داخی دەوری ناهەموار و پیشە و کردەوەی دوونی
«لە کونجی سینە دەنگی ئای و ئۆی دڵ دێ بەمەحزوونی
وێران بێ ئەم دی ساتێ لێی نەیێ ناڵەی برینداری»

***

هەموو کەس پێم ئەڵێ شێتی وەها خۆت مەحوو بەربا کرد
لە ڕێی ئەم خاکەدا فەوتای و صەد لەککەت کە پەیدا کرد
چ سوودێکی هەبوو بۆ تۆ ئەوەندەت جەنگ و دەعوا کرد
«ئەلای هەر کەس ئەچم مەنعم ئەکا خۆت بۆچی ڕیسوا کرد
دریغ کوا حاڵ زانێ، ڕەبیی تووشم بێنی بیماری»

***

لە کۆڕی عەشق و دڵداری هەتا زوو دەربچم چاکە
هەموو ڕەنجم بە فیرۆ چوو لەگەڵ ئەو شۆخە بێ باکە
ڕەزیل و سووک و ڕیسوا بووم وەرە حاڵم تەماشاکە
لەژێر باری غەما وا شانی سەبرم ڕێشە ئێستاکە
فیراقی یار لەبەر ئاخرشەڕی لێم بۆتە سەرباری

***

ئیلاهی بۆچ لە دونیادا بەشی من شین و گریان بێت
عەدەم لەم ژینە خۆشتر بوو عەریزەم خۆ نەدابوو پێت
هەمیشە وێڵ و سەرگەردان و بەسەودای عەشقەوە وەک شێت
«سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من ئەپرسن لێت
بڵێ کێشایە مەیخانە دوو چاوی بێچووە عەییارێ»

***

سەفا دوورە لە ئینسانی ئەدیب و عاشق و شاعیر
بەشی هەر دەرد و زووخاوە، دەروونی کەیلە پڕ ئاگر
چ دڵ سەختێکە تووشی بووم نەجاتم دەی خودای قادر
«لە نەزعا پێی ئەڵێم قوربان جەفا بەسیە... ئەڵێ کافر
ئەرێ چیت دیگە تۆ صەگ مەرگی کارم ماگە پێت جارێ»

***

برا کەوتوومە بەر لیسی زەمانە و چەرخی چەپ کردەی
بەناشوکری نەبێ ڕۆژێ نەبوو بۆخۆم بڵێم ئۆخەی
عیلاجی دەردی من نایە بەعوود و ڕوود و جامی مەی
«وەها سووتاوم ئەسڵەن تابی فریادم نەما سا دەی
ڕەفیقان نیوە سووتن ئێوە نامەرد عەرزە هاوارێ»

***

هەزاران ڕەحمەتت لێ بێ لە شیعرا چەند تەڕ و وردی
عەزیزم (مستەفا بەگ) تۆ نەمردووی، کێ ئەڵێ مردی
جوابی وایە (بێکەس) گەر بڵێن تەقدیری بۆچ کردی
«دوڕ و یاقووت ئەبارێ لەم کەلامە شیرنەی (کوردی)
دەسا خوا کوا لە دنیادا قەدرزان و خریدارێ»

سلێمانی ١٩٣٩/١١/٢٠



## زەحمەتە بێ مەی ژیانم

داخی قەرزاریی عەرەق خستوومیە فاک و فیکەوە
گا بەدەس جەرجیس و عەبدە و، گا بەدەس ئۆفیکەوە
هەر کە ڕۆژئاوا ئەبێ من بۆ عەرەق سمکۆڵ ئەکەم
وەک وڵاخێ بێتە وەختی کا و جۆ و ئالیکەوە
چنگ لەسەر شان بۆی ئەڕۆین خۆم و لەگەڵ چەند نەگبەتێ
بۆ پەنا ئاشێ بە مەززە و قاپی مل باریکەوە
جا بەچوار مەشقی لەسەر ئەرز دائەنیشین کۆمەڵێ
بەزمە ئێواران بەدەوری عارەقی مەستیکەوە
خۆشە سەرخۆشی ئەگەر تووشی ڕەفیقی تووش نەبی
ڕابوێری هەر بەگۆرانی و قسەی عەنتیکەوە
عارەق و پارە لە هەردوو گەر سەر و ڕوبعم هەبێ
چیمە ئیتر من بەسەر ئەڵمان و ڕووس و چیکەوە
هەقمە گەر ئارەق بخۆم توخوا ڕەفیق لۆمەم مەکەن
زەحمەتە بێ مەی ژیانم بەم دڵەی تاریکەوە

تشرینی دووەمی ١٩٣٩

## عارەق ئەخۆم

من عارەق ئەخۆم کە بێ کەدەر بم
کەمێ لە دنیای دوون بێ خەبەر بم
گەلێ سزام دی لە ڕووی عەقڵەوە
بادەی مەی بخۆم، بێ هۆش و کەر بم
عافێتی تۆ بێ بامێ و قوبووڵی
با من بەعارەق تووشی زەرەر بم
بەهەشت کە پڕ بێ لە وشکە سۆفی
ئاواتەخوازم کە لە سەقەر بم
نامەوێ بەرگی ڕیا و زاهیدی
ئەگەر بەو بەرگەش زۆر موعتەبەر بم
کورسیی مەیخانەم لەلا خۆشترە
لەوەی کە لەسەر تەختی قەیسەر بم
ساقی دەخیلە بمدەرێ جامێ
با لە عالەمی مادە بەدەر بم
ڕزگارم ببێ لە چەند و چۆنی
موددەتێ بۆخۆم بێ دەردی سەر بم

١٩٤٣

## بێزاری

لە حاڵم بۆیە بێزارم، تەماشاکەن کە چەند عەکسم
لە پەستیی بەختی ناپوخت و لە بەرزیی عیززەتی نەفسم
لە کوللییەی ژیانا من هەزاران تەجرەبەم دیوە
کەچی ئێستا کەوا تازە خەریکی مەکتەب و دەرسم
بەدووڕوویی و درۆ و ساختە گەلێ کەس پێ گەیی، ئەمما
منی (بێکەس) لەسەر ڕاستی بەدائیم گیرەوەی حەپسم
ئەوانەی دوێنێ گاڵتەم پێ ئەکردن ئێستە زۆر بەرزن
تفوو لەم بەختە سەرسەختە و لە ناوچەوانی وا نەحسم
زەمانی پیاوی جاسووسە، چ وەختی سیدق و نامووسە
لە هەر لا باسی ئەخلاق و وەفا بکرێ ئەبێ هەڵسم
ئەوەندە تەعقیبی حەقم کرد هەتا وا سووک و ڕیسوا بووم
هەزاران لەعنەتم بۆ دێ لە هەر شوێنێ کرا بەحسم
ڕەواجی کوانێ لای خەڵقی وتار و شیعری پڕ مەعنا
گەلێ کەس پێکەنینی دێ بەگوفتار و دەم و لەوسم

١٩٤٤

## شینی مستەفا مەزهەر

دەک فەلەک چەرخت شکێ گشت کردەوەت خونخوارییە
بۆچی تەبعت وا هەمیشە مائیلی غەددارییە
ڕۆژ نییە ئەم خەڵقە تووشی شین و واوەیلا نەکەی
شەو نییە عالەم ڕەحەت بێ، هەر لە گرییە و زارییە
شەربەتت زەهرە، ژیانت قەهرە، لوتفت هەر شەڕە
بەزم و ڕەزمت شیوەنە، کەیف و سەفات غەمبارییە
گەر بەدووچاوی عەقڵ سەیرت بکەین جا تێ ئەگەین
دڵ بەتۆ بەستن خەتایە و عیللەتی بێ عارییە
(مستەفا مەزهەر) کە دوێنێ ڕەهبەری ئەم خەڵکە بوو
کۆچی کرد داخی بەجەرگم کۆچەکەی ئێجگارییە
ئاخ چ دەردێکی گرانە بۆ گەلی کوردی هەژار
قەت بەدەم ناکرێ بەیانی هێندە سەختی و کارییە
هەر کەسێ ڕۆژێ ئەوی دیبێ دەروونی لەت لەتە
پەست و داماوە لە داخا، خوێن لە چاوی جارییە
ساڵی تەئریخی وەفاتی وا بەناوی هاتە دەر
(مستەفا مەزهەر) غەریقی ڕەحم و لوتفی بارییە

١٩٤٦



## شینی محەمەد ئەمین زەکی بەگ

لە کۆبوونەوەی مێژوونووسی کورد (محەمەد
ئەمین زەکی بەگ)دا خوێندوویەتیەوە ١٩٤٨

بەشی کورد ئەبێ دەرد و خەفەت بێ
ڕۆژی بەتیرێ جەرگی لەت لەت بێ
ئاسمانی بەختی لێڵ و تاریک بێ
ئەستێرەی کز و ڕوو لە مەینەت بێ

***

قەت نەبوو ڕۆژێ گەردشی دەوران
چەرخی هەڵسووڕێ بەکەیفی کوردان
ناشوکری نەبێ خۆشی لە ئێمە
دوورە بەغەیری شیوەن و گریان

***

بەڵێ زەمانەی چەرخی کەچ ڕەفتار
وا لێمان بۆتە دوژمنی خوێنخوار
دایم خەریکە و بۆ هەل ئەگەڕێ
زیانێ بدا لە کوردی هەژار

***

ورد سەرنج ئەدا کێ بەقیمەتە
کێ نەختێ خاوەن هەوڵ و هیممەتە
گورج ئەیفڕێنێ و لەناوی ئەبا
سەیری کە چەندە چەوت و نەگبەتە

***

جەنابی (ئەمین زەکی بەگ) کەوا
پیاوێ بوو بۆ کورد گەورە و پێشەوا
داخی بەجەرگم زوو لە دەسمان چوو
نازانم بڵێم چی لە هەق ئەوا؟

پیاوێ بوو هەتا بڵێن مونەووەر
خاوەنی عیلم و ئەخلاق و هونەر
عومری خۆی دانا لە ڕێی خزمەتا
پێویستە قەدری بگرینە سەر سەر

***

پیاوێک بوو بۆ کورد تەئریخی نووسی
لای نەدا لە ڕێ: مەوقیع و کورسی
زۆر فیداکار و میللەت پەرست بوو
هەواڵی قەومی بەدڵ ئەپرسی

***

پیاوێکی زانا و هێمن و بەبیر
ڕەوشتی بەرز و بەڕا و تەدبیر
ئاواتە خوازی بەرزیی وەتەن بوو
پشتیوانێ بوو بۆ لات و فەقیر

***

پیاوێ بوو نەما، زۆر تەواو پیاو بوو
خاوەن کردار و مەوقیع و ناو بوو
پیاوی وا نامرێ، دیارە ئەمێنێ
لەناو عالەما بەرز و ناسراو بوو

***

ئەی خاک دەخیلتم قەدری بزانە
ئازاری نەدەیت لەلات میوانە
تەئریخی کۆچی (ئەمین زەکی بەگ)
«میللەت مەحزوونە، زۆر پەرێشانە»



## دەردی دەروون

بێکەس:

دەمێکە، یاران، مات و خامۆشم
وێنەی تلیاک کێش مەست و بێ هۆشم
خۆم لە تەنقیدات دوور خستۆتەوە
هەواڵی دنیام لەبیر چۆتەوە
نازانم دنیا ڕۆژە یا شەوە
هەموو کارێکم خواردن و خەوە
لە دەنگ و باسی خەڵکی بێ خەبەر
وەک حەیوان ئەژیم، دوورم لە بەشەر
خەریکی چی بم غەیرەز خواردنەوە
باسی قومار و پارە بردنەوە
حەقمە، لێم گەڕێ تەعنەم لێ مەدە
حەقێکی ئەوتۆ لە صەدا صەدە
مردم ئەوەندە هەوڵ و چەنەم دا
هەرچێکم نووسی گشتی چوو بەبا
قەومێ کە دائیم هەر هەوڵ بدەن
بۆ ئەوەی یەکتر بەئەرزا بدەن
بایە لەلایان میللەت و وەتەن
هیوا ئەمێنێ ئەوەی دەنگ بکەن
غەیرەز نیفاق و بێ ئیتیفاقی
فەساد و فیتنە و ڕێی بێ ئەخلاقی
چیتر ئەزانین؟ وازم لێ بێنە
پەردەی ئەسرارم زۆر پێ مەدڕێنە
قسەم زۆر ماوە ڕەقە وەک بەردە
کاکە لێم گەڕێ، بەرۆکم بەردە...

پیاوێکی تر:

(بێکەس) من نەم وت تۆ وا وەستا بیت
لە باسی خەڵقا تا خۆت وەستا بیت
نەگبەت دامرکێ، چیتە لە میللەت
سەیری خۆت ئەکەی چۆن بووی بەعیبرەت
ڕەفیقت هەموو ساحێب مەعاشن
خاوەنی پارە و وەزیفەی باشن
مەڕوانە ئەوەی فلان جاسووسە
خائین و عادی زۆر بێ نامووسە
ئەمەت پێ ئەڵێم، ئەتۆش بینووسە
ئیمان و دین و شەرەف فلووسە!
عالەم خەریکی ڕوتبە و پارەیە
هەر تۆ بەتەنیا جەرگت پارەیە
ئەوەندە قسەت کرد نانی خۆت بڕی
ماڵت ویران بێ چەند ئاخر شەڕی
کێ گوێ ئەداتە شیعر و نەسیحەت؟
کێ پەسەند ئەکا قسەی بەقیمەت؟
ئەمڕۆ زەمانی ڕوپیە و ئانەیە
ئەمانە قسەی منالانەیە
کوا پیاوی دڵسۆز، کوا وەتەن پەروەر؟
کوا خاوەن غیرەت، کوانێ مونەووەر.
بەسیە، قسەی خۆت بۆ خەسار ئەکەی؟
عالەمێ لە خۆت بۆچ بێزار ئەکەی؟
دانیشە، ئیتر چیت لە کورد داوە؟
بۆچ خۆت ئەخەیتە ئەم گێژ و داوە؟
صەد ساڵ لەسەریەک تۆ ئیرشاد بکەی
خەڵک وا ئەزانێ زورنا لێ ئەدەی



من باکم نییە، هەر لەبەر تۆمە
قسەت کار ناکا، بەردی بن گۆمە

بێکەس:

بەڵێ فەرموودەی تۆ لەسەر چاوم
ڕاستە بۆیە من سووک و بەدناوم
دائیم دەربەدەر وا نان بڕاوم
چی بکەم، بڵێم چی، وەها خولقاوم
هەتا بمێنم قسەی حەق ئەکەم
جوێن بەئینسانی خائین هەر ئەدەم
گەرچی ڕاست وتن شەقی لە دوایە
خۆشە لەلای من، وەکو حەڵوایە
ئەوەی بەناحەق شتێ بنووسێ
پەنجەی هەڵوەرێ و چاوی بنووسێ
مەقسەدم تەنیا نەشری ئەخلاقە
بڕینی ڕەگی فیتنە و نیفاقە
ئەخلاق ڕەهبەری ڕێی پێشکەوتنە
پەیژەی تەرەققی و زوو سەرکەوتنە
دەلیلی ڕێگەی فەوز و نەجاتە
سەرمایەی فەخر و بوونی حەیاتە
قەومی بێ ئەخلاق پەست و زەلیلە
هەر بەشی شەقە و سەرکز و دیلە
ئەمە پەندێکە بۆ چاکیی ئێوە
نامەوێ هیچم دەست کەوێ لێوە

سلێمانی

## بەهاری سلێمانی

سەحرا ئەڵێی بەهەشتە
دڵ ئارەزووی لە دەشتە
حەزی لە سەیری گەشتە
کوژراوی چاوی گەشتە
گیرۆدەی خاڵی ڕەشتە
یارم شازادەی ڕەشتە

***

ڕۆژێکی بێ قوسوورە
دنیا باغ و قوسوورە
پڕ لە غیلمان و حوورە
خەفەت لە دڵ بەدوورە
گوێت لە نەغمەی تویوورە
وێنەی ساز و سەمتوورە

***

(پیر میکاییل) ببینە
دڵگیر و خۆش و شینە
هەروەک تاوس ڕەنگینە
جێی بەزم و هەڵپەڕینە
سەیران و پێکەنینە
پڕ ناز و نازەنینە

***

جێ هەر (قۆریە شکاو)ە
وێنەی خۆ نەبینراوە
مەشهوور و زۆر بەناوە
بڕوانی لە هەر لاوە



دەستەی کچان و لاوە
وەک چنار و لاولاوە

***

خۆشی لە (سەرچنار)ە
چیمەن و مێرغوزارە
هەواکەی میشکبارە
دار و بەردی خومارە
سەیران کەری هەزارە
جێی بولبول و هوزارە

***

چوار شەمموان هەرایە
ڕۆژی بەزم و سەفایە
ئازادی ئاشکرایە
ڕەش بەڵەک و سەمایە
بۆ دەردی دڵ دەوایە
کاشکی هەروا بووایە

***

خوایە هەموو بەهاران
بەخۆشیی خزم و یاران
بچینە بەزم و سەیران
ئێمەش هەروەکو شاران
بەنووری عیلم و عیرفان
ئاوا ببێ وەتەنمان



سلێمانی

## ئەی مانگ

ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین
هەردوو گرفتار یەک ئاهی سەردین
تۆ وێڵ و ڕەنگ زەرد بەئاسمانەوە
منیش دەربەدەر بەشارانەوە
دەخیلتم ئەی مانگ قیبلەی دڵداران
دەرمانی دەردی دڵەی بیماران
شەوێکە و ئەمشەو بگەرە فریام
بێ یار و هاودەم عاجز و تەنیام
دڵزار و بێزار پەست و غەمگینم
گیرۆدەی داوی یاری شیرینم
دڵبەندی عەشقی ئەو بەڵەک چاوەم
شێت و شەیدای ئەو ئەگریجە خاوەم
لەوساوە ئەوم کەوتۆتە خەیاڵ
گریانە پیشەم بوومە کۆی زوخاڵ
ئەی مانگ تۆ شوعلەی عەشقی پیرۆزی
تۆ نەشئە بەخشی دڵی بەسۆزی
من سوێندت ئەدەم بەعیشق و جوانی
بەنەسیمەکەی بەری بەیانی
بەسەرهاتی خۆت بۆ من بەیان کە
دەردی گرانم نەختێ ئاسان کە
دوچاری چی بووی وا پەشێواوی؟
لەبەرچی پەست و مات و داماوی؟
پێم بڵێ توخوا چەند جوانت دی؟
چەند جووتە یاری دەس لە ملانت دی؟
چەند کۆڕی بەزمی عاشقانت دی؟
چەند تەخت و بەخت و خان و مانت دی؟



چەند قەهرەمان و چەند سوڵتانت دی؟
چەند قەوم و میللەت، چەند شارانت دی؟
چەند شەڕ و شۆڕی بێ ئامانت دی؟
چەند بۆردومانی کوردستانت دی؟
چەند کفنی ئاڵی شەهیدانت دی؟
چەند بێ کەسانی پەرێشانت دی؟
چەند دەربەدەر و ماڵ وێرانت دی؟
چەند چاوی سووری پڕ گریانت دی؟
ئەی مانگ ئەوەندە سەیری دنیات کرد
سەیری نیفاق و زوڵم و ڕیات کرد
بۆیە بەم ڕەنگە کاری لێ کردی
ڕەنگ و شوعووری بەجارێ بردی

## لای لایەی (شێرکۆ)

ڕۆڵە، لای لایە... (شێرکۆ) لای لایە
شەوگار درەنگە بۆچ خەوت نایە؟
دنیا کش و مات لە هەموو لایە
هەرچی درەخت و دەشت و چیایە
وا لەژێر باڵی ڕەشی شەوایە
نە دەنگ، نە سروە هیچی لێ نایە
ڕۆڵە، لای لایە... (شێرکۆ) لای لایە
یا خوا شێرانە بێیتە ناوکایە...

***

بنوو بەخۆشی هەتا بەیانی
خەوی ژێر پەردەی پاکی یەزدانی
گریانی چیتە، تۆ چی ئەزانی؟
تۆ تازە خونچەی باخی ژیانی...
کۆرپەی نازدار و فریشتەی جوانی
ڕۆڵە، لای لایە... (شێرکۆ) لای لایە
یاخوا شێرانە بێیتە ناو کایە

***

پەپولەی سپی ناوباخی گوڵان
بنوو بەبێ ترس تا بەری بەیان
تۆم داوەتە دەس خودای نیگەهبان
ئێشک گری تۆن پەریی ئاسمان
هیوای دوارۆژی بۆ قەومی کوردان
ڕۆڵە، لای لایە... (شێرکۆ) لای لایە
یاخوا شێرانە بێیتە ناو کایە...

***



زەردەخەنەکەت پڕ نەشئە وەک مەی
گرِوگاڵەکەت خۆشتر لە صەد نەی
ئاواتەخوازم کە زوو پێ بگەی
بەشەرتێ کە من ڕەنجەڕۆ نەکەی
ڕۆڵە، لای لایە (شێرکۆ) لای لایە...
یاخوا شێرانە بێیتە ناو کایە...

***

ڕۆڵە وا من تۆم هێنایە بەرهەم
بەڕەنجی زۆر و بەشیری مەمەم
بەشەونوخونی و، ناخۆشی و ستەم
ئەوەندە لە خوا تەمەننا ئەکەم:
وەتەن ڕزگارکەی لە ژێر باری غەم
ڕۆڵە، لای لایە (شێرکۆ) لای لایە
یاخوا شێرانە بێیتە ناو کایە...

## ئەستێرە گەشە

ئەستێرە گەشەی بەحەواوە
سەرم وا لەتۆ سوورماوە
هەر سەیرت ئەکەم تێ ناگەم
کێ تۆی لەو جێیە داناوە؟

***

بەشەو کە دێمە سەربانی
سەیرت ئەکەم لە ئاسمانی
لەناو فەزای شین و جوانی
جریوەت دێ تا بەیانی

***

بۆیە وا شاد و مەسرووری
سەربەست و بەرز و ڕووسووری
دائیم دڵ ڕوون و پڕ نووری
چونکە لەم دنیایە دووری

***

خۆزگەم ئەمەیە ئێستە تۆ
بهاتیتایە گفت و گۆ
شەرحت بکردایە لەبۆ
منی هەژاری دەس خەڕۆ

***

بەردی، درەختی، یا بەشەر؟
ئەڵماسی، زیوی، یا گەوهەر؟
گێڕەوەی تۆم و پڕکەدەر
پێم بڵێ زوو بەموختەسەر

***



جوابی دامەوە کەوا
کورەیەکم لەناو فەزا
بەئەمر و قودرەتی خودا
ڕاوەستاوم لە ڕووی سەما

سلێمانی

## چ خۆشە!

چ خۆشە دەستەیەک دڵسۆز و یاران
ڕەفیقی یەکتری بێ غەرزکاران
بەتاقم پێکەوە فەسڵی بەهاران
بچینە بەزم و ڕەزم و کەیف و سەیران
لەسەر ئاوێ بەکۆمەڵ دابنیشین
بەنەشئەی بەستەوە بادە بنۆشین

***

بەیاری و پێکەنین و شەوق و سوحبەت
بەسەیری مەنزەرە و سیحری تەبیعەت
بە زیکری سانیع و تەقدیسی خیلقەت
لە دڵ دەرکەین بوخاری دەرد و میحنەت
لە گوڵزارا بەئاهەنگ دابنیشین
بەرامبەر دەشت و شاخی سەوز و ڕەنگین

***

لە بیرت غائیلەی دنیا بەدەر کە
لە باسی نیک و بەد، توخوا، گوزەر کە
بەسێتی چاوەکەم (بێکەس) حەزەر کە
لە خوار و ژووری خۆت ساتێ نەزەر کە
زەمینە پڕ گوڵ و ڕەیحان و نەسرین
سەمایە فوببەیێکی شین و نەخشین

***

ئەگەر تۆ خاوەنی ئیدراک و هۆشی
لە مازی و پاشەڕۆژ چاوت ئەپۆشی
سەعادەت لەحزەیێکە تۆ بەخۆشی
لە سەحرا ڕابوێری مەی بنۆشی
دەساقی تێکە توخوا تاکو ئەمرین
مەعیشەت تەوقە بۆ ئینسانی غەمگین

سلێمانی



## شینی قالەی ئایشەخان

وا کوژایەوە... وا کوژایەوە
ئەستێرەی هیوا وا کوژایەوە
دەروازەی خۆشی داخرایەوە
دەرگای شوومی شین وا کرایەوە
دڵی هەزاران بۆت تووایەوە
دڵەی هەژار بۆت بۆتە بریانی
حەشرە، هەرایە لە سولەیمانی
لە هەرلا ئەڕۆی دەنگی گریانە
شینە، شیوەنە، یا قوڕ پێوانە...

***

قالەگیان: لە دوای تۆ خۆشی نەما
هەرچی بتناسێ غەرقە لە خەما
هاوفەردان! توخوا با کۆڕێ بگرین
هەتا فرمێسکمان هەیە بۆی بگرین
کە فرمێسک نەما بەناڵینەوە
ئەم چەند فەردانە بخوێنینەوە
پەنای هەژار و کەساسانم ڕۆ!
داڵدەی هەتیو و بێ کەسانم ڕۆ!
دەسکە گوڵی ناو مەجلیسانم ڕۆ!
چرای ئاهەنگی ناو دۆستانم ڕۆ!
شێری مەیدانی ناو ژیانم ڕۆ!
هاوارە قالەی ئایشە خانم ڕۆ!
هاوارە قاڵەی نەوجەوانم ڕۆ!

## ئەو دولبەرە...

عـالەم ئەكـاتە مـەخسـەرە
بۆ سـەيرى خـۆى ئەو دولبـەرە
نەسـيـحـەتت ئەكـەم وەرە
باوەڕ بەوەعـدى ئەو نەكـەى...

***

قسـەى شـيـرينە ، شـيلەيە
ئەو چاو شـيـنەى خنجـيلەيە
بەناز و مـەكـر و حـيلەيە
باوەڕ بەوەعـدى ئەو نەكـەى...

***

هەرچى ڕەنجێ لەگـەڵ ئەوا
بـدەى ئـەچـێ بـەبـاى هـەوا
ڕەزيـل ئـەبـيـت و بـێ نـەوا
باوەڕ بەوەعـدى ئەو نەكـەى...

***

هەزاران گـيـر و دەسـخـەرۆ
ئەكـات بەفـيـشـاڵ و درۆ
نەتيـجـەش پێت ئەڵێ برۆ
باوەڕ بەوەعـدى ئەو نەكـەى...

***

خـۆتى فـيداكـەى هەر كەمـە
خـەڵاتى ئەو دەرد و غـەمـە
(بێكەس)بەسيەتى چيت لەمە
باوەڕ بەوەعـدى ئەو نەكـەى...

سلێمانى



## كەرەكانى شێخ سەلام

كـەريم، ئەمـڕۆ كـورتان بۆتۆ
شـەڵتـەى جـەزا بگرە و برۆ
بـار هـەڵگـرە تـا نـيـوەڕۆ
سـيـاسى بە، زۆر لەسـەرخـۆ
(برتـو هزاران علـبـه جـو)

***

مـوديرەكـەى شارى (پێنجوێن)
بەتڕ نابێ بەروتبـە و شـوێن
بەخورماڵيش بۆت ئەخۆم سوێن
تۆ لە كوێيت و، ئەوان لە كوێن!
(برتـو هزاران علـبـه جـو)

***

هەزارى بێ عـەقڵ و كـەمـاڵ
بۆخـۆى گـەيى بە حـاڵ و مـاڵ
وەك مـوديرەكـەى (چەمچەماڵ)
(برتـو هزاران علـبـه جـو)
خـۆ كـەرەكەى (حـاجى مـامەن)
بەصـەد قـورئان، باوەڕ بكەن
لەگـەڵيـا ئيـمـتـحـانت كـەن
ناگـاتە تۆ بە عـيـلم و فـەن
(برتـو هزاران علـبـه جـو)

چەمچەماڵ

## بەهار نامەویٚ...

بەهار نامەویٚ جوانیت ببینم
ئەمڕۆ من بەدڵ پەست و غەمگینم
دوورم لە خۆشی. خەریکی شینم
زار و بێزارم تاریکە ژینم
دوژمنی لالە و گوڵ و نەسرینم
بەهار نامەویٚ جوانیت ببینم

***

بەهار بولبولت با هەر بخوێنیٚ
گوڵیش لە دەشتا با خۆی بنوێنیٚ
کانیت ئاوی ڕوون با هەڵقوڵێنیٚ
گژ و گیات هەوا با بیشەکێنیٚ
ئەمانە دڵی من نابزوێنیٚ
بەهار نامەویٚ جوانیت ببینم

***

بەهار و دەشت و ئاسمانی شینی
بولبول و قومری و گوڵ و نەسرینی
نەشئەی دیمەنی جوان و شیرینی
پەشمە لای کەسیٚ سەراپا ژینی
پڕ بیٚ لە دیلی و دەرد و غەمگینی
بەهار نامەویٚ جوانیت ببینم



## تووشی لافاوی عیلم بووم...

تووشی لافاوی عیلم بووم و بەڵام زوو دەرپەڕیم
سواری وا پۆڕی جەهل بووم و بەناویا تیٚ پەڕیم
صەد شوکر ئۆخەی نەجاتم بوو لە باسی عیلم و فەن
نام گرن جارێکی تر بۆیە لە کەیفا هەڵپەڕیم
گەرچی تا ئێستا وتوومە! تیٚ بگەن زوو پیٚ بگەن
بەو قسانەم قەتعییەن باوەڕ مەکەن، سەگ بووم وەڕیم
خوێندەواری شێتییە ، هەر جەهلە ئینسان سەر ئەخا
گەر لەمەولا ناوی عیلمم برد بزانن سەرسەریم
هێندە تەعقیبی هەقم کرد تاکو نانی خۆمم بڕی
سووک و ڕیسوا بووم لەناوا گیرەوەی ئاخر شەڕیم
من کە زانیم حاڵی زانا نەفیە. حەپسە- یا شەقە
هەر کیتابێکم هەبوو دوێنیٚ لە داخانا دڕیم
پیاوی دانا عەقڵی دانا زانیی بۆی ناچێتە سەر
بەرگی نادانیی لەبەر کرد بوو بە خاوەن زێڕ و سیم
شەرتە کەربم بارە گوێزم لیٚ بنێن خڕڕەی نەبیٚ
با دەمیٚ زۆر و کەمیٚ وەک بیٚ غەمیٚ بۆ خۆم بژیم

## بەبۆنەی بۆمبای ئەتۆمەوە

داخـەکـەم بۆ ئەو زەمـانەی ڕووی زەمین
وەک بەهەشت بوو پڕ لە خۆشی و پێکەنین
بێ تـەمـاع و بێ درۆ و خـالّی لە قین
دڵنیـا و، دووربووین لە ئۆتۆمی لەعین
تف لە عـیلم و سـەنعەت و صەد کـارەبا
مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا
یادی تۆ ئێستا لە دڵ خـەم لائەبا

***

عـیلمـە ئێستا بۆتە مـایەی دەردی سەر
عـیلمە بۆتە واسـیـتـەی مـەحوی بەشەر
عـیلمە تەسـخـیـری ئەکەن هەر بۆ زەرەر
عـیلمی چی؟ وابێ. هەزار خۆزگەم بەکەر
با وجـوودی ڕادیۆ و شـەمـەندەفـەر
تف لە عـیلم و سـەنعەت و صەد کـارەبا
مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا
یادی تۆ ئێستا لە دڵ خـەم لائەبا



## گفتوگۆی (بێکەس) لەگەڵ زەمانە

بێکەس:

ئەی زەمـانەی بێ وەفـا تاکـەی لەگـەڵما خـائینی
دائیـمـەن نارێک و چەوت و عـەکسی ئامالی منی
موددەتێ لای خۆت لەگەڵما وەک برا بووین ئەی زەمان
حـالّی حـازر لێم بەری بووی، ناحـەز و هەم دوژمنی

وەڵامی زەمانە بۆ (بێکەس):

فـایقـا تۆ بۆچ ئەناڵێ، بەسـیـە ئیـتـر قـیـژە قـیـژ
من وەفـام بۆ کـەس بووە وا تۆ خـەریکی شـیـوەنی؟
سـەد هەزار پیـاوی نەجـیـبم خسـتـە ژێر باری جەفـا
چەند هەزار پیـاوی بەسـەروەت مـایەوە خۆی و گونی

بێکەس:

ئەو کـەسانەی تۆ ئەڵێی، هێـشـتـا لە بێکەس چاترن
چونکە ژینی جـەفـایە زەهری مـارە خـواردنی
پێم بڵێ تۆ بۆچی دەرحـەق ئەو کـەسـانەی عـاقـڵن
ئەژدیهـایت و، بۆ ئەوانەی جـاهیـلن هەروەک ژنی

زەمانە:

ڕۆڵە تۆ جـاریّ منالّی، شـارەزای دنیـا نەبووی
سەیری تەئریخ کە ئەزانی گەر لە سیلکی خوێندنی
شـا (صـلاح الدین) و (دارا) خـاوەنی باخی ئیـرەم
جوملە فەوتان، بوونە خۆڵ و تۆ لە حالّی نووستنی...
زەڕڕەیەک فەرقی ئەم و ئەو قەتعییـەن لای من نییە
بەسـیـەتی تەحقـیـر کـردنم، تۆ تالیبی شەڕکردنی

بێکەس:

لێت موحققەت بێ زەمانە عالەمێ لێت عاجزە
بێ وەفای، بێ مروەتی، هەم سەرسەری و پیس و دەنی
تاقەت و مەیل و بەقای تۆ بۆ کەسێ تا سەر نەبوو
هەردەمێ یاری یەکێکی... لایقی زەم کردنی



## من و ئیفلاس

من و ئیفلاس و بەدبەختی و دەردی چاخانە تا مردن
من و حوجرە و دەسێ نوێن و قوتابی خانە تا مردن
بڕۆ یا هوو موبارەک هەر بەتۆ بێ پاکەتی (ئەرداس)
من و کیسە و سەبیل و تووتنی خۆمانە تا مردن
سدارە و قۆندەرە و باستۆن هەموو بۆ تۆ بۆچیمە
من و تەپلە و کڵاش و داری هەورامانە تا مردن
ئەتۆ شەمپانیا و وێسکی. من و قاپی ڕەشی عارەق
ئەتۆ نۆتی هەزار ڕوپیە و من نۆ ئانە تا مردن
ئەتۆ دانس و سەمای تیاترۆ و کەمان و عوود و قڕناتە
من و زوڕنا و سێ پێیی و دەهۆڵ لێدانە تا مردن
ئەتۆ ڕاحە و مورەببا و پسکیت و چوکلێتە خۆراکت
منیش باسووق و سنجووق و پەنیر و نانە تا مردن
لەناو قەومێکی جاهیلدا ئەوی یەک زەڕڕە فیکری بێ
ژیانی زەحمەتە (بێکەس) کە سەرگەردانە تا مردن

## شینی پانتۆڵەکەم

نەگبەتم دائیم لە دنیا ، دەوڵەت و مایەم زیان
گیرەوەی قەهر و مسیبەت عاجز و هەم دڵ فوغان
نەگبەتی وا بۆتە جووتم تووشی صەد دەردم ئەکا
سەیری کە چیم هات بەسەردا موختەسەر ئەیکەم بەیان
من کە پانتۆڵێکی شەعریم دەسگیر بوو داخەکەم
زەڕڕەیەک خێرم نەدی لێی بای موبارەک ڕای فڕان
ئاه چ پانتۆڵێکی نایاب بوو لەبەرما بێ نەزیر
ساف و بێ چرچ و بێ عەیب قیمەتی بیست سی قڕان
موددەتی دوو ڕۆژ لەپێم کرد و گەلێ پێوەی گەڕام
جا لەناو خەڵق و ڕەفیقان تێر و پڕ خۆمم نوان
عاقیبەت هەر چاوی بەدبوو کاری لێ کرد و نەما
داخی دەرناچێ لە دڵ بەخوا هەتا ئاخر زەمان

سلێمانی



## شینی ((حەلاو))

گیانە ڕۆیشتی، منت بەجێ هێشت
ئەزانی دوای تۆ چەندم جەفا چێشت؟
قەسەم بەدڵی مات و غەمگینت
بەڕەنگی زەرد و لەشی بێ تینت
بەدەم و واتەی خۆش و شیرینت
خۆراکم بۆتە شیوەن و شینت

***

گیانە، من بێ تۆ وێرانەماڵم
وێڵ و سەرگەردان پەشێوە حاڵم
شیرینیم تاڵی، خۆشیم خەفەتە
دەروون زامدار و جگەر لەت لەتە
لەو ڕۆژە باڵای تۆ کەوتە ژێر خاک
تاریکە شەوە لام ڕۆژی ڕووناک

سلێمانی

## موسابەقەی کەرسواری

خۆتان لابدەن بۆ ئەسپی تازی
با نەختێ بۆتان بکەم ڕمبازی
بڕی کەرەکۆڵ چەند نەشئە بەخشی
بەهەیبەت کەری، بەهیممەت ڕەخشی
قوربانە، سادەی بێرە چوار ناڵە
هەرچی جۆیەکت خواردبێ حەڵاڵە
ڕووی خۆت سپی کەی لەناو ئەم خەڵقە
دەخیلە نەم خەی لەم جێگا ڕەقە
گوێ قوت کەرەوە و کلک ڕاوەشێنە
هەرچێکت تیایە لێرە بینوێنە



## سەر دانانەوێنم

من کە ڕازی بم بەنەختێ عەرەق
بەچۆڕێ چێشت و لەتێ نانی ڕەق
کەڵکەڵەی پارەم لەسەردا نەبێ
حیس و تەماعم دابێتە بەر شەق
سەر بۆ هیچ کەسێ دانانەوێنم
تەشی نارێسم بۆ پیاوی ئەحمەق
بەنێری ئەژیم هەتاکو ماوم
ئەبەد لانادەم لەسەر ڕێگەی حەق...

## بە دوو زمان

من لە وەسفی ناز و لەنجە و لاری دولبەر عاجزم
(وصفها صعب علي، حائر فيها القلم)
خۆم لەبەر پێیدا فڕێ دا و زۆر بەمەحزوونی وتم:
(ارحمي قلباً حزيناً قد اذابته السقم)
پێی وتم (بێکەس) خەیاڵت خاوە قەت ناگەیتە من
(قلت: رفقاً هل يجوز قتلنا ؟ قالت: نعم)
لەحزەیەک گەر لوتفی دەرحەق من ببێ ئەو ئەختەرە
(تعدل الفردوس عندي دونها روض الارم)



## جەژنی من

جەژنی من گریانە ئەمڕۆ، میحنەتە جەژنانەکەم
بەرگی من جەور و جەفایە، شیوەنە سەیرانەکەم
دڵ کە ناخۆش بوو برادەر جەژنی ئەو تەعزێیە هەر
عالەمێ شایی بکا، من بەستەیە گریانەکەم
خەڵک هەموو مەسروور و شادن دەستە دەستە دێنە خوار
من خەریکی دەردی خۆمم، تەرکی ناو یاران ئەکەم...

## تۆ هەڵکێش

(قل لمن يبكي على رسم درس)
شین و گریان بەسیە، ئیتر، کاکە بەس
وەسف و یادی یاری ڕابردوو مەکە
(مثل ليلى و لبينى و خنس)
واز لەمانە بێنە، واڕۆی تێپەڕی
(واصطبح كرخيه مثل القبس)

سلێمانی



## شیوەنی ڕابردوو

زەمانێ بوو کە باخی شێخ وەکوو باخی موعللەق بوو
کەچی ئێستاکە پەژموردە بەجێگەی حاجی لەق لەق بوو
بەوێنەی تاقی کیسرایە، ئەویش وەک ئەم خەراباتە
زەمانەی شەوکەت و عیززی بەسەرچوو جەرگی شەق شەق بوو
لە مەجد و ناوی ڕابردوو شەرەف تێ فکرە جا بگری
لەبۆ ئەو ڕۆژە پیرۆزەی کە چەند پڕ شەوق و ڕەونەق بوو
ئەسیر و ماتە ئێستاکە لە ژێر چنگی غەزەبدایە
لە خنکانا بە بێ چارە لەتاوا چاوی وا زەق بوو
سەلاحەددینی ئەیوبی کە دنیا کەوتە ژێر دەستی
سولالەی ئالی بابان بوو کە ساحێب حوکم و سنجەق بوو
هەموو ڕۆیین. بەڵام ناویان بەجێ هێشت بۆ خەڵق چونکە
ئەوی بێ ناو و شوهرەت مرد، موحەققەق گەوج و ئەحمەق بوو
بەڵێ دنیایە، وەک بایە، جەفایە، چەشنی خەو وایە
هەزار موڵک و میللەل فەوتا هەزاران تەختی پێ لەق بوو

## بەشارەت لە گشت مەئموورەکان

## ئەوا تیاترۆ هاتەوە

بەشارەت بێ لە گشت ئەفرادی مەئموور
هەموو چاو ڕوون بن و دڵ شاد و مەسروور
لە سایەی خواوە دەرکەوت ڕۆژی پڕ نوور
بەسەرچوو شەو، نەما هەنگامی دەیجوور

***

شوکر ئەسبابی کەیف و زەوق و عوشرەت
هوجوومی کردە سەر شار بۆ دەفعی میحنەت
کەمان و عوود و قانوون، سەیری قامەت
هوزارە و قومرییە بۆ باغی عوشرەت

***

عیلاج و مەڵهەمی بۆ قەلبی پڕ غەم
جەمال و دەنگی خۆش و زوڵف و پەرچەم
ئەمانە هێزی گیانن نەک هەموو ژەم
قوبووڵی و تاس کەبابی و تیکە ئیزرەم

***

چ ڕۆژێ بوو کە دوێنێ ڕۆژی مەحشەر
خەلایق تێکرژابوو جوملە یەکسەر
لەبەر (فیکتۆریا) بوو ئەی برادەر
کە خەڵقی هاتەدەر وەک ڕیزە عەسکەر

***

هەموو مەئموور دەماغی بەزم و خۆشی
لیباسی فاخیر و نایابی پۆشی
بەیادی ئەم قودوومە جامی نۆشی
بەهیممەت بۆ زیارەت تێ ئەکۆشی

***



.................... عاشقی (فیکتۆریا)یە
لە ڕێی ئەو دائما ڕۆحی فیدایە
بەبێ ئەو ژینی هەر دەرد و جەفایە
موحاسیب یەک دەلیلە لەم لیوایە

***

ڕەئیسی بەلدە وردی تا درشتی
لە داخی هیجرەتا کۆماوە پشتی
وەکوو مەجنوون فیراریان کردە دەشتی
کەوا هاتۆتەوە چاک بۆوە گشتی

***

موهەندیسمانە تا ئێستا لە شین بوو
سەراپا ئیشکەری مات و حەزین بوو
دەروونی کون کون و زام و برین بوو
کەچی ئەمڕۆ بەخەندە و پێکەنین بوو

***

مودیری دائیرەی ڕێژی ئەمین بەگ
لە قەهرا ورگی ئاوسا بوو بەدیبەگ
وجوودی خۆ نەمابوو غەیری دوو ڕەگ
کەچی ئەمڕۆ کە تۆی دی کەوتە ئاهەنگ

***

قودوومی ئەو لەبۆ هەر گەنج و پیرێ
خیلافی تیا نەبوو وێنەی نەزیرێ
ئەبێ لەم ڕۆژە تەئریخێ بگیرێ
لە دەفتەردا بنووسرێ هەڵبگیرێ

***

ڕجاتان لێ دەکەم ئەی خزم و یاران
کە زۆر تێ هەڵنەچین وەک جاری جاران
لەسەرخۆ بن لە ئیشێکا کە کردتان
هەتاکو زوو نەبن لات و پەرێشان

## قصيدة عربية الى فتاة سورية

سورية ملكت فؤادي بعينيها
ورمتني في بحر الهوى بسهام

انستني كل مليحة كانت لها
سوقاً بقلبي وافراً و غرام

جذبت قلوب العاشقين بعينها
جذباً كجذب الشمس للأجرام

يا زهرة العشاق قبلة خدك
تشفي عليلاً قلبي بسقام

رحماً بقلبي قد غدا متضرعاً
كتضرع المسجون للحكام

هذة قصيدة عاشق قد قالها
من قلبه المملوء بالالام!!

نظمت في سنة ١٩٣٠



## دەردی دەروون

ئەو کەسەی ماڵی نییە و بێ نەقد و موڵک و سەروەتە
جەرگی سووتاوی وەتەن، ڕۆحی فیدایی میللەتە
بۆ سەعادەت بۆ وەتەن ساحێب... جۆشی ئەوە
ئەو دڵەی بۆ سەربەخۆیی پڕ لە قەهر و میحنەتە
ئەو دەزانێ (في الحقيقة) قیمەت و قەدری نییە
ساحێبی حیسس و بڵندی و هەمدەمی میللییەتە
هەرچی ماڵ و خان و مان سەروەتی زۆری هەیە
دوژمنی میللییەتە و، بێ غیرەت و بێ حورمەتە
ئانەیەک بۆ نەفعی شەخسی صەد وەتەن دێنێ لەلای
بابەکوشتەی خۆ خوسووسەن حاڵەتی حوڕڕییەتە
ناوی قەومی لابەری بێ شوبهە گاڵتەت پێ ئەکات
پێت ئەڵێ: ئەحمەق! ئەمە ئیشی کەرە ئەم خولقەتە
میللەتی چی، قەومی چی، بەرزی و سەعادەت یەعنی چی؟
بۆ ئەدەی دەورەی دەماغت بەم خەیاڵ و فیکرەتە؟
میللەتێ توخوا وەها بێ گەورەکانی، چۆن ئەژی
ڕۆحی مردووی پیاوی گەورە نەگبەتی ناو میللەتە

## هەرکەسێ

هەرکەسێ ماڵی سەرف کرد، لافی گەورەش لێ بدا
حاڵی ئەو بێ شک ڕەزیلە، عەیش و نۆشی حەسرەتە
مەقسەد و غایەم لەوەشدا موختەسەر عەرزت دەکەم
پێت لە لێفەی خۆت زیاتر ڕابکێشی نەگبەتە
ئیقتیساد کردن لە دنیا بۆ هەموو کەس لازمە
شێتە (بێکەس)، بگرە عاقڵ نان ئەخۆی لەم حاڵەتە



## جەژنی چی؟

«بەبۆنەی ڕووداوەکانی ١٩٤٦ و ١٩٤٧ەوە»

جەژنێ بەشێوەی پەشێوی و بەشین
بەئاه و ئۆف و بەناڵە و گرین
بەئاوازی دڵ، دڵانی غەمگین
بەئاهی سارد و بەبرژەی برین
ڕازابێتەوە، جەژنی من کوانێ!
کوا شادی، کوانێ، کوا کامەرانی!

***

جەژنێ بەرزانی دیل و دەربەدەر
ڕێکانیی دڵسۆز مات و قوڕبەسەر
خوشکان لە خوێنا چەقیو تا کەمەر
بۆ هەرلا بڕۆی شین بێ سەراسەر
ئەو جەژنە کۆڕی شین و شەپۆڕە
دڵ پڕ لە زام و ژیان سەرشۆڕە

***

جەژنی نوێ جەژنی قارەمانان بێ
یادی خۆشناو و کاکە حەمەگیان بێ
بۆ خەیری و عیززەت شین و گریان بێ
کوا جەژنە؟ شینە ڕۆژی گریانە
کوردستان ماتەم، هەر قوڕ پێوانە

***

جەژنی خوشکانی بەرزانیی کڵۆڵ
لێ قەوماو، بێ کەس، لەشیو و لە دۆڵ
یا لە تەل بەندا لە (دیانە)ی چۆڵ
خواردنیان بەرد و دڕک و داڵ و خۆڵ

ئەو جـــەژنە ڕۆژی قـــاتی و قـــڕانە
قـــڕانی کـــۆرپە و کـــچی کـــوردانە

***

جـەژنێ جـێی بینین ژووری زیندان بێ
جــەژنانەی لاوان کــۆتی گــران بێ
مــیللەت هەژار و ڕووت و بێ نان بێ
شـادی و بەزمان جگەرە کـێشـان بێ
یاخـوا ئەو جـەژنە بەزەهری مـار بێ
گـیـانم بێ بەخـاک، لەڕ اگـوزار بێ

***

جـەژنێ جـەژنمە خـاکی نیـشـتـمـان
ژێر چەپۆک نەبێ و بژی کـامـــەران
مـیللەت تێـر و پڕ بەرز و شـادمـان
دایکان بیسـرن فـرمـێسکی چاوان
کـاتێ جـەژن ئەکـەم بگەم بەمـراد
مـیللەتم شـاد بێت، نیـشـتـمـان ئازاد

***

تــۆڵــەی لاوانـــی لـــە دار دراوم
خـوێنی گـەنجـانی کـوردی کـوژراوم
بســـــێنم ئەوســـــا نانی بڕاوم
دەســـــتگیـــــرم ببێ تـابێ هەناوم
ئەوســـا پڕ بەدڵ ئەڵێم شـــادییـــە
ئەڵێم وا جــەژنی گــەل ئازادییــە



## تاوێ تر ئەمرم

له سـەرەمەرگدا ئینسان هەندێ شتی بەخەیاڵدا دێت کـە لە هیچ کاتێکدا بەخەیاڵیدا نایەت و بەتایبەتی ئەگەر شاعیر بێت لە غـەریبی بێت، وا مامۆسـتا ا.ب هەوری پێشـانمان ئەدات چۆن لە سـاڵی ١٩٣٥ لە دارالمعلمینی ئیبتدائی لە بەغـدا بێکەس لەسـەر سـەرینی نەخـۆشی بەتەمـای خـۆی نەماوە و ئەم چەند شیعرەی نووسیوە:

تـا ژیـام ژیـنـم وتـت زەبـوون بـی
گـەردوون مـەرگـیـشم هەر ئەبێ ون بی
بێ نەخـۆش کـەوتن بێ وەی بێ ناڵە
بێ دەرمـان خواردنی کـاغـەز و پیـاڵە (١)
بێ دکـــتـــۆر هێنان بێ چاوەڕوانی
بێ گـەرمـا و نرکـەی دەمی بەیانی
بێ کەس لە ژوور سەر بێ باوک بێ برا
لـەم ژوورە تـارە بـێ مـــۆم بێ چرا
بێ خوشک بێ دایک لە ژوور سـەرینم
بەفـرمـێسک بشـۆن دووتۆی برینم
بێ دولبـەر جـارێ بێ خـۆی بنوێنێ
بەناز پایەی جـەرگ لە بنج دەربێنێ
بێ هەوای فـێنکی گـۆیژە و بەرانان (٢)
بۆ بەرگەی ئاه و وەیشوومەی گیان دان
تـاوێ تـر ئەمـــرم لـەم دوور وڵاتـە
دڵ پڕ لە خـــۆزگــە و ئاخ و ئاواتە

(١) مەبەست دەرمانی تەڕ و وشکە
(٢) گۆیژە و بەرانان دوو شاخن لە سەر و خواروی سلێمانی

لاشەکەم بێ گیان هەتا بەیانی
لەسەر چەرپایە و لەژێر بەتانی
ئەمێنێتەوە تا جەرەس لێدان
کە زانرا مردووم ئەبێتە سەیران
دەورم لێ ئەدەن قوتابی درشت و ورد
ئاو بێنن خێرا سابوون دەست و برد
ئەمشۆن بەئاوی سارد و سابوونی
تەرپێچم ئەکەن بێ چەند و چوونی
بێ ئەلحەد کردن لەم خاک و خۆڵە
ئەمنێنە چاڵێ لەم دەشتە چۆڵە
کە جێیان هێشتم بەگریە و زاری
گیان پەرواز ئەکا بۆ خزمەت باری
ئەڵێ نووسراوە لە قەبرم بەخوێن
من لە قەومێکم بێ ڕێگە و بێ شوێن
دەردی دوودڵی زەبوونی کردووین
قازانجی خۆیی و زەم و شەڕە جوێن
خوایە تۆ لەبەر پیاوچاکانی خۆت
ڕزگاریان بکە لە زنجیر و کۆت
زنجیر و کۆتێ زۆری نەزانی
نایدۆزنەوە ڕێی زیندەگانی



## **یاری من**

یاری من غەدداره بۆیە ڕەحم و ویجدانی نییە
چاو مەستە زۆر بەدەستە دین و ئیمانی نییە

حیلە بازە، زۆر بەنازە، عالەمی گیرۆدەیە
وەصلی خۆی کرد کەچی هەر وەعد و پەیمانی نییە

بێ وەفایە، پڕ جەفایە ڕۆحی خۆیی بۆ فیدا
کەم، کەمە هێشتا لەکن ئەو تەبعی ئینسانی نییە

موددەتێ تا ئیشی پێم بوو ئیلتفاتێکی هەبوو
سەیرەکەم ڕووی گرژە ئێستاکە مەیلی جارانی نییە

نادروستە پوول پەرستە کەس نەویستە بۆ تەماع
عاشقان تێک بەرئەدات و باکی دۆستانی نییە

خوێن ڕژێنە، دڵ شکێنە، سەر بەفیتنە و شۆڕشە
هەردەمەی دۆستی یەکێکە و یادی یارانی نییە

بەسیە مردم ڕەنگی زەردم شاهیدی ئەم حاڵەیە
نۆکەری ئەم شۆخە ناکەم لوتف و ئیحسانی نییە

## وەسفی پیرەمەگرون

صەفایە بۆ دڵی غەمبار و مەحزوون
شیفایە بۆ لەشی ناساغ و کەم خوون
ئەکا عالەم سەراپا مەست و مەفتوون
نزارەی شاخ و داخی پیرە مەگروون!

خورەی ئاوی شەبیهی عود و تارە
هەواکەی سازگار و مشکبارە!
درەخت و دار و بەردی هەر خومارە،
بەهەشتی مەوقیعی قومری و هوزارە

عیلاج و مەڵهەمە بۆ دەردی ئینسان،
دەلیلی قودرەتە بۆ زاتی یەزدان!
نیشانە و هەیکەلی بۆ فەخری کوردان،
فیداکاری خاکی پاکت کێوی لوبنان!!



## وەسفی تانجەرۆ

ئەی تانجەرۆ تۆ کەوسەری هەموو خاکی کوردستانی
پڕ ئاوی تۆ سەر بەڕزق و خێرات و پڕ دەغڵ و دانی

وەسفی تۆ قەت نایەتە تەحریر و نووسین
هێندە پڕ فائیدە و جوانی
باعیسی فەخری کوردانی

خورەی ئاوەکەی تۆ هەموو غەمێ لە دڵ ئەبا
سۆزی دووری تۆ لە عالەمێ پڕ سروور ئەکا
مەنزەرەی ئاوی تۆ هەمتای بەهەشتی فیردەوس ئەکا!

## بێزاربوون لە موعەلیمی

نەماوە شەوق و تاقەت، هیچیم نەما لە بارا
لە ژوورێکا خزاوم دەرناکەوم لە شارا
بەیانی تاکو مەغریب هەر دەرسی (زارا و زارا)
هۆشم نەماوە کول بووم لەگەڵ قوتابی هارا



## قوتابخانەی زانستی

مەقصەدی زانستی تەنها نەشری عیلم و خوێندنە
بۆ تەرەقی قەومی کوردان وا لە خزمەت کردنە
جێیەکی پیرۆزە بەرزە لابەری فیتنە و شەڕە
واسیتەی بەرزیی وڵات و دوودڵی لابردنە

## جەژنە پیرۆزە

ئەوا جەژن هات بە بەزم و خۆشی
عالەم شەرابی سرووری نۆشی.
کوردی دڵ سووتاو لەم ڕۆژە یادی
شەهید کرد و ماتەمی پۆشی.



## چوونە مەیخانە

چوونە مەیخانە هەمیشە کاری پیاوی عاقڵە
هەر کەسێ بێت و بڵێ ئەم ئیشە عەیبە جاهلە
فائیدەی چی سەرچنار و باغی تەکیە و بەکرەجۆ
مەی لە مەیخانە نەبێ لای من حەرام و باتڵە

# شیعری منداڵان

## تۆ چیت؟ من کوردم!

تۆ چیت؟ من کوردم — نەتەوەی گوردم
خۆ ترسنۆک نیت؟ — حاشا نەبەردم
چی تۆی لەناو برد؟ — دوو دڵی و نیفاق
چۆن ڕزگار ئەبی؟ — هەر بەئیتتفاق
بلێ چیت ئەوێ؟ — بەرزیی وەتەنم
بەخۆڕایی نا، — بەگیان و تەنم
چیت لە بارایە؟ — خۆ فیداکردن
بۆچی؟ لە ڕێگای — میللەتا مردن
کوا، چەکت چییە؟ — سەودای وڵاتم
ئەی پشتیوانت؟ — عەزم و سەباتم
ڕاستت پێ بلێم؟ — فەرموو گوێم لێتە
بەقسەم ئەکەی؟ — سەرم لە ڕێتە
بەڕاستی و پاکیی — هەوڵ و تێکۆشین
لە کورسی و کینە و — درۆ چاو پۆشین
ئەمانەت نەبێ — کارت زۆر لەقە
بەشت هەمیشە — نەگبەتی و شەقە

هەڵەبجە ١٩٣٥



## شوان و مەڕەکانی

لە – القراءة المصورة– وەرگیراوە

شوان:

مەڕەکانم چەند جوانن
چەند بەکەڵک و بەسەزمانن
بڕۆن... بڕۆن... بۆ ئەو لایە
زۆر لەوەڕی چاکی تیایە

مەڕەکان:

لوورەی گورگێ دێتە گوێمان
نزیک کەوتۆتەوە لێمان
ئەگەر تۆ زوو نەگەی پێمان
ئەو بەدخووە دێتە ڕێمان

شوان:

لە لوورەی ئەو هیچ مەترسن
ئەگەر لەو گورگە ئەپرسن
وا ڕای کرد ملی شکان
(بازە)ی دی، ڕۆیی، تێی تەقان

مەڕەکان:

بەهارمان هەر بۆ بمێنێ
خودا تۆمان لێ نەسێنێ
لە چاکەی تۆ هەر دەرناچین
هەتا مردن گەردن کەچین

شوان:

تاریکی داهات و شەوە
جا نۆرەی دۆشین و خەوە
ئەوا ئەمڕۆشمان تێ پەڕان
بچینەوە بۆ دێکەمان

مۆرتکە ١٩٣٥/٥/١١

# گۆرانیی سپۆرت

یاری کە، ڕاکە پێکەنە
جلی بێکاری داکەنە
دەماری سستی هەڵکەنە
یاری کە، ڕاکە، پێکەنە

***

تۆپێن و کەوشەک و شەقێن
یارییێکی زۆر جوان و بەجێن
تەوژم و تین ئەدەن بەخوێن
یاری کە، ڕاکە، پێکەنە

***

داوێنی ڕاستی بەرمەدە
لە یارمەتیی خۆت لامەدە
خاو و خلیچک خۆت بامەدە
یاری کە، ڕاکە، پێکەنە

***

جوانیی ڕەوشت و کردەوە
بۆ ناو و بەرزی پێشڕەوە
بەگورج و گۆلی سەرکەوە
یاری کە، ڕاکە، پێکەنە

***

ئەگەر پێویستی خۆتت کرد
گەلت هەموو درشت و ورد
ئەڵێن بژی لاوچاکی کورد
یاری کە، ڕاکە، پێکەنە

سلێمانی ١٩٣٥



# دایک

منالێکی ساوا بووم
کەی وەک ئێستاکە وابووم
دایکم بەخێوی کردم
ئەو نەبوایە ئەمردم

***

بەلای لایە و گۆرانی
ڕای ژەندووم تا بەیانی
بە شیری مەمکەکانی
منی بەبەرهەم هانی

***

ڕەنجی لەگەڵ کێشاوم
لە باوەشیا دایناوم
بەرگ و جلی بۆ شتووم
خزمەتی زۆری کردووم

***

چاکەی وا لەبەر چاوم
هەتا لە دنیا ماوم
ئەبێ دڵی نەشکێنم
ئارەزووی بەجێ بێنم

مۆرتکە ١٩٣٥/١/٢٩

## بەیانی

بەیانییە، وا ڕۆژ هەڵات
شەو پشتی هەڵ کرد و هەڵات
چیا و دۆڵ و دەشت و دەر
بەرگی ڕووناکیی کردە بەر
زەمین دەمی بەپێکەنین
وەک دولبەرێکی نازەنین
پڕ گوڵ و پڕ لە یاسەمین
پڕ ئەرخەوان و نەستەرین
پەڕندە وا بەدارەوە
بەسەر لقی چنارەوە
بەبولبول و هوزارەوە
بەدەشت و کۆهسارەوە
مەستە خەریکی خوێندنە
ئەڵێ: چ وەختی نووستنە
خەریکی یاری کردنە
هەستە دەم و چاوت بشۆ
کتێبت هەڵگرە و بڕۆ
بۆ مەکتەبت خێرا بچۆ
لە ئێستەوە هەوڵ بدەن
چاوی لە ئێوەیە وەتەن

چەمچەماڵ ١٩٣٧



## تەماعکاری

دوو پشیلەی جووت و ڕێک
هەستان چوونە جێیێک
بۆ دزیی سەلکێ پەنیر
کەوتنە پیلان و تەدبیر
وەختێ تەدبیر ڕێک خرا
شوێن و ڕێگا دانرا
چوونە سەری دوو بە دوو
پەنیریان دەسگیر بوو
بۆ تەماع و بەشی زۆر
لێیان بوو بە شەڕ و شۆڕ
تێر و پڕیان لەیەک دا
تاکو هێزیان لێ بڕا
کاتێ تەواو ماندوو بوون
شەرعیان بردە لای مەیموون
وتیان ئەتکەینە قازی
هەردووکمان بکە ڕازی
مەیموون هەستا زوو بەزوو
هێنایە پێش ترازوو
پەنیری لەت کرد بەدەم
بەشێ زۆر و بەشێ کەم
خستیە ئەم سەر و ئەوسەری
ترازووەکەی هەڵبڕی
دەستی کرد بەکێشانی
لایەک گرانی هانی

مەیموون قەپاڵی لێ گرت
تا بەجارێ کەلی کرد
ئەمجا بچوک بوو سەرکەوت
ئەوی تریشیان داکەوت
لەم پاروویەک لەو پاروو
تا پەنیری خوارد هەموو
پشیلەکان بەبێ بەش
مانەوە مات و ڕووڕەش
خولاسەی ئەم قسانە
تەماعکار پەشیمانە
ئەوی بەد و نارێکە
بەدڵ نەفرەتی لێ کە

سلێمانی



## یەکیەتی

پیاوێ کە خاوەنی حەوت
کوڕ بوو، جارێ نەخۆش کەوت
وتی: ئاخری عومرم
هاتووە ڕەنگە بمرم
واچاکە هەتاکو هەم
کوڕەکانم تەمێ کەم
ڕێیەکیان نیشان بدەم
نەکەونە میحنەتە و غەم
ئەمجا ڕۆژێ لە ڕۆژان
بانگی کردە هەموویان
لەلای خۆیەوە داینان
کەوتە وەعز و تەمێیان
باقەیەک داری دانێ
وتی کامتان ئەتوانێ
ئەم دارانە بشکێنێ
هونەری خۆی بنوێنێ
ئەوانیش لێیان وەرگرت
قسەی باوکیان لە گوێ گرت
هەوڵیان دا بۆ شکانی
بەڵام هەر نەیان توانی
باوک لێیی وەرگرتنەوە
باقەکەی بۆ کۆکردنەوە
هەریەکە دارێکی برد
زوو شکاندی دەست و برد

ئەمجا باوک ڕووی تێ کردن
وتی ڕۆڵە گوێ بگرن
ئێوەش گەر لەم ژیانە
جیابن وەک ئەم دارانە
شکاندنتان زۆر ئاسانە
پاشەڕۆژتان پەرێشانە
بەڵام ئەگەر لەسەریەک بن
دەرەقەتتان نایە دوژمن
هەمیشە بەرز و ڕوو سوورن
سەربەست و شاد و مەسروورن

سلێمانی



## جوتێک کۆتر و بۆقێک

جوتێک کۆتری نێر و مێ
ئەگەڕان لە گوێ چەمێ
بۆقێکی جوانی سەر سەوز
ئەیقیڕان بە دەنگی بەرز
کۆترەکان حەزیان لێ کرد
تێر و پڕ گوێیان شل کرد
سەری خۆیان بۆ لەقان
بە باڵ چەپڵەیان تەقان
بۆقەکە ئەوەی زانی
بوون بەهاودەمی گیانی
زۆر خۆشیان ئەبردە سەر
خۆشی بۆ کێیە تا سەر؟!
ڕاوکەر شوێنی هەڵگرتن
جێگایان پێ تاڵ کردن
ئەفڕین، دوور ئەکەوتنەوە
ناچار بوون بگوێزنەوە
بۆق کە بیستی، بەگریان
وتی هەریەم لەگەڵتان
دارێ یەکی سەرێکیان
بۆق خۆی هەڵواسی بەدان
بەشەقەی باڵیان فڕین
بەسەر شارا تێ پەڕین
بوو بەهەڵڵا لە شارا
وتیان چۆن بۆق باڵدارە
بۆق هات دەم بکاتەوە

خەریک بوو جواب باتەوە
دەمی بەربۆوە لە دار
سەرنگرێ بوو کەوتە خوار
هەپروون بەهەپروون بوو مرد
تێر سەیری دنیای نەکرد
ئەمە حیکایەتێکە
بۆ پەند و عیبرەتێکە
یەعنی ئەبێ هەر کەسێ
لەگەڵ وەک خۆیا هەڵسێ



## شێرۆ و مار

وەرگێڕاوە

شێرۆ کوڕێکی چاکە
زۆر بەڕەحم و دڵ پاکە
ڕۆژێ لە چلەی زستان
مارێکی دی لە کۆڵان
وا لە سەرما سڕ بووە
بەعەینی وەک مردووە
زۆری بەزەیی پیا هات
وتی من ئەیدەم نەجات
دەسبەجێ مارەی هەڵگرت
خێرا بۆماڵەوەی برد
ئاگرێکی بۆ کردەوە
مارەی گەرم کردەوە
ئەمجا کە مارەی بەدخوو
سەرمای لە بەدەن دەرچوو
چاکەی لەبەر چاو نەما
پەلاماری شێرۆی دا
کوڕ دەستی کرد بەهاوار
باوکەکەی کرد خەبەردار
کەوتە فریای دەست و برد
مارەکەی لەت و پەت کرد
ئەمجا ڕووی کردە شێرۆ
وتی: ڕۆڵە ئەگەر تۆ
قسەی من لە گوێ بگری
تووش نابی تاکو ئەمری
«چاکە دەرحەق کەسانێ
بکە کە پێی بزانێ»

سلێمانی

## هەرەوەز

کوڕێ بوو ناوی دارا بوو
وریا و زیرەک و دانا بوو
هەرچی ئەکەوتە بەرچاوانی
ئەچووە بنج و بناوانی
ڕۆژێک ئەوا دیقەتی کرد
تەنیا مێروولەیەکی ورد
لە دەنکە گەنمێ ئالاوە
زۆر بەدەستییەوە داماوە
چەندی ئەکرد بۆی نەئەبرا
هێز و قووەتی لێ بڕا
ئەمجا ماندوو بوو لێی دا ڕۆیی
هیی تری هێنا لەگەڵ خۆی
چوونە سەری و کاتێ زانی
گەنمیان برد بەئاسانی
دارا لەمە عیبرەتی گرت
پەندێکی باشی لێ وەرگرت
وتی هەر کارێ گرانە
بەهەرەوەزی ئاسانە...

سلێمانی



## لە قوتابخانە

وەختی دەرس لە مەکتەب
دائەنیشم بەئەدەب
لە دەرسا تێ ئەکۆشم
چاو لە یاری ئەپۆشم
گوێ لە مامۆستا ئەگرم
فائیدەی لێ وەرئەگرم
دەرسەکەم ڕەوان ئەکەم
ڕەنجێکی تەواو ئەدەم
تا دەربچم لە مەیدان
سبەی ڕۆژی ئیمتحان
ئەوی زیرەک و چاکە
لە ئیمتحان بێ باکە
بەڵام ئەوی بێ کارە
هەمیشە شەرمەزارە

سلێمانی

## گۆرانیی کەششافە

ئێمە کەشافەی کوردین
هەموو بەدەست و بردین
بۆ بەجێ هێنانی خزمەت
چوست و چالاک و گورجین

***

ئەمڕۆ ڕۆژی غیرەتە
ڕۆژی هەوڵ و هیممەتە
با هەموومان تێ بکۆشین
دەربچین لەم وەحشەتە

***

ئێمە کە نەوجەوانین
هەر بۆ خزمەت خولقاوین
بۆ هەموومان لازمە
قەدری وەتەن بزانین

سلێمانی



## فڕۆک

شتێکی بێ خوێن و گیان
ئەفڕێ ئەچێتە ئاسمان
هەڵ دەگرێ گەلێ ئینسان
دوو باڵی پێوەیە جوان
ناویان ناوە تەیارە
زۆر مەحکەم و بەکارە
لە شەڕا مسیبەتە
لە ئاشتییا نیعمەتە
لە سایەی حیرفەت و فەن
شتی وا دروست ئەکەن

سلێمانی

## ژماردن

یەک و دوو چەند ئاسانە
ڕۆڵە گوێ بگرە و بیزانە
سێ و چوار خۆش و سووکە
کوڕی زیرەک ئێسک سووکە
پێنج و شەش و حەوت بژمێرە
ئازاییی خۆت دەرخە لێرە
هەشت و نۆ و دە ڕەوان کە
ئەوسا هەر یاری و سەیران کە...

سلێمانی



## مەتەڵ

بۆ کەسێکی ورد و وریا و زیرەک و ساحێب عەقڵ
هەڵبهێنێ ئەم سوئالەم، هەم بدا جوابی بەدڵ
ئەسپی بێ ئێسقان و ڕۆحم لا هەیە، هەم بێ زوبان
سووک و خێرایە لە ڕۆیین، مەحکەم و گورج و ڕەوان
ئەسپی من دائیم لە غارە، باکی هیلاکی نییە
بێ خەو و خواردن، وە بێ دەنگ، کاو و ئالیکی نییە
مەیتەر و زین و تەویلە، ئەی برا لازم نییە
ئاخوڕ و ڕەشمە و لغاوی هەروەها پێویست نییە
فرکە فڕک و ڕەوتی تیژی هەر وەکوو بەرقی بەهار
نرخی هەرزان و بەتاڵان، قایم و دایم بەکار
من مەتەڵ زوو هەڵدەهێنم، هەم ئەدەم جوابت بەدڵ
(ئەسپە ئاسنینە)ی بەکوردی پێی ئەڵێن، یا (پاسکیل)

## ئێمە منالّین

ئێمە منالّین، وەتەن دایکمانە
مامۆستا باوکە، مەکتەب مالّمانە
قوتابی هەموو وەک برامانە
کوردی خۆشەویست نووری چاومانە
ئەبێ تێکۆشین ئەمڕۆ مەردانە
چونکە کوردستان چاوی لێمانە

سلێمانی



## کەڵەشێر

کەڵەشێر ئەڵێ عوو عوو عوو
نوستن بەسە هەڵسن زوو،
نوێژی بەیانیتان چوو.
تف لە تەمەڵ و بەدخوو.

## سەگ

سەگان ئەڵێن حەو حەو حەو
نانمان بەنێ بژین بەو،
ئێمە پاستان ئەکەین شەو
وەختێ چاوتان چووە خەو



## کەر

کەریش ئەڵێ زەڕ زەڕ زەڕ
حەیوانێکم لاڵ و کەڕ،
ئیشی زۆرتان بۆ ئەکەم،
بەسەزمانم وەکو مەڕ!!

## پشیله

پشیله ئەڵێ میاو میاو
نە نانم هەیە نە ئاو،
تیکەیەک نانم بەرێ
با لێت نەکەم بە زووخاو!

# سروود

# گۆرانی وەتەن

خوایە وەتەن ئاوا کەی
چەند دڵگیر و شیرینە
دەشتی خۆش ڕەنگینە
ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە

***

سەیرانگای بەهارانی
سەوزەگیای نەرم و جوانی
صەد دڵ ئەبێ حەیرانی
ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە

***

شاخی بەفرین و بەرزە
بۆ ڕابردوومان ڕەمزە
چیمەنی جوان و سەوزە
ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە

***

ئەم شوێنە شوێنی کوردە
جێی قارەمان و مەردە
لانەی شێری نەبەردە
ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە

***



وەتەن چاوی لێمانە
دەری کەین لە تەنگانە
حەیفە بێتە ویرانە
ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە

مورتکەی بازیان ١٩٣٥

## ئەی دلێران

ئەی دلێران، بێچوە شێران
بەسیە، هەستن لە خەو، وا بەیانە
بۆ بەرزی قەومی کورد
تێکۆشن دەست و برد
چاوی لێتانە، دایکی وەتەن

***

عالەم ئەمڕۆ هەر خەریکە
هەوڵ ئەدا بۆ بەرزیی ژیانی
یەک گرن، پێش کەون
ڕاپەڕن، سەرکەون
چاوی لێتانە، دایکی وەتەن

***

مەکتەبە دەرمانی ئێمە
خوێندنە ڕەهبەری ڕزگاری
هەستن ئەی لاوی کورد
تێکۆشن دەست و برد
چاوی لێتانە، دایکی وەتەن

***

چارەسازان، کاربەدەستان
بۆچی وا مات و بێ دەنگ و دوورن
ئۆباڵی قەومی کورد
لە ئەستۆی ئێوەیە
چاوی لێتانە، دایکی وەتەن



## بۆ وەتەن

دڵ لە دەردی وەتەن – پەست و گیراوە
وەک کەوی ناو قەفەس – شەوقی نەماوە
ئەگەر ئەیزانی من – چەند پەرێشانم
شەو و ڕۆژ ئەی وەتەن – هەر لە گریانم
دڵ فیدای خاکت بێ – گشتی گەوهەرە
بەفیدای ئاوت بێ – چەشنی کەوسەرە
مەنزەرەی کوردستان – بەری بەیانی
پاریس و لوبنان – بێ بەقوربانی
لە جریوەی چۆلەکە – ئاوازی قومری
لە سروەی بای نەسیم – لە خەو هەڵدەسی
ئەی کورد بەسیەتی ئیتر – چیت لە نیفاقە
واسیتەی پێشکەوتنت – هەر ئیتیفاقە
قەومە هەستە وەک شێر – ئێمڕۆ فرسەتە
بۆ تەرەققیی قەومی کورد – ڕۆژی هیممەتە

## گۆرانی گۆیژە

شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە باعیسی کەیف و سروور
هەردەمە بەرگێ ئەپۆشێ، گا سپی، گا سەوز و سوور
وەسفی قەومی کورد ئەکەی تۆ بەم هەموو ڕەنگانەوە
ڕەنگی سوورت شاهیدە بۆ کورد کە قەومێکن جەسوور
بەرگی بێ گەرد و سپیشت دیارە وا هاوار ئەکا
قەومی کورد دڵ ساف و پاکن میللەتێکن بێ قوسوور
بەرگی سەوزیشت ئەڵێ ئەم خاکە هەر شینایییە
پڕ لە دەغڵ و دان و کانی، سەر بەڕزق و پڕ لە نوور
ئەی وەتەن شایانی فەخری واجبە مەدحت بکەم
دار و بەردت عەینی گەوهەر، خاک و خۆڵت وەک بلوور

سلێمانی



## لاوانی وەتەن...

لاوانی وەتەن غیرەتێ بکەن
دەی هەستن لە خەو وا بەسەرچوو شەو
نەما زەمانی جەهل و نەزانی
ئەمڕۆ فرسەتە ڕۆژی هیممەتە
بەعیلم و سەنعەت بەرز ئەبێ میللەت
عالەم هەمیشە خەریکی ئیشە
ئیش کەن بەمەردی بەدەست و بردی
یەک دڵ و دەم بن تا ڕۆژی مردن
لاوانی وەتەن غیرەتێ بکەن

## گۆرانی بۆ مەکتەب*

وەتەن هاوار ئەکا ئەڵێ هەستن
ئەمڕۆ ڕۆژی هەوڵ و هیمەتە!
حەیفە نووستن زۆر دواکەوتون
قەومی دواکەوتوو دیل و نەگبەتە
ئیش کە بەمەردی بەدەست و بردی
بۆ پێشەوە ئەی لاوی کورد

***

بەخولق و کردەوەی شیرین
لەگەڵ یەک وەک برا بژین
بەسیە لە دڵ لابەرن قین
ئێمە دوودڵ بووین بۆیە دواکەوتین
ئیش کە بەمەردی بەدەست و بردی
بۆ پێشەوە ئەی لاوی کورد

***

عیلمە میللەت ڕزگار ئەکا
جەهلە بەجاری وەتەن ویران ئەکا
کوڕگەل هەستن بۆ وا سستن؟
وەتەن وا چاوەڕێتان ئەکا
ئیش کە بەمەردی بەدەست و بردی
بۆ پێشەوە ئەی لاوی کورد

مۆرتکە: ١٩٣٤

* ئەم سرووده بەپێی ئاوازەکەی کێشی دێرەکانی دەگۆڕێت.



## بۆ گاڵتە و گەپ

ئەم شیعرانە لە شێوەی قسەکردنی (سەید نووری بەرزنجی کونەکۆتری) دانراوە.

ئەمن لە تەفتیش چوو لە کوردستان
ئەمن دیت مەنظەر وەک باغ و بیستان

لە خۆم زۆر مسرور لە ئەو مەنظەرە
ئاوی جبالی شوبهی کەوثەرە!

گولان ئەو حمرا (مختلف الوان)،
شیان تەنەزوە دەیکەن لە خۆیان

لەو سەنەی ماضی چومان لە پێنجوین
دیتمان زۆر ئەشجار خضراء و ڕەنگین

زۆر پیاوان گەورە چوون لە ئەو جێگا
استغراب کردیان لەم جەدید ڕێگا!

دائیرە اشغال زۆر جەهد کردی
طریق سەییارە لە پێنجوێن بردی

ڕەشۆڵ موغەننی حارب دەیکردی
قلوب عالەم جلب دەیکردی!

ئەو موتەصەریف حازم ئیداری
لایق لەسەر ئەو کورسی وەزاری

ئەو سلێمانی دەیکا لە جەننە،
شەخصی موقتەدیر صاحب الهمە!

یا ڕەب مستقبل ئەم وەتەن خۆمان
ارتیقاء بکات کسائر بلدان!

ئەم شیعرانەشی لەسەر شێوەی ئاخاوتنی سەید
نووری بەرزنجی داناوە
«بەناوی قصیدة رائعة للسید نوری الکونه کوتری»

له خۆم بو مودیر لەو سلێمانی
مودیر تانەوی عەجەب نەزانی

لەم ترفیع عەدوو هەموو قەهر کرد
رغما له ئەوان موقع لەخۆم برد

لەم سەنەی حالی زۆر جهد دەیکەم
له موعەلیمی زۆر ظرف دەیبەم،

موتەوسیطە ارتقاء دەیکا،
سائر الویه زۆر غبط دەیبا

وەقتا که خۆمان له خارج چوومان
لەو لیوا دلێم موفەتیش بوومان

خدمات جیدییەی ئەوان کردم
لاکن مەعاریف موقع لێ بردم

قسما باالله ئەمن زۆر مەحزوون
لەم تحویل اخر جدا غیر مەمنوون

چونکه لەو بلاد من نییه طاقەت
لازم هەر مەشغول له حەمد و طاعەت

طبع خۆم مائل له کیف و حارب
لاکن فی الظاهر تقی و مؤدب

من که لەسەر خۆم دەیکەم عەمامە



لازم توزانی ئەو بۆ مەرامە

فی الحقیقه خۆم سید بەرزنجی
اخلاق و اعمال خۆم زۆر برنجی

لەو عاصمه خۆ مشهور و معروف
زۆر استفادە دەیکەم له ظروف

ئەو وەتەنیەکان مفلس و برسی
نای بەن مثل خۆم له خۆیان کورسی

ئەوان حەز دەیکەن له موشاغەبە
ارتقاء خۆیان چی موناسەبە!

چونکه نەزانن اصول اداره
له جمع ثروەت زۆر بێ مهاره!

نصیحەت دەیکەم خۆم بەئەوشیان
لازم منییه ئەبن له خۆیان

ئەو عزت نفس بلاء معیبە،
له جمع ثروەت هەرشت مصیبە!

ئەمەش بۆ سەید نووری بەرزنجی الکونە کوتری دانراوە!!

ئەو سلیمانی جدا لطیف
ولاسیما لە فصل خریف

مناخ معتدل اثمار مختلف
اشهد بالله لە خۆم معترف

لاکن لەو بلدە هیچ نییە عمران
بەمرقد باوکم مثل سەر قەبران

علوا متصرف دەبم لە یەک سال
انقلاب سهول دەیدە بە احوال

ئەو سلێمانی دەبی لە جنت
ازدهار دەیکا لە عیلم و صنعت!

جمیع شوارع تەبلیط دەیکردم،



یەک شهرەت گەورە لە خۆم دەیبردم

ابنیە عصری لە طراز حدیث
نەشر دەیکردم تفسیر و حدیث

توظف نەیکا خۆم شخص خرافی
بەس یەک اشارە لە عاقل کافی

ئەم بلد حالی مظرە حزینە
لازم حدائق لە ئەو مدینە!

خۆم بعون الله زۆر امل دەیکەم
ئەو دقت زانی چۆن عمل دەیکەم

مثل هەموو شت لەو منصب جدید
اقتراح ئەیکەم یەک فکر سدید

طبعا خۆم عالم لە لوغەت کوردی
عدە قراءة ترجمە کردی

بعض لە اشخاص مثل خۆم عاقل
لەو لسان کوردی زۆر عالم فاضل

تشویقات ئەیکەم بەئەوان هەر جار
تألیف حالی خۆم بیکەن انتشار!

# پاشکۆی ئەم دیوانە

## أخي بيكهس

محمد مهدي جواهري

اخي بيكهس المنايا رصد
وها نحن عارية نسترد
اخي بيكهس يا سرجا خبا
ويا كوكباً في دجى يتقد
ويا صيد مجتمع دونه
فريس تلوى بشدقي اسد
ويا حاصداً من كريم الزروع
غلال الاسى والاذى والحسد
ويا نهزة الحقد حقد الذئاب
على حمل سارح لم يصد
بلا احد، سنة العبقري
يعي الناس اذ لا يعيه احد
بلا احد غير خضر الجبال
ووحي الخيال و صمت الابد
بلا احد يسنا امة
تنادت الى جمع شمل بدد
تصول بسيف كثير الحدود
اذا كل حد له جد حد
وكان شبا ذهنك العبقري
خير العديد و خير العدد
تثلم في معمعان النضال
ولمت له كسر تفتقد
ستخلد غارا على ثائر
وعارا على مستكين قعد



وخزيا لمتجر بالخشار
وفي يده اي علق كسد
واعمى ضمير يعد الاديب
صفرا، اذا الصفر منة عدد
بلا احد، ايها العبقري
وانت الجميع وانت الأحد

## نظرة في ديوان بيكه س

بقلم – عبدالمجيد لطفي

عندما فرغت من قراءة ديوان الشاعر الكردي المعروف – فائق بيكەس– واطبقت غلافه الاخير وجدت نفسي كأنّي كنت في عالم اخر.

عالم يتدفق بالأثارة، الهاب المشاعر الوطنية والقومية تعلو صوره وتهبط على اجنحة خفاقه من شعر الشاعر الكردي الراحل الكبير. وتساءلت ما السر في هذا السحر الخفي الذي اسرني و سحرني كما اسرو سحر غيري، وبالتأكيد ليست هي بلاغة الشاعر اللغوية، فأن شعره من السهل الممتنع فهو مفهوم و جميل الايجابة يتألق بذلك الجرس المرن في الوزن والقافية في كل بيت و شطر.

اذا نحيت تأثير الصور البلاغية وجمال السبك والبناء الشعري وضعت يدي على كنز هذا الشاعر الكردي الموهوب وهو –موهبته– التي لم تجف او تخذله قط ولكن هل هي الموهبة وحدها؟ لا، انما ينبثق هذا الجمال السحري في الواقع من الاتجاه والمحتوى او الهدف والمضمون بالدرجة الاولى.

واذا ما عرفنا ان شاعر قد ظهر في العشرينات من هذا القرن ونشر قصيدته (فيكرى سەركەوتن) اي طموح التقدم عام ١٩٢٥ في مدينة السليمانية عرفنا كم كانت الحاجة شديدة الى صوت جرئ مثل صوت الشاعر بيكەس في تلك الايام وفي أيام الكفاح الوطني المستمر والمتصاعد للقوميتين العربية والكردية. فقد كان تحرر العراق من ربقة الاستعمار البريطاني هو هدف تلك المرحلة فقد كان رجال الأستعمار البريطاني البارعون يقبضون على كل شئ تحت صورة رمزيه لوجود مملكة وملك ودستور... الخ.

ان من يقرأ ديوان الشاعر الكردي فائق بيكەس لابد ان يجد ان الحس القومي الكردي لديه كان حادا و مرهفا لذلك فقد كان النقاوة بالحس القومي العربي كبيرا ومتجاوبا ومتحدا في وجه العدو الأستعمار المشترك.

وبذلك فأن كفاحه كان عريضا على كل افق ومتسع لان كلتا القوميتين العربية والكردية كانت بحاجة الى وحدة الصف من اجل مستقبل العراق الذي يضم القوميتين وضرورة النضال المشترك. ولكن شعر بيكەس مع ذلك يتصف بجدية مرهفة في القضايا الكردية الخاصة بالكرد محليا واخلاقا حملها علاقة بالسلائق الكردية و حميتها. لذلك



فأن حياة بيكەس امتداد تأريخي لمرحلة الكفاح المتصاعد والمتفاقم في العراق ضد الأستعمار وبعد ذلك بهذا الشكل او بآخر ضد المفاسد والمظالم للمرحلة الملكية المبكره و نقد ماهو زائف و مرهوم على الرغم من ظهور الشكليات الدستورية و انبثاق البرلمان و الصحف والمعارضة الفعلية او المفتعلة في محاولة لأمتصاص الغضب وتمزيق الوحدة الوطنية والتشكيك بمقدرة واخلاص القادة الجادين من اجل مصلحة الشعب وحريته الحقيقية.

اما وقد بلغت هذا الحد من القول عن الشاعر فأرى ان اكتفي به لاقف وقفة اجلال واحترام و حب مع من جمع و ثبت ووضح وشرح هذا الديوان واخرجه بهذا التكامل في الشكل والأناقة الناضجة مع هوامش شارحة للخلافات الواقعه بين هذا و ذاك في هذه القصيدة او تلك او في تأريخ هذه القصيدة و مكان قولها. وتلك ولم يكن هذا مستغربا بالنسبة لي منذ البداية بل كنت اتوقعه من المفكر والباحث الكردي المرموق الاستاذ محمد الملا كريم – وقد اشرف على جمع الديوان و تبويبه و تصحيحه وقبل ذلك حين اغنى الديوان بتلك الدراسة الشاملة والناقدة المؤرخة للشاعر بيكەس في المقدمة فقد كتب الكاتب الباحث ملا كريم عن كلّما له صلة بأفكار واتجاهات الشاعر ونسبه و سبل حياته واعماله من اجل العيش المسار القومي لاشعاره و ابداعاته وصوره الشعرية بحيث لم يترك الفكر الاكاديمي الذي يتمتع به الاستاذ الباحث (محمد ملا كريم) شيئا مما يجب ان يقال عن الشاعر على امتداد حياته المستمرة عناقيد من الحب للوطن ملوحا بالامل الشاسع الوردي للمستقبل المحمول على تيار متصاعد من قصائده. الأغاني قصائده المثيرة والمذكورة معاً وأبداً بالوجود القومي والتأريخي لشعبه ومواصلة النضال المشترك مع العرب الأخوة والأصحاب والشركاء في الوطن الذي كان بحاجة الى كل الجهود للوصول الى مصير أفضل ماكان اشد توقان العراقيين اليه خلال نصف قرن ملتهب منذ بدايته.

ولقد كان لزاما بل مطلباً قومياً ملحّاً ان يكون ديوان بيكەس بين ايدي القراء لاسيما من الجيل الجديد الذي لايعرف بيكەس ولايسمع من شعره الا القليل ولا من نضاله الفكري المتواصل سوى الاقل و مما يشبه النوادر والفكاهات لأنّ سيرة حياته الشخصية كانت غاصة بمثل تلك النوادر المرة او الحلوة لما ازدحمت به من حلاوة ومرارة فعلى الرغم من حدة طبعه وحرارة شعره وصدق مواقفه الجاده فقد كان رائع الدعابة مرحاً حتى في اسوء سني حياته واكثر ضنكا وتشرداً ومطاردة و ضيقاً.

ومع أن الشاعر بيكەس من الشعراء الذين عاصرتهم من العرب والكرد فانني لم اره غير مرة واحدة حين زرت اواخر الثلاثينات قائمقام قضاء جمجمال مع اخي في طريق السفر الى السليمانية وهناك وجدت الشاعر بيكەس يقرأ على القائمقام المزيد من قصائده بالحاح من القائمقام.

لقد كان بيكەس متوسط القامة اقرب الى الأمتلاء بشعر كستنائي كثيف ووجهه مجدور وعلى احدى عينيه سحابة بيضاء من غشاوة لابد انها كانت من آثار الجدري وبسببه كان يرتدي بدلة كاملة وثوباً نظيفا ورباطاً موردا وهو في افضل احواله فشكرا خالصا للأستاذ الباحث المنقب محمد ملا كريم الذي اغنى المكتبة الكردية قبل هذا بالعديد من الكتب التاريخية والتحقيقات العلمية عن الضائع والمندثر من الشعر الكردي لاسيما ماذاع وضاع ايضا لكبار الشعراء والمشايخ المتصوفة الكرد من القرنين الثامن عشر والتاسع عشر الى جانب ماجمع وحقق ونقد من كتب او مؤلفات عن الشعراء البارزين مثل، نالي، خاني، الحاج قادر الكويي، وغيرهم فوسع بذلك في افق الحركة الأدبية بحثا وتأليفا باللغة الكردية حين كتب ما كتب باصالة في الراي وحلاوة في التعبير مع حياد تام صادر من خلفه الموروث وفكره الأكاديمي الحي معززاً بذلك من مركز الثقافة الكردية بسعة معارفه وقرءاته المتصلة للكتب والمراجع بثلاث لغات حية عدا لغته الكردية الصافية التي يكتب بها دون توقف او تراخ منذ ربع قرن من الزمن المليئ بالكفاح الفكري والأدبي والسياسي وعلى كل صعيد منها.



# بێکەسی شاعیری خەباتکەر

ئیبراهیم ئەحمەد
١٩٥٨/١٢/١٨

بێکەس بەلای منەوە لە دوای حاجی قادری کۆیی یەکەم شاعیری نیشتمانیی کوردە کە ئاڵای بوژاندنەوە و وریاکردنەوەی بیر و باوەڕی کوردایەتی هەڵگرتبێ، بێباک لە هەموو سەختی و تاڵی و نالەبارییەکی ڕێی خەبات و بەپێچەوانەی هەموو تیر و توانجێکی دەورووپشتی بێ کۆڵدان هەر لەو ڕۆژەوە دەستی کردۆتە شیعر وتن تا ئەو ڕۆژەی مەرگی بێ ئەمان دەمی پێ لێکنا ئەم ئاڵاپیرۆزەی دانەنا، هەمیشە ڕزگاری نیشتمان و بەختیاری گەل کەڵکەڵەی هەرە گەورەی مێشک و ئاواتی هەرە بەرزی ژیان و وێردی دەم و زمانی بوون. وەکو لە بەندیخانە لە (١٩٣٠)دا لەو شیعرەیدا کە بەبۆنەی کارەساتی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولەوە دایناوە ئەڵێ:

من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێ نەگەی
حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە
بەو خوایەی بێ شەریک و لامەکانە و واحیدە
عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە
ئاگرێکی وا کە سەد ساڵ ئاوی بڕژێنیتە سەر
قەت گڕ و کڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە

لەگەڵ ئەمەشدا نابێ وا تێ بگەین کە بێکەس هەر بەدەم کوردایەتی کردووە و هەر بەشیعر خەڵکی هان داوە بۆ خەبات کردن بەرامبەر بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی نۆکەری، بۆ خۆ ڕزگاکردن لە کۆتەی دیلی و هەژاری و نەزانی و نەخۆشی، بەکردەوەش یەکێک بوو لەوانەی لە ڕیزی یەکەمی بزووتنەوەی کوردایەتیدا خەباتیان ئەکرد و هەمیشە وەکو لە شیعرەکانیا ئەڵێ لەو باوەڕە لای نەدەدا کە:

(لافی میللیەت بەدەم لەم عەسرەدا کەڵکی نییە
ڕۆژی هەوڵە هەر بەهیمەت گۆی هونەر ئەبرێتەوە)

(داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێت قەت بەر ناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ

پیاو ئەبێ بۆ سەندنی هەقی خۆی لە کوشتن سڵ نەکا
هەر بڕۆخێ بەس نییە، تاکو نەسەندرێ نادرێ)

لەو بەربەرەکانییەدا کە کورد کردی بەرامبەر بە بەستنی پەیمانی (١٩٣٠) لە بەینی حکوومەتی نیشتمان فرۆشی عێراق و بەریتانیادا (بێکەس) یەکێک بوو لە پێشڕەوە ڕاستەقینەکانی گەل لەو هێرشانەدا کە ئەیبردە سەر قەڵای کۆنە پەرستی و ئیمپریالیزم، بۆیە کە دوژمنانی کورد و عەرەب کوشتارەکەی شەشی ڕەشی ئەیلوولیان کرد بەونیازەی تۆوی دوژمنایەتییەکی خوێنین لە نێوان دوو نەتەوەدا بچێنن بێکەس یەکێک بوو لەو خەباتکارە گیراوە بەندکراوانە کە نۆکەرانی ئیستعمار ئەیان ویست دەستە خوێناویەکەی خۆیانیانی پێ بسڕن ئۆباڵی کوشتارەکەیانی بخەنە ئەستۆ. بەڵام تەوژم و هێزی کوردایەتی لە ڕاپەڕینی شێرانەی خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی نەمر حکوومەتی خوێنخۆری نووری سەعیدی ناچار کرد کە گیراوان بەر بدا و کەوتنەکەی خۆی دیزەبەدەرخونە بکات بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ڕیسوا نەبێ و نەختێ ڕق و دوژمنایەتی خەڵک دامرکێنێتەوە.

(بێکەس) لە ڕێگەی ئازادی پەرستی و نیشتمان پەروەریدا هەموو ژیانی پێ کرابوو بەئازار و دەرد و ناخۆشی و دەربەدەری. نەک هەر ژیانی تەنانەت دوای مردنیش دوژمانی گەل وازیان لێ نەهێنا، ئەمری گرتنیان بۆ دەرکردبوو کە بگیرێ و بدرێ بەدادگەی عورفی. لەگەڵ ئەمەشدا بێکەس وەکو هەموو خەباتکارێکی نەبەزی خاوەن بیروباوەڕ دەربەدری و ناخۆشی وڵاتی و برسێتی و تەنگ پێ هەڵچنین تا ئەهات زیاتر هانیان ئەدا و قاڵتریان ئەکرد بۆیە هەر دوای ئەو گرتنەی (١٩٣٠) تەخمیسی پارچەی شیعرە جوان و پڕ هێز و بیری شۆڕشگێڕانەکەی (پیرەمێرد) بوو کە بۆ ئەو وەفدەی وتبوو دوای کوشتاری شەشی ئەیلوول چوونە بەغدا بۆ بەپیرەوەچوونی (فەیسەل) لەوێدا ئەڵێ:

قەت وا تێ نەگەن چاومان شکاوە
کوشتن و بڕین دائیم بۆ پیاوە
لەناو دۆشەکا کەی هەق سەنراوە
(خەیاڵتان خاوە کورد نەفەوتاوە
بەراتی نەجات بەخوێن نووسراوە)
میللەت مەتینە عەزمی نانەوێ
لە غایەی بەرزی خۆی هەر ناکەوێ
لەتوپەت کرێ حقوقی ئەوێ



(من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەر ئەکەوێ)

هەروەها (بێکەس) ئەو هەموو کوشتن و بڕین و هەڵواسین و ڕەو پێ کردنەی دووچاری نەتەوەکەی ئەبوو لە ڕێگەی بەگژاچوونی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیدا ئازاتر و توندتر و تیژتر ئەبوو، بڕوای بەنزیک بوونەوەی ڕۆژی ڕزگاری زیاتر و پتەوتر ئەبوو، داوای مزگێنی ئەکرد بۆ هەواڵی ئەو قوربانیانەی کە نەتەوەی کورد بەهەموو کوڵی دڵەوە پێشکەشی ئەکرد لە پێناوی ئازادی و ئاشتیدا بۆیە ئەبینین کە باسی کوشتاری ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولمان بۆ ئەکات لە شێوەی مژدەیەکی تا بڵێی خۆشا ئەیگێڕێتەوە کە ئەڵێ:

(ماتەمی تابەکەی دەی پێکەنە و سەر هەڵبڕە
موفتەخیربە شوهرەتت وا عالەمی گرتۆتەوە
نەگبەتی لاچوو، سەعادەت بۆتە پشتیوانی تۆ
کەوکەبی بەخت و فریشتەت بەرزە ئەدرەوشێتەوە
بێ قسورە چەن جەسوورە سەد شوکر ئەولادەکەت
وا لە ڕێی تۆدا لە خوێنا سەیری چۆن ئەتلێتەوە)

ئا ئەوەتە بەهۆی هەڵواسینی چوار جوانەمەرگە شەهیدەکانمان (عیزەت و خۆشناو و قودسی و خێروڵڵا)وە ئەڵێ:

(قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین
میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین
میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان
بێتە بەرسێدارە بێ ترس دەم بەخەندە و پێکەنین
قەومی وا نامرێ ئەژی با دوژمنانی هەر شەق بەرێ
ساحبی ڕۆڵەی نەبەردە خاوەنی عەزمی مەتین)

جگە لەمە بێکەس وەکو نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینە بڕوایەکی نەگۆڕی هەبوو بەبرایەتی گەلان و یەکێتی خەباتیان لە ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی بەتایبەتی یەکێ بوو لە لایەنگرە ڕاستەقینەکانی برایەتی کورد و عەرەب و هەمیشە لەو بیرەدا بوو کە ئەگەر ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی نۆکەری لەناوا نەهێڵرێن بناخەیەکی مێژوویی بۆ ئاشتی و خۆشی پتەو فراوان هەیە لە نێوان نەتەوەی کورد و عەرەبدا بۆ ئەوەی کۆشکی پێکەوە

ژیانێکی پڕ کامەرانی و ئازادی و وەک یەکمان بۆ لەسەر بنیات بکرێ و هەر بەم سەرنجە فراوانە پڕ برایەتی و هیوایە ئەم شیعرانەی کە بەبۆنەی ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی کانوونی دووەمی (١٩٤٨)ەوە وتویەتی:

ئەم عێراقە خۆشەویستە خاکی گوڵ و گوون بوو بەخوێن
تا هەقی دەسگیـــر نەبێ لەم خــوێنە دەس هەڵناگــری
گـلــۆڵەی کـەوتە لێـژی باوی ئیـســتـعـــمـار نەمـا
هیچ کەسێک ئیـتـر بەزوڕنا و تەپڵی ئەو هەڵناپەڕێ

داخی بەجەرگ بێکەس نەژیا تا ببینێ چۆن قسەکانی هاتەدی و گەلی عێراق دەستی لە خوێنی ئازادی و شەهیدانی هەڵنەگرت تا گەیشتە سەربەخۆیی و ئازادی و دامودەزگای زوڵم و ئیمپریالیزم و نۆکەرانی تێکومەکان دا، لاشەی خوێن خۆرانی گەل و سەرانی حوکمی و بۆگەنی پاشایی هەپروون بەهەپروون کرد لە خاکی پاکی خۆیان گۆڕیچەیەکیشی پێ پیس نەکردن. داخی بەجەرگ بێکەس مرد، چاوی بەم نۆبەرەی خەباتی یەکگرتووی کورد و عەرەبە نەکەوت کە یەکێ لە ئامانجەکانی جێبەجێ کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کوردە لە سنووری عێراقدا. ئەو مافە نەتەوایەتیانەی (بێکەس)ی نەمر بەدرێژایی ژیانی خەباتی بۆ ئەکرد.

دوا شیعری بێکەس لەو نموونانەدا کە باسمان کرد ناچارم ئەکات کە سەرنجتان ڕاکێشم بۆ لایەک کە ڕەنگە لای هەندێ کەس هیچ پەیوەندییەکی بەبیرەوەری بێکەسەوە نەبێ ئەویش ئەو شیعرەیەتی کە ئەڵێ:

(وا گـلــۆڵەی کـەوتە لێـژی باوی ئیـســتـعـــمـار نەمـا
هیچ کـەسێ ئیـتـر بەزوڕنا و تەپڵی ئەو هەڵناپەڕێ)

ئەم ڕایەی بێکەس لەم شیعرەیدا دەری بڕیوە یەکێکە لەو ڕایانەی لە دوای ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی (١٩٤٨) لەناو نیشتمانیەکانا بڵاو بووەوە و، لە مێشکی زۆریاندا بەجۆرێکی لەبن نەهاتوو جێگیر بووبوو.

بێکەس وەکو شاعیرێک پەیوەندییەکی توند و نەپساوەی هەبوو لەگەڵ گەل هەمیشە دەربڕی بیروباوەڕ و داڕێژەری ئازار و ئاواتی هەموان بۆیە شیعرەکانی لە هی هەموو شاعیرێکی کە زیاتر و زۆرتر بڵاو ئەبووەوە بەناو خەڵکا، ئەو خەڵکەی کە ئەو شیعرانە سکاڵای دەردی دڵ و ئاوێنەی هیوا و ئامانج و دەرخەری بیر و باوەڕی بوون.



ئەوەی وام لێ ئەکات لەسەر ئەم شیعرە بدوێم ئەوەیە کە وەکو هەموومان بەچاوی خۆمان دیمان زۆر بەهەڵە چووبووین لەم ڕایەدا و دوژمن وا گلۆڵەی نەکەوتبووە لێژی وەکو ئێمە بەبیرماندا ئەهات و لە ئەنجامی ئەم دوژمن بەکەم زانین و خۆ بەزل دانانەدا گەلی عێراق بەکورد و عەرەبییەوە دوچاری دەرد و ئازار و کوشتن و گرتنێکی زۆری وابوو کە بۆ ماوەی دەساڵ خستیەوە ژێر چنگی ئیمپریالیزمی خوێنمژ و نۆکەرانی نیشتمان فرۆش. ئەمە وامان لێ ئەکات کە بەوپەڕی هێز و توانامانەوە بچین بەگژ ئەم چەشنە خۆ بەزل دانان و دوژمن بەکەم زانینە بێ جێیە بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرەتای کارە ناپەسندەکانی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی دەرکەوت و بۆی ڕوون کردینەوە کە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی وا بەئاسانی لەناو نابرێن و لە شکانیانا گلاوتر و پیستر و بێ ویژدانتر ئەبن بۆیە پێویستە لەسەرمان، لەسەر هەموو هاوبیرێکی بێکەس، لەسەر هەموو هاونیشتمانێکی خەباتکار بەوپەڕی ئاگادارییەوە ئاگاداری هەموو جووڵە و کارێکی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی بێت پێویستە لەسەر هەموو هێزە نیشتمانیەکان بەوپەڕی وردی و ڕاستییەوە تەماشای هێزی خۆمان و هێزی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بکەین و هەرگیز ماوە نەدەین کە پیاڵەی سەرکەوتن مەستمان کات و دوژمن کە وەکو ماری کەسیرەیە بەمردوو بێ کێش بزانین! بەمە ئەتوانین لە هەموو شتێکی تر زیاتر نرخ بدەین بەبیرەوەری (بێکەس)ی شاعیری خەباتکاری کوردەواری.

ئیتر بژی یادی شاعیری نەمری کوردایەتی (بێکەس)

## شەرەف

بێکەس و بەختیار زێوەر کردوویانە بەکوردی

وشەیەکە گەلێ تیرە لە ئادەمیزاد هاواری پێوە ئەکا، بەڵام گەلێکیان لە مانا ڕاستەقینەکەی ئاگادار نین، دەستەیەکیان، لایان وایە شەرەف ئەوەتا لە دروست کردنی کۆشک، بڵندکردنەوەی خانوو، ڕازاندنەوەی دیوار، ژووری نۆکەری و دەس و پێوەند، پەیاکردنی ئەسپ و سواربوونی گالیسکەیە.

دەستەیەکی تریان لایان وایە شەرەف ئەوەتا لە لەبەرکردنی جلی نایاب و خۆ ڕازاندنەوە بەخشڵ و زێڕە، کە داڕژابێ بە بەردی وەکو ئەڵماس و یاقوت و زمروت و وێنەی ئەمانە. دەستەیەکیان وا دێت بەبیریانا کە شەرەف ئەوەتا لە دەست کەوتنی هەندێ لەقەب وەکو بەگ و پاشا یاخۆ لەو مەدالیانەدا کە پێی ئەڵێن نیشان و بەو ناوە زل زلانەوە کە هەیانە وەکو یەکەم لە فلان پۆل، دووەم لە فلان پلە جا چاوت پێ ئەکەوێ گەلێ پیاو ماڵی هاوڕێی خۆی تالان ئەکا، یا ماڵی خزم و نەتەوەی یا هی هۆزەکەی و هاوڵاتییەکانی ئەدزێ، بۆ ئەوەی بەم ماڵە حەرامە کە چنگی کەوتووە کۆشکێک دروست بکا، یا خانوویەک بڵند بکاتەوە یا ماڵێک بڕازێنێتەوە کە دەوروپشتی بەنۆکەر و پاسەوانی بۆ دابنێ لە خزمەتکار و واتێ ئەگات بەوە گەورەیی و شانازی پێوە بکا بەسەر هاوڕێکانیا و، وا دێت بەبیریا کە گەیشتووەتە پایەیەک کەس نایگاتێ، خۆی بەم ئەحواڵەی خۆی ئەڵێت (شەرەفدار) و لای وایە گەیشتووەتە مانا ڕاستییەکەی. هەندێکی تریش هەیە شەونخونی ئەکێشێ و ڕۆژگار ئەبڕێت بۆ دۆزینەوەی هۆیەک بۆ ئەوەی لقێک لەو لقانەی دەس بکەوێ، یا مەدالیایەکی چنگ بکەوێ، یا بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ، ئیتر ئەو هۆیانەی هەموو بەلاوە پەسندە هەرچییەک ئەبێ ببێ، با نیشتمانەکەشی پێ وێران بێ، یا هۆزەکەی پێ زەبوون ببێ، یا هاوڵاتیەکانی پێ پارچە پارچە ببێ، لای وایە ئیتر گەیشتۆتە (هەرە چڵی بەرزی شەرەف).

ئێمە ئەبینین ئەم خەیاڵاتانە هەمووی لەجێی ڕاستی جێگیر بووە لە مێشکی گەلێ کەسدا بەڵام لامان وایە چاوی ڕاستی کوێر نەبووە لە عاستیان، ئەوان خۆیان کوێر کردووە بۆ بەجێهێنانی ئامانجیان و لەڕێی ڕاستی لایان داوە.

چی پێ ئەگات و بەچی ئەبێ ئەوەی شانازی بە کۆشک و نۆکەر و کارەکەرەکانیەوە



ئەکا؟ ئایا پێ نازانێ ئەگەر بێت و زیاتریش لەوەی چنگ بکەوێ کە بەبیریا دێت خۆی هیچ سوودێکی لە کەماڵ وەرنەگرتووە و، ئەو هەموو شتانە کە پەیای کردووە بەخویش و بێگانە و دوورە لێی و هیچی پێ نابڕێت لەو دەردەسەریە زیاتر کە بۆی کێشاوە، ئایا نابینێ ئەوانەی گەیشتوونە ئەو پایە و بڵندتربوونەوە، چەپگەرد هەمووی لە چنگ دەرهێناون، هەر ئەوەیان بۆ ماوەتەوە بەو خوڕەوشت و سەروسیمایەوە کە بویان، ئەگەر لە کەماڵی ئینسانی بێ بەهرەبووبن چوونەتە ریزی دەستەی بێ ڕێزەوە لە هیچ دڵ و دەروونێکا جێگایان نەماوەتەوە.

چی پێ ئەبڕێ ئەو کەسەی شانازی بەخشڵ و جلەکەیەوە ئەکات، ئەگەر ئەوانەی لەبەر دابکەندرێت و بەرووتی بمێنێتەوە ئەگەر خۆی خاوەنی کردەوەی بەرزی بەنرخ و خاوەنی جوانی پێگەیشتن نەبێ، ئاخۆ سواڵکەرە ڕووت و قوتەکان لە ڕیزی یەکا نین؟ ئایا پێ نازانێ ئەو کەسەی دڵخۆشی خۆی ئەداتەوە بەخۆ هەڵکێشان، هەمیشە لەگەڵ تیاترۆ و ئافرەتی خراپا لە کۆڕێکا دێن و دەچن؟ چی پێ ئەبڕێت ئەوەی بەڕوتبەکەی ئەنازێ و بەمەدالیاکەی بایی بووە، ئەگەر لە پێش ئەوەدا بگاتە ئەو مەدالیەیەوە بڵند بێتەوە بۆ ئەو ڕوتبەیە، لەسەر ئەحواڵێک نەبووبێ بەگەورە زانرابێ یا پێ گەیشتنێکی نەبووبێ بەگەورە ژمێررابێ، ڕەنگە لێی دابکەنرێت ئەچێتەوە دۆخی ڕیسوایی جارانی؟ گریمان بەو لەقەب و نشانەی کە هەیەتی لای هەندێ نادان حورمەتی بگیرێ، ئایا ئەو حورمەتە لەبەر لەقەبەکەیە یا لەبەر خودی خۆیەتی؟ کەوابوو دیارە ئەمە وێنەیەکی ئاشکرایە کە هیچ دەخلێکی بەسەر نەفسی خۆیەوە نییە.

بەڵێ ئەو لەقەبە بەنرخانە ئەوەندە هەیە بەڕادەیەک سەری پیاو بڵند بکاتەوە، کاتێ لە پێشەوە ئیشێکی کردبێ کە هەموو کەس گەواهی بۆ بدا کە ئەو ئیشەی شەرەفدارە و، ئەو لەقەبە بەڵگەی ئەو ئیشە بەشەرەفە بێت، بەپێچەوانەی ئەوەش تووشی شکاندن و بەدناوی ئەبێ ئەگەر پێشەکی ئیشێکی کردبێ خەڵکی بەناشرینی بژمێرن، جا ئەو مەدالیایە یا ئەو لەقەبە ئەبێتە سەر ڕوشتە بۆ ئەوەی خاوەنەکەی چی دەس کەوتووە یا ئەبێتە نیشان بۆ ئەوەی چ خراپییەکی لێ ڕوواداوە.

سەرنج دە و ورد بەرەوە ئەو (عثمانی غازی)یەی کە دوشمنەکانی ناویان نا بە (شیری شەرکەر) گەیشتە ڕوتبەی لەقەبی پێ بەخشراو چووە پایەیەکی بڵند لەناو دەستەی پیاوە گەورەکانی حکوومەتەکە، پاش ئەوەی گیانی خۆی هاویشتە گێژاوی مردنەوە بۆ پاسی

هۆزەکەی و هەوڵی دا بۆ بڵندکردنەوەی ئایینی خۆی، بەڕەنگێک کە دۆست و دوژمنی خۆی دانیان پیانا (هەندێکیش لە پیاوە گەورەکان لەناو ئیسلاما لەقەبی بەرز و نایابیان پێ بەخشراوە، لەبری ئەو ئیشانەی کە کردوویانە بۆ پێشڕەوی سوپای دوژمنەکانیان، تاکو ئەو حکوومەتە بێگانەیەیان لە وڵاتەکەیانا جێگیر کردووە، ئێستاش زۆری موسوڵمانان هەوڵ ئەدەن و کۆشش ئەکەن بۆ ئەوەی شتێک بدۆزنەوە و دەریان پەڕێنن و لەو حاڵە ڕزگار بن).

جا ئەو جێ نیشانە لە کوێ کە بەسنگی عثمان پاشای غازییەوە بوو لەگەڵ ئەو جێ نیشانەی کە بەسنگی ئەو تەفرە دراوانەوەیە، وا ئەزانم بەتەماشاکردنێکی ئەم دوو جێیە لێت ئاشکرا ئەبێ کە نیشانی شەرەفدار ئەبێ بەو فرمانە بەرزەوە کە بەڵگەیە بۆ ئەو و، بێ نرخیش ئەبێ بەبێ نرخی ئەو فرمانە، چ شتێک ئەو گومڕایانەی لەخۆ بایی کردووە؟ ئایا نازانن ئەو بەرگانەی خەت خەت و خاڵخاڵ کراون بەخوێن و ڕەنگاوڕەنگ کراون بەجوانمەردی، ئەوەیە ناوی چاکی پاراستووە بۆ خاوەنەکەی و نابڕێتەوە و، شوێنێکی گەورەی دروست کردووە کە لەناو ناچێ؟ ئەوانەی لە ڕێی هەوڵ و کۆششێ کە بۆ بڵندی هۆزەکەیان داوە لە خوێنی خۆیان تلاونەتەوە، ئەوانەن کە باسیان کرا بەترس و سەماوە گوێیان لێ ئەگیرێ و، لە هەموو دڵێکا پایەبڵندییان جێگیر بووە، ئایا نەیان بیستووە ئەوانە مردوون لە کون و قوژبنی زیندان و ژیانیان کۆتایی هاتووە لە تاریکی بەندیخانەدا لە پێناوی حەقێکی داگیرکراو، یا بۆ پاراستنی گەورەییەک کە بووبێت ئەوانەن ناویان بڵند بۆتەوە و گەیشتوونەتە ئاسمان ناویان بەسەر گشت ناوێکا بەرز بۆتەوە.

وا ئەزانم ئەوانەی کە لە ژووری کۆشکی بڵندیانا بوون و تەماشای باخ و بێستانەکانیان ئەکرد و ئەیانڕوانیە خەڵکی لەسەر بانی کۆشکە بەرزەکانیانەوە، ژیانی خۆیان ڕائەبوارد بەخۆشی دەست کەوتنیانەوە باسیان کۆتایی هات و، لە ژیانیانا هیچیان دەست نەکەوت تەنیا ئەوە نەبێ کە لە چواردیواری ماڵەکەیانا بوویانە. هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەوانا ئەوانەش کە جلەوی ناز و نیعمەتیان ڕائەکێشا و جلی ئاوریشم و دیبایان پەیا ئەکرد هەموو ڕۆیشتن بەخۆیان و جلیانەوە، پاشەوپاش چوونەوە بۆ ئەو جێیەی کە لێی هاتبوون. نازانرێت کەی هاتوونە سەر ئەم زەمینە و کەی کۆچیان لێ کردووە.

ئایا بیستراوە کەسێک ناو ببرێت لەناو خەڵقا و بڵێن ئەمە نیشانێکی وای وەرگرتووە



و گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز؟ نا: بەڵام ئەڵێن تێگەییوو ئیشی کرد، بەخشی و لەناو برد، بڵندی کردەوە وا داینا، تێ کۆشا و بەرهەڵستی کرد، لەناوبرد و هێشتیەوە لەگەڵ ئەو ئیشانەی کە هاوتایی ئەمانە بکات و شوێنی بمێنێ، ئەگەر باسی ئەسکەندەری گەورە بکرێت ئاخۆ بەدڵا دێت کە کۆشکی بووە یا نا؟ چ شتێک هەیە بگەڕێت بۆ کردەوەی ناپلیۆنی یەکەم لە شوێنی ئەو کۆشکەی کە تیا دائەنیشت یا لەو جلە شڕ و شیتاڵانەدا کە لەبەری ئەکرد، ئایا گەورەکانی دنیا بەخانووکردن و خۆ ڕازاندنەوە و ناز و نیعمەت گەیشتوونەتە پایەی بڵندی شەرەف یاخو بەگەورەیی و وڵات داگیرکردن و سەرکەوتن و زەبر و زەنگ چنگیان کەوتووە؟ هەندێک بەخەو خۆش تەفرەی خواردووە و بایی بوون بەخەیاڵات و، دەست درێژییان کردووە لە ئیشی نیشتمانەکەیانا، ئەو شەرەف و گەورەییە بڵندەی کە بوویەتی فرۆشتوویانە بەو ناو و ناتۆرانەی کە بۆ هیچ دانەنراون و وا تێ گەیشتوون ئەگەرچی دڵیان باوەڕی پێ نەکردووە کە گەیشتوونەتە شەرەف و گەورەیی لە پاش ئەمە کە زانیویانە ئەو ڕوتبە و نیشانانە لە سنووری خۆی تێپەڕیوە و چنگ ناکەس کەوتووە. ئەگەر ئەوانە بێن و گوێ بگرن لەوەی کە بەدڵیانا دێت و لەو سەرزەنشتانەی دڵیان پێیان ئەکات و چاو بگێڕن و بەچواردەوری خۆیانا و تەماشای ئەوانە بکەن کە دەوری داون، ئەوسا ئەزانن لە پێشترین جێ سووکترین شوێنی بەدناویان و، خۆیان هەست ئەکەن کە لە مەعنای شەرەف بەهەڵە چوون و، تێ ئەگەن لە ڕێی ڕاست لایان داوە و دوورکەوتوونەتەوە ئەگەر پێ بزانن وڵاتەکەیان تووشی چ چورتمێکی گەورە بووە و، چ بەندەگی و شورەییەک ئاڵاوەتە نەتەوەکانیانەوە، بەرگە ڕەنگاوڕەنگ و مەدالیاکانیان توڕئەدا و بەرگی ڕەشیان ئەپۆشی و بەکۆمەک لەسەرخۆ ئەگەڕان بۆ دۆزینەوەی شەرەفی ڕاستەقینە.

شەرەف ڕاستیەکە ئاشکرا و دیارە کە ئایین نیشانی داوە و بیری زانایانی زەمین سنووری بۆ داناوە، ڕەوا نییە هیچ کەس لە ئادەمیزاد دوو دڵ بێ لە تێگەیشتن (مەگەر ئەوە نەبێ کە یەزدان دڵی ڕەش کردبێ و پەردەی تاریکی بەسەر چاویا کێشابێ)

شەرەف جوانی پیاوە، هەموو لێی ورد ئەبێتەوە، بیر و خواهشی دڵان ڕووی تێ ئەکا، جوانییەکە وێنەی لەبەر چاو و دڵان خۆشەویستە، ڕووناکی ئەو جوانییەش ئیشێکە کە خاوەنەکەی بیکا و شوێنێکی جوانی بێ لەناو هۆزەکەیا، یا لەناو نەتەوەی هۆزەکەیا، یا تێکڕا لەناو گشت ئادەمیزادا وەکو ڕزگارکردن لە جورتم، یا دەرخستن و لابردنی نەزانی، یا وریا کردنەوە بۆ داواکردنی حەقێکی داگیرکرابێ، یا وریاکردنەوە لە هەل ئەنگوتن، یا

بێدارکردنەوە لە بێ هۆشی، یا ڕێ نیشاندان بۆ چاکەیەکی گشتی، یا پاراستن لە خراپەیەک دڵتەنگی لە دوا بێ، یا لەناوبردنی کردەوەی ناشرین یا بیر ڕووناک کردنەوە، یا هێنانە بەرهەمی یەک قسەیی و تازەکردنەوەی دۆستایەتی، یا سەندنەوەی هێزێک و ڕزگارکردنی لە بێ دەسەڵاتی، یا هاندان بۆ ئازاییبیەک .

کەوابوو کەسێک ئەگەر ئیشێکی کرد و شوێنێکی بوو لەوانەی کە وتمان ئەوە (شەریف)ە با لەناو زنج و ژێر گەڵا دارا دانیشتبێ و جلە کۆن و خەرقە شڕی لەبەرابێ و سەوزایی دەشت و خواردەمەنی بێت و شەو لەسەر گڵی هەژاری ڕۆژ بکاتەوە و بەرد بکا بەسەرین و سەر بەهەموو دۆڵێکا بکا و، هاتوچۆ بکا لە بەرزایی و نشێویدا، ئەمە خشڵێکی هەیە لە کردەی خۆی، جوانییەکی هەیە لە پێگەیشتن، ڕەونەقێکی هەیە لە کەمالی، ڕوناکییەکی هەیە لە تێکۆشینی، ئەوانەی هۆشیان لێ گوم بووبێ و دڵیان پەرێشان بێ ڕووی تێ ئەکەن، خاوەنی بیری ورد ئەیانناسن و ڕوویان لێ وەرناگێڕن، کۆمەڵی دڵانی پاک و ئاوارە دەورەیان لێ ئەدەن و لێیان جوێ نابنەوە، لەو گیانەی کۆشکی بڵند و ژووری ڕەنگاوڕەنگ دیمەنی جوان جوان و جوانی پڕ لە ڕووناکی و پڕشنگی درەخشانی هەیە، وشەی پیرۆزی ڕوو لەو ئەکا ئیشی جوانیشی بڵندی ئەکاتەوە بۆ بەرزترین بەرزی، ژیانێکی پیرۆزی هەیە لە وڵاتا و شکوهێکی درەخشانی هەیە لە چاوی گەردوونا (ئەوانەی کە تێ ئەکۆشن با بۆشتی وا تێ بکۆشن).

بەڵێ زۆر جار قسەی ناشرین و سەرزەنشت ڕووی تێ ئەکا لەلایەن ئەوانەی کە دڵ و دەروونیان پیسە، پلار و توانجی تێ ئەگرن و لۆمەیی ئەکەن، خونچەی کردار و گۆپکەی درەختی باخەکەی لەبەر چاویان جوان نانوێنێ، چونکە لە تێگەیشتنی ئەوانەی دوورە و عجائبە لەلایان لەبەرئەوەی هێندە بەسەر ئەو شتە ناشرینانەدا کەوتوون کە خۆیان بەشەرەفی ئەژمێرن و بەگەورەیی ئەزانن، ئێمەش باسمان کرد کە چۆن ئایین ئاشکرای کردووە لەگەڵ بیری تێگەیشتووان، ئەوانە وەکو قالۆنچە وانە کە لە بۆنی گوڵ ڕائەکا و ئەچێتە ناو شتی بۆگەنەوە، هیچ بەدووری مەزانە ئەوانەی کە کرداریان جوان نییە گاڵتە بکەن بەزانای ئیشکەر، یا بیەوێت زیانی پێ بگەیینێ، ئەوەی کە هیچ کەس نایناسێ، بەڵام گاڵتە بەخۆیان ئەکەن و زیان لە سوودی خۆیان ئەدەن، گەردوون ئەوەندە ماوەیان نادات لەو کوێرەوەریەدا کە تێی کەوتوون بگرە خۆشیان خۆیان ناگرن ئەگەر میوەی کرداری هاتەبەر بەکۆمەڵ ڕائەکەن بۆ چنینی و بەشی ئەوەشی لێ ئەدەن کە زیانی پێ گەیاندووە، ئیتر هیچمان لەبارا نامێنێ مەگەر هەر سوپاسی ئەوە بکەن کە ئەو درەختەی ناشتووە و



چاودێری بەرەکەی کردووە، هەرچەندە لەوان خوارتر بێ لەو شتە پڕوپووچانەدا کە نرخی نییە لای پیاوی تێگەیشتوو جا لە تۆڵەی ئەو ئیشە خراپانەدا کە کردوویانە هیچمان بۆ نامێنێتەوە تەنیا ئەوەنەبێ کە لە کردەی خۆیان پەشیمان ببنەوە و خەمی خراپی خۆیان بخۆن و و دڵتەنگ بن بەدڵ کاتێ بەخراپی خۆیان بزانن و بەتەواوی لە کەم و کورتی خۆیان بگەن.

ئە ئەوها چاودێری یەزدانی پاک ئەم گەورەییە ئەبەخشێ بەخاوەنی ئیشی پیرۆز هەتا زیندووبێ، کاتێ کە ڕۆژی ژیانی لە ئاسۆی ئەم گێتییەوە گوم بوو، ئەو پڕشنگی ڕووناکییەی ناشارێتەوە کە سارێژی کردووە بەسەر ئەستێرەی ڕێ نیشاندەر و مانگی شەوی چواردەدا، بەڵێ ئەمرێت و ئەچێتە ژێر پەردەی نەمانەوە بە لەش بەڵام هەمیشە لە دڵانا ئەمین وە بەزمان باسی ئەکرێ، زیندووە لای خوا، خواردەمەنی ئەدرێتێ، ژیانی ئەو شیرینترین ژیانە (و ئەبێ ئادەمیزاد بۆ ئەم جۆرە فرمانانە هەوڵ بدا و تێ بکۆشێ)

* لە گۆڤاری (عروە الوثاق) ی جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەوە وەرگێڕاوە.

## خەیاڵ لەگەڵ کردەوەدا

لە عەرەبییەوە فایەق بێکەس کردوویە بەکوردی

ژنێکە لەسەر مێزی نان خواردنی ئێوارە لەگەڵ مێردەکەیا دانیشتبوو، زۆر عاجز و هیلاک، مێردەکەی وتی: ئەم ئێوارەیە بۆچی وائەکەی؟ وتی بەدەست ئەم منالاَنەمەوە هیلاک بووم، بەم ڕۆژگارە دەنگم لەگەڵیان یەت و لێیان ئەدەم بۆ ئەوەی تۆزێ واز لە شەڕەشەق بێنن بەڵام هیچ گوێم لێ ناگرن (بەڕاستی سێ منداڵی زۆر ناڕەحەتی هەبوو، دوو کوڕ یەکێکیان شەش ساڵ ئەوی تریان پێنج ساڵ لەگەڵ کچێکی چوار ساڵیدا). لەگەڵ ئەوەشا کە دایکەکەیان لە بەیانییەوە تا ئێوارە لێیان تووڕە ئەبوو، لێی ئەدان، ئەی ترساندن بەڵام ئەوان لە زرمە زلێی خۆیان نەئەکەوتن کەچی کە ئێواران باوکیان ئەهاتەوە کش و مات دائەنیشتن.

ئینجا کە ژنە ئەم سکالایەی لای مێردەکەی کرد، مێردەکەی پێی وت هەموو خەتای خۆتە، تۆ لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەگەڵیان ئەلێیت سیوایان بۆتەوە، تۆ گوێ بگرە مەقالەیەکی تازە لە بابەت تەربیەوە نووسراوە بۆت بخوێنمەوە، دەستی کرد بەخوێندنەوە:

(منداڵ دانەنراوە بۆ دایک و باوک کە بەهەوەسی خۆیان هەڵی سوڕێنن بەڵام منداڵ دانراوە بۆ ئینسانییەت و نیشتمان وە یاخود ئەبێ موڵکی نەفسی خۆی بێت).

لێرەدا سەری هەڵبڕی بەژنەکەی وت: چاوت لێیە؟ ئێستا ئەم سێ منداڵە نەدراون بەئێمە کە بەهەوەسی خۆمان لەگەڵیان بجووڵێینەوە چونکە هەریەکە شەخسیەتێکی هەیە، ئنجا دەستی کردەوە بەخوێندنەوە: (زۆر جار دایک ئەبێت بەهۆی ئەوە کە منداڵ لە دایک و باوک ببێزرێ چونکە دایک لە قانوونی تەبیعەت سەر دەرناکا، هەموو جارێ منداڵەکان حەپس ئەکا لە ژوورەوە نایەڵێ بچنە دەرێ بەهەوەسی خۆیان یاری بکەن و ڕابوێرن و خۆیان بەدووی قانونی تەبیعەتدا بڕۆن!!).

لێرەدا مێردەکەی وتی: گوێت لێیە بەتەبیعەت ئەبێت منداڵ یاری و گاڵتە بکا چونکە بەیاری و تاقی کردنەوە و غەڵەت کردن فێر ئەبێ.

دەستی کردەوە بەخوێندنەوە:

(ئەبێت واز لە منداڵ بهێنرێ کە خۆی هەمووشتێک تاقی بکاتەوە، نابێ نەیەڵن یاری بکا چونکە بە یاری کردن توانای خۆی دەرئەخا و پێ ئەگا، لێرەدا مێردەکەی ویستی ئەمە



بۆ ژنەکەی لێک بداتەوە بەڵام کە ڕوانی ژنەکەی خەو ئەیباتەوە پێی وت: باش بوو بەشی زۆرم بۆ خوێندیەوە، خۆشت بەیانی تەواوی بکە. ئیتر لەمەولا لەم منداڵانە تووڕە مەبە و وازیان لێ بهێنە بەئارەزووی خۆیان بجووڵێنەوە چونکە بەوە شەخسیەت پەیدا ئەکەن. بۆ بەیانی پاش نیوەڕۆ کە پیاوەکە هاتەوە تەماشای کرد دەرگای باخچەکە لەو دیوەوە بەرد و خۆڵی دراوەتە بەر ناکرێتەوە. لەبەرئەوە بەدیوارەکەدا سەرکەوت، کە ڕوانی باخچەکە وێران کراوە و بەلوعەکە بڕدراوە و حەوشەکە بووەتە زۆنگاو، زۆر سەری سوڕما، کە دەرگای ژوورەکانی کردەوە ڕوانی هەمووی بەسەر یەکا دراوە.

بەیەک جار حەپەسا، سەیری کرد نە کەس ئەبینێ و نە دەنگ ئەبیەت. کە چووە پێشەوە گوێی گرت تێگەیی کە ژنەکەی لە ژووری نان خواردندا دەرگاکەی لەسەر داخراوە، هەر هاواری منداڵەکانییەتی لێی بکەنەوە. چووە پێشەوە بانگی کرد چی قەوماوە پێم بڵێ: وتی: کە بەیانی مەقالەکەم خوێندەوە وتم ئیتر لەمەولا لەسەر ئەم نەزەریەیە ئەڕۆم لەبەرئەوە منداڵەکان هەرچییەکیان کرد دەنگم نەکرد، باخەکەیان وێران کرد، ژوورەکانیان دا بەسەریەکا، دەرگای ئەم ژوورەشیان لەسەر من داخست.

وتی: ئەی کلیلەکە لە کوێیە؟ ژنەکە وتی: ڕەنگە لەگەڵ خۆیان بردبێتیان. پیاوەکە بەڕاکردن چوو بەشوێنیانا کە ڕوانی وا لەسەر کۆڵانەکەدا بەشوێنی ئۆتومبێلی ئاوڕشێنەکەوەن هەموو لەشیان تەڕ و قوڕاوی بووە. ڕایکێشانە ماڵەوە کە ڕوانی کلیلەکە لە گیرفانی گەورەکەدایە، دەری هێنا، پێی وتن: دایکتان بۆچی حەپس کردووە؟

وتیان: ئێمە دز دزێنەمان ئەکرد، ئێرە پڕبوو بوو لە دز و پۆلیس لەبەرئەوە کە دایکمان هیچی لێ نەیە دەرگامان لەسەر داخست. وتی ئەی ئەم ماڵەتان بۆ وا لێ کرد؟ وتیان ئەی دز لە کوێوە ڕاکا و پۆلیس چۆن شوێنی کەوێ؟ ئنجا مێردەکە دەرگاکەی کردەوە و ژنەکەی سەیرێکی مێردەکەی کرد و سەیرێکی منداڵەکانیشی کرد، مێردەکەی سەری داخست وتی: هیچ ناڵێم، حەقتە، ئەبێت ئەو عالمەی کە ئەم نەزەریەیەی نووسیوە خۆی منداڵی نەبێت خەیاڵ و نەزەریە لە کوێ؟! کردەوە لە کوێ؟!.

# دوو کوژراو لە پێناوی شوودا

فایەق بێکەس لە عەرەبییەوە کردوویە بەکوردی

دوێنێ شەو بەدرێژایی شەو خەوم لێ نەکەوت چونکە لە هەر چاو لێک نانێکما ناڵەیەکی پڕ ئێش کە لە دەروونی ژنێکی کەساس و بێ دەرەتان کەوا بەدەم ئێشێکی زۆرەوە بتلێتەوە ئەهاتە دەرێ، ڕای ئەپەڕاندم، بەیانی زوو کە ڕۆژ بووەوە چوومە ئەو ماڵەی کەوا بەتەنیشتمانەوە بوو و ئەو دەنگەی لێ ئەهاتە دەرێ کە ڕوانیم ژوورێکی تاریکی بچووکی تیایە و لەو ژوورەشا تەنها جێگایەکی هەژارانە ڕاخرابوو، ژنێکی نەخۆشی ڕەنگ زەردی لەسەر ڕاکشابوو. بەهێواشی چوومە پێشەوە بەڵام ئەو هەستی منی کرد و چوومە لایەوە گوێم لە نوزەیەک بوو وتی (ئاو)، هەرچۆنێک بوو چۆڕێک ئاوم بۆ پەیدا کرا و کردم بەدەمیا، باش بوو بەوە نەختێک دەمی هاتە گۆ، پێم وت: چیت لێ قەوماوە زوو پێم بڵێ؟!

بەدەنگێکی هێواشی پچڕ پچڕ وەکو لە گیانەڵا وابێ: باوکم دامی بەشوو، بەپیاوێکی لە ژن بێزار، ژن زۆرهێنەر، ئاخێکی هەڵکێشا و وتی ئاخ، لە کچ بەشوودانا خۆزگە پرسیارێکیان بەکچە خۆی ئەکرد، من ئەگەر ئەمەم ئەزانی لە پێش ئەوەدا کە بەزۆرەملێ باوک و برا بمدەن بەم پیاوە هەر شووم نەئەکرد، تەرکی دنیام ئەکرد و ئەبووم بەراهبە. بەڵام چی بکەم ناچاربووم پەسندم کرد. لە ئەوەڵ ڕۆژدا هات بەپیرمەوە وەکو مێردێکی دڵسۆز و لەگەڵما زۆر ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین بوو، هەر بەو ڕووخۆشی و پێکەنینەش لە دواییدا تۆقاندمی، تەراندمی. وەکو چۆن شێر بەپێکەنین نێچیرەکەی ئەتۆقێنێ ئیتر زۆری پێ نەچوو وام لێ هات هەر چاوەڕێی ئەوەم ئەکرد کەی جیابێتەوە؟ ئەوەندە درێژەی نەکێشا ئەو ژنێکی تری هێنا و منی لەبیر چووەوە. منیش لەگەڵ کچە بچکۆلەکەما بێکەس و هەناسە سارد مامەوە. بەڵام ناچار شانم دایە بەر ئەم خەم و خەفەت و کوێرەوەریە چونکە هەرچەند سەرم ئەبرد و سەرم ئەهێنا شتێکی وام نەدۆزیەوە کە خۆمی پێ ڕزگار بکەم ئەوەنەبێ کچەکەم هەڵگرت و چوومەوە ماڵی باوکم لەوێش کە ڕوانیم باوکیشم کەوتووە بەدەم دەردەوە ئەتلێتەوە خۆ کە چاویشی بەمن کەوت ئەوەندەی تر دەردی گران بوو هەروا دوو ڕۆژی بەسەرا نەڕۆی کۆچی دوایی کرد.

ئینجا زانیم لە ئەزەلدا فەلەک چەند ڕۆژێکی تاریک و ناخۆشی لە چارەم نووسیوە، بەڵام نازانم کەی ئەبڕێتەوە، چی تریشم بەسەردێ، بەم ڕەنگە کەساس و بێ دەرەتان



مامەوە ناچار هانام بردە بەر باوکی کچەکەم کە هیچ نەبێ لەبەر خاتری کچەکەی بمانژیەنێ و هۆمان نەخاتە بەر بێگانە بەڵام بێ سوود بوو گوێی لی نەگرتم.

بەزۆر دەستم کرد بەگۆرەوی چنین تا بتوانم ئەو کچە بچکۆلەیە بەخێو بکەم بەڵام تەماشام کرد ئەویش بێ کەڵکە ئنجا دەستم کرد بەشت فرۆشتن تا وام لێ هات لەم دەستە نوێنە شڕە زیاتر هیچ شک نابەم.

لەبەرئەوەی ناچاربووم مانگێک لەمەوپێش کاغەزێکم بۆ مێردەکەم نووسی، ئەم حاڵەی خۆمانم تێ گەیاند زۆر لێی پاڕامەوە کە ڕزگارمان کا.

وا لەو ڕۆژەوە چاوم ڕوا هەر چاوەڕێی ڕەشاییەکم کە لەسەر ئاوەکەوە دەربکەوێ. شەوێک لەم شەوانەدا لەم ژوورە تاریکەدا دانیشتبووم کچەکەم لە باوەشابوو سەیری ڕووی ڕووناکی ئەو کچە نازدارەم ئەکرد وەکو پاپۆڕەوانێک لە شەوێکی تاریکا سەیری ئەستێرەی قوتب بکا ئەوەندەم نەزانی لەپڕ ئەو زۆرداره، ئەو بێ ڕەحمە، ئەو خوانەناسە کردی بەژوورا و پەلاماری دام و کچەکەی لە دەست فڕاندم و ڕۆیی. منیش بێ کەس و بێ دەسەڵات، هەناسە سارد لە گریان و هەناسە هەڵکێشان بەولاوە هیچم پێ نەکرا بەڵام ئەویش بێ کەڵک بوو چونکە نە کەسێک هەبوو بەزەیی بەفرمێسکەکانما بێتەوە و نە یەکێک هەبوو گوێ لە هاوارم بگرێ.

ئینجا بۆم ئاشکرابوو کە فەلەک بەو تیرەی کە بۆی دانابووم و چەند ڕۆژێک بوو خەریک بوو تێم بگرێ ئەنگاوتمی، هەر چۆنێک بوو ئەو شەوە و نزیکەی بیست شەوی کەشم بەم حاڵەوە ڕۆژ کردەوە ئێستاش ئەوەندە هەیە کە لەم تاریکستانەدا چاوم ئەچێتە خەو کچە بچکۆلەکەم دێتە بەرچاو ئەگری، هاوار ئەکا، بانگم ئەکا باوکیشی لێی ئەدا، فڕێی ئەدا گوێی ناداتێ.

منیش خەریکم پەلاماری ئەدەمێ کە ڕزگاری کەم خەبەرم ئەبێتەوە لام وایە کە یا ئێستا یا تاوێکی تر ئەم دنیایە بەجێ دێڵم چونکە وا گیان گەیوەتە سەر سنگم بەڵام ئاخ ئەم دنیایە بەجێ دێڵم بێ ئەوەی کە جارێکی تر چاوم بەو کچە ناسک و نازدارەم بکەوێتەوە. ئەمانەی تەواو نەکرد و هەردوو چاوی کردەوە خەریک بوو قسە بکا بەڵام نەیتوانی چاوی پڕبوو لە فرمێسک و لێکی نایەوە منیش کە چاوم بەم حاڵە کەوت خۆم بۆ ڕانەگیرا و دەستم کرد بەگریان.

لەم ساتەدا بەم چاوە فرمێسکاویەوە تارماییەکم بەدی کرد، کە چوومە پێشەوە ڕوانیم

پیاوێک وەستاوە کچێکی بچکۆلەی بەباوەشەوەیە زۆر بەسۆزەوە سەیری ئەکا و کچەکەش وەک مردبێ هیچ ناجولێتەوە پرسیم تۆ کێی؟! وتی من مێردی ئەو ژنەم، باوکی ئەم کچەم، وتم لەپاش ئەم هەموو دەرد و کوێرەوەریە کە دات بەم ژنە و ئەم منداڵەت لێی دوور خستەوە ڕەنگە هاتبی کە لێت ببورێ، وتی ئەوەتەی ئەم کچەم بردووە هەر ئەزریکێنێ و هاوار ئەکا و ئەگری و داوای دایکی ئەکا و نەخۆشیش کەوت، چەند دکتۆرم بۆ هێنا بێ کەڵک بوو، وا ئێستا هێناومە بەڵکو لە کۆشی دایکیا چاک بێتەوە، بەهێواشی چووە پشتیەوە و کچەکەی خستە باخەڵی دایکەکەیەوە، دایکە چاوی کردەوە و سەیرێکی کچەکەی کرد و کچەکەش هەروا بانگی یەکتریان کرد. دایکەکەی باوەشی کرد بەکچەکەیا و نای بەسنگیەوە بەڵام هەردووکیان چاویان لێکنا و گیانیان سپارد. وا دیارە چاوەڕێی یەکتر بوون.

چووین ئەو دوو کوژراوەمان ناشت. بەڵێ ئەو دوو کوژراوە کە ئەو پیاوە زۆردارە کوشتنی.

ساڵی هەزارانی وا بەهۆی شووکردنێکی واوە ئەم جۆرە پیاوانە ئەیانکوژن.



## أ، ب . هەوری لە تای تەرازووی شیعرا

نووسینی -فایەق بێکەس-

ئەم گۆڤاری گەلاوێژە کە ئەستێرەیەکی بەشەوق و پرشنگدارە لە ئاسمانی ئەدەبیاتی کوردا، داخەکەم جار جار هەندێ شتی ناشرینی تیا ئەبینرێ کە ئەبێتە پەڵەهەور بەری ڕووناکی و درەوشانەوەی ئەو ئەستێرەیە ئەگرێ، ئەو دیمەنە جوانە دڵدارە لەچاو ئەشارێتەوە کە بەمەش لەجیاتی ئەوەی خۆشی ببەخشێ بەپێچەوانەی ئەوە دڵی خوێندەواران تەنگ ئەکا.

لێرەدا نازانین گلەیی لە کێ بکەین؟ لەو کەسانەی کە شتی وا بێتام و ناپوختە ئەنێرن بۆ ئەم گۆڤارە نازدارە یا لەو کەسەی بکەین کە سەرپەرشتی گەلاوێژی گرتۆتە دەست؟ ئەگەر چی گەلێ لە خوێندەوارەکان لایان وایە کە ئۆباڵی ئەم کەم و کوریە لەسەر شانی ئەو کەسەیە کە سەرپەرشتی گەلاوێژ ئەکا، بەڵام من لام وایە ئەمە ڕەوای هەق نییە، چونکە لە گەلاوێژا بەشێک تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە کە هەموو کەسێ هەقی هەیە بەشێوەیەکی ئەدەبی جوان کە لە سنووری نزاکەت دەرنەچێ چ لە شیعر و چ لە وتار بکۆڵێتەوە و لێی بدوێ.

بەم بۆنەیەوە ئێمەش وا ئەمە ئەنووسین ئەمجارە لە ژمارە (١) ساڵی (٥) لە دیوانی گەلاوێژدا لەژێر عنوانی «پەیڕەوی خیام»دا چاومان بەچەند ڕباعییەک کەوت لە لایەن أ.ب هەورییەوە ڕێک خرابوو، نەک من بەتەنیا هەر چی خوێندەواران هەیە هەموو لەم شیعرانە بێزار و وەرس بوون و زبانی حاڵی هەموومان بەجارێ ئەڵێت (خیام گور هەڵتەکێنە أ.ب هەوری وەها پەیڕەوت ئەکا) ئینجا سەرنج بدەنە ڕباعیەکانی أ.ب هەوری بزانن ئەڵێ چی. لە یەکەم ڕباعیا ئەفەرموێ: (من کە بێ پرس بێمە دنیاوە هەر بەناچاریش بچمەوە دواوە کوێم مەیل بینی ڕوو لەوێ ئەکەم چ لە سەگ وەڕ و لە بەنگ و باوە) جارێ لە پێش ئەمەدا کە بۆ مەعنای ئەم ڕباعیە بگەڕێین ئەگەر مامۆستا أ.ب هەوری لێمان ببورێ ئەیخەینە تەرازووی شعرەوە، لە پاش کێشانی بۆمان دەرئەکەوێ کە مصرعی یەکەمی لەنگە، ئەبوایە وابوایە (من کە بەبێ پرس ... هتد)، خۆ ئەگەر بۆ مەعناش بگەڕێین ئەوە هیچ، چونکە ئەڵێت: (کوێم مەیل بینی ڕوو لەوێ ئەکەم) ئەمە ڕاست نییە، گریمان مامۆستا أ.ب هەوری ئارەزووی فەرموو بچێتە لەندەن، پاریس، ئەمریکا، چۆن ئەتوانێ؟ و بەچی ئەچێ، چونکە نە پارە و نە توانای ئەوەی هەیە کە ئەو

ئارەزووەی بەجێ بهێنێ کەوابوو ئەم قسەیە ڕاست نییە، جگە لەوە مصرەعی چوارەمی کە ئەڵێ: (چیمە لە سەگ وەڕ لە بەنگ و بەنگ باوە) زەوقێکی ئەدەبی تیا نییە چونکە ئەبێ مۆسیقایەک بێ عاتیفەی ئینسان ببزوێنێ و مەست و شادی بکا، نەک بە(سەگ وەڕ) گرژ و زنجیرەی بکات، سەرەڕای ئەمە (بەنگ و باو) نییە (بەن و باو)ە. بێینە سەر ڕباعی دووەم تەماشاکەن چی ئەفەرمووێ: چۆنم هێناوە وای ئەبەمە سەر بەندەی کەسێکم ڕاست و هونەروەر، قسەی نەزان و پیاوی ڕیاکار لای من گەفینە یا زەڕینی کەر. تکاتان لێ ئەکەم خوێنەرە بەڕێزەکان لەم ڕباعیەدا چەند عەیبێکی فەلسەفی تێدایە کە لە بیری خیام بچێ؟ ئایا (گەفینی سەگ و زەڕینی کەر) کە هاوتای بیری قووڵ و وردی خیام بکات؟ من نازانم أ.ب هەوری ڕقی لە خیام هەستاوە کە خەریکە بەم ڕەنگە ئابڕوی بەرێ یا لە گەلاوێژ یا لە خۆی؟ با لە ڕباعی سێیەم وردبینەوە کە ئەڵێت:

کەلاوە کۆنێ کە دەنیای ناوە
چۆن دڵی پێ خۆش کەم مشتێ کا و ئاوە
کەی و مورز و دارا و سکەندەر
هاتن و ڕۆین کەچی ئەو ماوە

لێرەشدا ئەگەر باش سەرنج بدەین ئەبینین مصرەعی دووەم لەنگە و، لە لایەن مەعناشەوە زۆر بێ مەعنایە چونکە کا و ئاو هیچی لێ پەیدا نابێ یەک ناگرن و دنیاش عیبارەتە لە گڵ و ئاو نەک کا و ئاو.

لە ڕباعی چوارەمدا ئەڵێت:

ئەوی بۆ کورسی خەڵک ئەڕەنجێنێ
خونچەی شادمانی هەڵ ئەوەرێنێ
گا، بوایە بەخوا زۆر چاتر بوو
کەژ و کێو زۆرە زک بلەوەڕێنێ

لێرەشدا لە پێش هەموو شتێکا دیارە کە مصرەعی سێیەم و چوارەم لەنگن جگە لەوەش قسەیەکی مەنتیقی لەم ڕباعیەدا نابینرێ،توخوا ئەی خوێندەواران تکاتان لێ ئەکەم کێ بۆ کورسی خەڵک نارەنجێنێ و ئەوە تەتی دنیا دنیایە ئەم هەموو شەڕ و هەرایە کە ڕوو ئەدا هەمووی لەسەر کورسیە یا نا؟ بەڵێ بێگومان ئەتوانن بڵێن کە ئەم هەوڵ و تەقەلایەی کە ئەدرێ بۆ کورسی غەریزەیەکی تەبیعیە لە ئینساندا بۆ ئەوەی سەری خوێندەواران زیاتر



نەیەشێنین واز لە ڕباعی پێنجەم ئەهێنین خۆیان چۆنی لێک ئەدەنەوە لێکی بدەنەوە و، بەتایبەتی تکا لە مامۆستا أ.ب هەوری ئەکەم لەم قسانەم دڵگیر نەبێ چونکە ئەمە خزمەتێکی ئەدەبییە لەسەر هەموو ئەدیبێکی دڵسۆز پێویستە لەم ڕووەوە دریغی نەکات و، دووبارە تکات لێ ئەکەمەوە لە پێش ئەوەدا کە شت بنێری بۆ گەلاوێژ جوان سەیری بکە و باش سەرنج لە وەزن و مەعنای بدە و، پوختی بکە ئەوسا بینێرە، چونکە گەلاوێژ حەیفە بەناشیرینی بکەوێتە بەرچاوی دۆست و دوژمن، ئیتر خوا یاریدەدەری هەموو لایەک بێ.

## وەرام بۆ ف. بێکەس

أ.ب هەوری

مامۆستا ف. بێکەس لە ژمارە (٢)ی ساڵی (٥)ی گەلاوێژا ڕەخنەتان لەو شیعرانە گرتبوو کە ئێمە لەژێر عنوانی «پەیڕەوی خیام»دا بلاومان کردبووەوە، ئەمە وەرامەکەتانە:

١- جارێ ڕەخنەتان لە عنوانی شعرەکان گرتبوو، وا لەبەر ئێوە وەرامەکەتان ئەدەمەوە ئەگینە شتی وای تێدا نییە: هەموو کەس ئەزانی یەکێ کە ناو لە شتێک ئەنێ لەسەر ئیجتهاد و ئارەزووی خۆیەتی بەتەواوی بۆ ئەوە نییە ئیسم و میسمی موتابق بێ، مەسەلەن پیاوێک کوڕەکەی ناو ئەنێ (صلاح الدین) کەچی ئەو کوڕە ئەبێ بەجوتیار، ئەمە چ گوناهێکی باوکی تێدایە کە نەبوو بە سەلاحەدینی مەشهور، من کە ناوی خیامم هێناوە هاوبیری خیامم ئەگەر وابوایە ئەبوو هەمیشە لە مەیخانەدا بوومایە، وەک مفکورەی ئێوە ئەفەرموی ئەبێ «هەرکەسە ڕیشی سوور بێ هەمزە ئاغا بێ» لە ئەمریکادا بەهەزاران «روزفلت» ناو هەیە ئەی بۆچ هەموو ڕەئیسی جمهوری نین؟ بێجگە لەمەش قاعدەیەک هەیە (کل) بەناوی (جۆ)ەوە ناو ئەبرێ. لەو ڕباعیانەدا هینی وای تیایە لە شێوەی ڕباعیەکانی خیام، بۆیە هەموو شیعرەکان بەو ناوە ناوبراوە.

٢- من لە پێش ئەوەدا ئەو شیعرانە بنێرم بۆ گەلاوێژ لە پێش ئەوەشدا ئێوە بڵێن، نیشانی چەند کەسێکم دابوو بەپێچەوانەی ئێوە ئەوان بەلایانەوە چاک بوو، ئەوەتان بۆ نەچووە سەر کە وتبووتان «نەک من بەتەنیا هەرچی خوێندەوار هەیە هەموو لەو شیعرانە بێزار و وەرس بون» ئەمێنێتەوە سەر ئێوە و هاوبیرەکانت بەتەنها ئەوەندە وەکالەتێکی عام قبوڵ ناکرێت.

٣- ڕەخنەت لە شیعرەکانە کە نەزاکەتیان کەم تیایە کەچی ڕەخنەکەت درۆزنیش نەزاکەتی تیا نادۆزێتەوە، بێجگە لەمەش ئەم ڕەخنەیەت ڕاستەوخۆ بۆ زمانی کوردییە، چونکە زمانەکەمان بێ پێچ و پەنایە بەسەربەستی شت ئەڵێت، بۆ ئیسپاتی ئەمەش وا چەند قسەیەکی پێشینان ئەنووسین کە وەختی خۆی لە ژیان و گەلاوێژیشدا نووسراون و لە نەزاکەتدا هەروەک هینەکانی من وان، جا نازانم بۆچ ئەو حەلە ئەم ڕەخنەیەت نەگرت و نەتفەرموو ئەم قسە و پەندی پێشینانە نەزاکەتیان تیا نییە، وازیان لێ بێنن با لەبیر بچنەوە:



«نان بدە بەسەگ مەیدە بە سپڵە» لێرەدا سەگ تەرجیح دراوە بەسەر سپڵەدا. «دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە» ئەمەش هەر مەبەست ئینسانە. «هەمزە لە هەباسی چی... لە تەورداست چی» ئەمانە قسەی پێشینانە بەرەکەتدا زۆر کەس ئەیزانن، ڕێی ئەوەت نییە بڵێیت توخوا خوێندەوارینە کەی ئەمانە کوردین، چونکە لای تۆ وایە «ئەوی تۆ مانای نەزانی کوردی نین» و یان بڵێیت لە هەر پیرەژنێکم پرسی پێکەنی، بۆچ؟ پیرەژن قاموسی ژیانی کوردین؟ علاوەی ئەمانەش زۆر گفتوگۆی وامان هەیە ئەمڕۆ لەم شێوەیەدان، مەسەلەن کە وترا «بەخوا زۆڵە» یەعنی بەخوا زیرەکە، من بڵێم چی ئێوە بەزمانی خۆتان ڕازی نابن و شێوەی گفتوگۆی کوردیتان پێ عەیبە، ئەو بێگانەیەی گەلاوێژ ئەخوێنێتەوە عەیبی لێ ئەگرێت ئاگای لە گفتوگۆکانیشمانە.

ئینجا بێینەوە سەر کاری ڕەخنەکانت لە ڕباعییەکان.

بۆ ڕباعی یەکەم بێ دەلیل فەرمووتە مصرعی یەکەمی لەنگە، ئەگەر دەلیلتان بدایە منیش بە دەلیلەوە وەرامم ئەدایتەوە بەلام وەک تۆ هەر ئەڵێم لەنگ نییە.

دوای ئەوە مەعنای «کوێم مەیل بینی ڕوو لەوێ ئەکەم» مادام جێگە و هەدەف مەعلوم نییە تۆ ناتوانی بەباری موستەحیلات و خراپەدا مەعنای لێک بدەیتەوە، تۆ هەر وەکیلی هاوبیرەکانی خۆتی وەکیلی من نیت.

بۆ وەرامی ڕباعی دووەم ئێستەش ئەڵێم دەنگی جوانێکی بەسەزمان کە هەموو ژیانی لە ڕێی خزمەتی ئینسانیەتدا سەرف ئەکات خۆشترە لەلام لە دەنگی ئینسانی درۆزنی ڕیاکاری بەدنمەکی سپڵە بۆ ئینسانیەت.

لە ڕباعی سێیەمدا ڕەخنەت ئەوەیە دنیا گڵ و ئاوە، کا و ئاو نییە، من ئەڵێم ئەو ڕباعیە بۆ خوێندەوارێک کە ئەزانێ (مشبه و مشبه به) زۆر جار یەکێکیان ناو نابرێ بەقەرینە ئەویتریان ئەزانرێ و هەروەها ئەو شتانەش کە لازم و ملزم بن زۆر جار هەموویان ناو نابرێن، کە یەکێکیان وترا خوێندەوار لە خۆیەوە ئەویتریان ئەزانێ، بۆ قوڕ، کا، گڵ، لازمن کە دووانیان مەوجوود بوون سێیەم ناوبردنی هیچ مانای نییە، توخوا کێ هەیە بێ بڵێت ئەوە کا، ئەوە ئاو، هەندێ قوڕ بگرەوە نەزانێ گڵیش لازمە؟! بێجگە لە مصرعی پێشو لە شیعرەکەدا «کەلاوە» هەیە کە قوڕ لە لوازماتیەتی وەک وتمان کا، ئاو، گڵیش لوازمی قوڕن، علاوەی ئەمانەش مەجال جائزە بۆ تەسەڕوف لەبەر قافیە.

بۆ کورسی خەڵک ڕەنجا بن: مەبەست ئەوەیە یەکێ لە ڕێگەیەکی غەیرە مەشروع بۆ

بەرزی خۆی هەوڵ بدات، یا لە ڕێی گەیشتن بەو بەرزییەی وا هەزاران کەم دەس و هەژار لەناو بچێت و حقوقیان بکرێت بەژێر پێوە کە ئەمەش تەماعکاری پێ ئەڵێن و حەقێکی مەزمومە، مەبەس ئەوە نییە بەتەریقەیەکی مەشروع هەوڵ بدات کە بەعەرەبی (طموح)ی پێ ئەڵێن و شتێکی جوانە، کەوابوو تۆ بەپێچەوانە ئەمەشتان وەرگرتووە.

مامۆستا ف. بێکەس وا وەرامی ڕەخنەکانم دایتەوە تکام وایە لێم ببووری وەک من لە تۆ بوردم.



## پێشکەشی مامۆستا أ. ب هەوری

ف. بێکەس

مەبەس لە ڕەخنەگرتن لە شیعر و ئەدەبیات ئیسلاح و ڕێگا نیشاندانە نەک شەڕە قسە، بەوەڵامەکەی گەلاوێژی ژمارە (٤)ساڵی (٥)تانا وا دەرکەوت کە دڵگیر بوون منیش وام بەئێوەدا ڕانەئەپەرمو کە ئەوەندە کەم چیکلدانە بن ئامۆژگاریەکانم بەخراپ تێ بگەن، ئایا نەت بیستووە کە پێشینان وتوویانە: (دۆستم ئەوەیە کە ئەمگرییێنێ). جا بابێینەوە سەر کاری وەڵامەکەت.

من خوانەخواستە چۆن بەتۆ ئەڵێم خۆت ناو ناوە (عومەر خەیام)، مەبەستی من ئەوەبوو کە کەسێ پەیڕەوی کەسێکی کرد ئەبێ یا شان بەشانی ئەوکەسە بڕوا بەڕێدا یا هیچ نەبێ نەختێ لەو بچێ، خۆ بەناشوکری نەبێ شیعرەکانی ئێوە هیچ فرێکی بەسەر شێوە و بیر و ئسلوبی خەیامەوە نییە، تکات لێ ئەکەم پێم بڵێ کام ڕباعی لە ڕباعیەکانت لە هی خەیام ئەچێ؟ و ئەو کەسانە کێن نیشانت داون کە خۆت وتووتە؟ ئایا نیشانی (زێوەر، بێخود، پیرەمێرد، سەلام، شێخ نوری)ت داوە؟ ئەگەر ڕاست ئەفەرمووی پێم بڵێ وەکو من بزانم تەنها بۆ سێ چوار کەسێکی نەشارەزات خوێندۆتەوە کە بە(باشە)ی ئەوان دەس خەڕۆ بوویت و لە گەلاوێژ بڵاوت کردۆتەوە.

بۆ ئەمەی زۆر درێژەی پێ نەدەین ئەم داوایەمان کە عبارەتە لە چاکی و خراپی ڕباعیەکانت کە لە گەلاوێژی ژمارە (٢) ساڵی (٥)دا نووسراوە حەواڵەی وجدانی شاعیر و ئەدیبانی کوردی ئەکەین و بەپەرۆشەوە تکایان لێ ئەکەین کە بیر و باوەڕی خۆیانمان لەلایەن ئەو ڕباعیانەوە لە گەلاوێژا بۆ بنووسن کە بەتەواوی پێ لە ناتەواوی شیعرەکانی خۆت بنێی و جارێکی تر تووشی هەڵەی وا نەبیت.

جەنابی مامۆستا أ.ب هەوری، ڕەخنەکەی من وەکو فەرمووتانە بۆ ژیانی کورد نییە تەنها شیعرەکانی تۆیە کە ڕەونەق و نرخی ژیانی کوردی شکاندووە و هەرکەس بیخوێنێتەوە بەهۆی ئەوەوە (نەفرین) لە هەموو شیعرێکی کوردی ئەکا، ڕەنگە ئێوە وا بزانن کە شیعرەکانتان نموونەی بەلاغەت و فەساحەتی ژیانی کوردییە و هەرکەسێ ڕەخنەی لێ بگرێ وەکو ڕەخنەی لە ژیانی کورد گرتبێ وایە ئەگینا کەی من ڕەخنەم لە ژیانی کورد گرتووە و، چۆن من قسە و پەندی پێشینان بەناشیرین ئەژمێرم؟ چونکە هەر کەسە نەختێ

تێگەیشتبێ ئەزانێ ئەوانە هەموو نایابن و لە جێگای خۆیا بەکارهێنراون. تێناگەم ئەمە چ دەخلێکی هەیە بەسەر ڕباعیەکانی تۆوە، ڕاست بۆ ئەمەبوو (هەمزە لە هەباست چی... لە تەور داست چی)

کاکە أ. ب هەوری:

نازانم جەنابت چ نەوعە دەلیلێکت ئەوێ کە نیشانت بدەم و لەنگی ئەم مصرەعە (من کە بێ پرس بێمە دنیاوە)، ئەگەر نەختێ زەوقی ئەدەبیت بێ ئەبوایە بتزانیایە کە لەنگە، جگە لەوەش ڕباعیەکانی تۆ کە لەسەر ئاهەنگی (مستفعلاتن مستفعلاتن)ە، فەرموو ئەم مصرەعەی پێ بکێشەوە بزانە چۆنە و ئەگەر باوەڕ بەوەش ناکەی هەروەکو لە پێشەوە عەرزم کردی لەنگی و کەم و کوڕی و بێ مانایی ڕباعیەکانم حەواڵەی ڕای شاعیر و ئەدیبەکانی کورد کردووە ئەوان وەلاممان ئەدەنەوە.

جەنابت ئەفەرمووی کە من (دەنگی حەیوانێکی بەسەزمان کە هەموو ژیانی لە ڕێی خزمەتی ئینسانیەت سەرف ئەکات خۆشترە لەلام لە دەنگی ئینسانی درۆزنی ڕیاکاری بەدنمەکی سپڵەی مضر بۆ ئینسانیەت) کەچی بەپێچەوانەی ئەوە لە ڕباعیەکەتا ئەڵێی:

(قسەی نەزان و پیاوی ڕیاکار * لای من گەفینە یا زەڕینی کەر)

لەم ڕباعیەدا وادیارە کە تۆ تەنەفور ئەکەی لە گەفینی سەگ و زەڕینی کەر، چونکە وەکو قسەی نەزان و پیاوی ڕیاکار وایە کەچی لەلایەکی تریشەوە لە وەلامەکەتا خراپ، ئەمە چی بەسەر چییەوەیە؟ هەر خۆت خۆتت ڕد کردەوە.

– ئێمە کە منداڵ بووین لە مەکتەبا خوێندوومانە ئەرز دوو بەشە (١) ئاو (٢) گڵ (وشکایی)، نەمان بیستووە کە سێ بەشە ئاو، گڵ، کا، ئافەرین مامۆستا أ.ب هەوری بۆ خۆت و نەزەریەی تازەت کەوا ئینقلابت دا بەعیلمی جوگرافیا. ئەمەش ئەخەینە پێش چاوی مامۆستایان و زانایان بزانن ئەوان چی ئەفەرموون.

مامۆستا أ.ب هەوری، وابزانم بەم قسانە نەختێ سەرمان یەشانی لێمان ببورە، تکا ئەکەم ئەمجارەش وەکو جاری پێشوو قسەکانم بەخراپ وەرنەگرن.



## سەرنجدانێ لە (ئەدەبیاتی مەنگوڕی)

ف. بێکەس

ئەوەندەی لە گەلاوێژدا بەشی لێکۆڵینەوە تەرخان کراوە من زۆر تووشی دەردیسەری و ناخۆشی بووم، باوەڕم پێ بکەن لە ژینی خۆم بێزارم هەروەکو پێشینان وتوویانە (دارێکم بەدەستەوەیە هەردوو سەری...) نازانم چی بکەم؟ ئەگەر ڕەخنەم لە شیعری کەسێ گرت ئەو کەسە لە خۆڕایی لێم ئەبێتە دوشمنیی بەخوێنی سەرم تینوو، چونکە داخەکەم ئێمەش هێشتا لە مانای (ڕەخنەگرتن) نەگەیشتووین، بەجنێوی ئەزانین، ئەگەر قسەش نەکەم و هەر چییەکم دی چاوی لێ بنوقێنم و بەسەریا بڕۆم و گوێی نەدەمێ ئەوەش نابێ، چونکە زۆر بەگوناهێکی گەورەی ئەژمێرم ئەگەر ئاوەڵێکم ڕێگا هەڵە بکاریی نیشان نەدەم و نەیخەمە سەر شەقامی ڕاست بەشەرتێ خۆشم شارەزای ئەو ڕێگایە بم، جا لەبەر ئەمە کە باسم کرد سەرم لێ شێواوە زۆر خراپ داماوم نازانم چی بکەم؟! لەگەڵ ئەوەشدا من گوێ نادەمە هیچ کەس و لە ڕەخنەگرتن هەتا پێم بکرێ دەس هەڵناگرم، چونکە بەپێویستی ئەزانم لەسەر شانی خۆم بۆ بەرزکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی هەتا لە توانامابێ هەوڵ بدەم و درێغی نەکەم، خۆ یەجگار لەم ڕۆژانەدا خوا بێ چاوینیان بکا ئەوەندە (شاعیری تازە کوورە) پەیدا بووە لە ژمارە نایە، پیاو نازانێ لە کامیان بکۆڵێتەوە، جارێ با (ئەدەبیاتی مەنگوڕی)تان بخەمە پێش چاو، سەرنجی بدەنێ بزانن چۆنە، بۆ ئەوانەی تریش خوا یاربێ هەرچییەکمان لە دەس بێ درێغی ناکەین، ئەمجا تکاتان لێ ئەکەم گەلاوێژی ژمارە (٥) ساڵی (٥) بگرن بەدەستەوە و تەماشای لاپەڕە (٤٢)ی بکەن:

لە ڕباعی یەکەمدا مەنگوڕی ئەفەرموێ:

ئەگەر لەسەرتە مەیلی چاو ئەنداز
ئاگات لە خۆبێ لە ژنی زۆر جامباز
ئەوەی بەغەمزە و غەرام ئەتدوێنێ
لە چنگ هەزاران خۆی کردووە دەرباز

جارێ لە پێش ئەوەی کە بۆ مەعنا بگەڕێین، چونکە (المعنی فی بطن الشاعر) دێینە سەر کێشانی، بۆمان دەرئەکەوێ کە مصرەعی دووەم و چوارەم لەنگن، ئەبوایە بی فەرموایە (ئاگات لە خۆ بێ لە ژنی جامباز) و وشەی (زۆر) لێرەدا زیادە و لە مصرەعی چوارەمدا بی فەرموایە (ئەگەر دروست بێ) لە چنگ هەزاران خۆی کردووە دەرباز.

لێرەشدا حەرفی (و) زیادە خۆ ئەگەر ماناشت ئەوێ نە من، نە تۆ خۆی تێناگا چی فەرمووە.

تەماشای ڕباعی دووەم بکەن ئەمەیە:

ئەوەی گەرەکیە خاکی کا پیرۆز
نابێ گوێی باتە نالەی جگەر سۆز
باغی ئیستقلال بەبێ خوێن ناڕوێ
برات بێ خائن بیکە فدای هۆز

لەم ڕباعیەدا کەم و کوڕی تیا نییە لە کێشانا، بەڵام داخەکەم لەلایەن ماناوە نەیتوانیوە باش دەری بخا، ئەبوایە مصرەعی دووەمی ئەم ڕباعیە وابوایە (بەبێ گوێی دانە نالەی جگەر سۆز)وە لە مصرەعی چوارەمدا ئەگەر وابێ جوانتر نییە؟ (برات خائن بێ بیکە فدای هۆز).

ڕباعی سێیەم بەهەزار حاڵ و ناڵی عەلی پیاو ئەتوانێ مەعنایەکی بۆ بدۆزێتەوە و لەنگیش نییە بەڵام ئەگەر لە مصرەعی دووەما بیووتایە (ژیانت تأمین بکە ئەی دڵسۆز) گەلێ جوانتر بوو.

ڕباعی چوارەم ئەمەیە:

ئەوەی کە ئەتکا محبوب لەناو هۆز
ژیانی پاکە و ئاشنایی دڵسۆز
(دە) دۆستی یەک ڕەنگ لە خۆشی تاڵی
ئەتوانی تێکدا ئوردووگای ئاڵۆز

لە کێشا لەنگ نییە، بەڵام بەخوێندنەوەی مصرەعی ئەوەڵ شیعری شاعیرێکم دێتەوە بیر کە تازە فیکری کوردی بووبوو...

وتوویەتی (ئەمن لە تەفتیش هات لە کوردستان) ئیحتیاج ناکا ئەویتر بنووسین. خۆ مصرەعی چوارەمیش هیچ مەعنایەکی تیا نابینم، چونکە (اوردوگای ئاڵۆز) بە مەعنای ئۆردووگایەکە لەخۆیا پشێو و تێکچووبێ، ئیتر لە تێکدانیا چ هونەرێکی تێدایە؟

ئەمەش ڕباعی پێنجەم:

وەک مۆرەی شەترەنج ناگری ئاسایش
ئەو پیاوەی خۆی کرد بەدر و ئارایش



چونکە هەر وەزعێ کە تۆ لێ بدوێ
ئەبێ مەوزوعت بۆ بکا با جاریش

دەستم داوێنت کاکەی مەنگوڕی لەم ڕباعیەدا چ نیاز و مەبەستێکت هەیە، تووبی خوا ئەگەر بۆمان دەرنەخەی، جارێ لە یاری شەترەنجا مورە نییە و، مورەش ئاسایشی هەیە ئەبێ هەر بەلایەکا بکەوێ سایا لەسەر یەک، یا لەسەر دوو ئیتر بۆچی ئاسایش نییە؟ جگە لەوەش ئەگەر لێم ببوری ئەتوانم بڵێم ئەم ڕباعیە هیچ مەعنایەکی تیا نییە و کەس تێی ناگا.

وا ئەمجارە (ئەدەبیاتی مەنگوڕی)مان خستە پێش چاوی خوێندەواران مەبەستیشمان تەنها ئیسلاح و ڕێگا نیشاندانە هیچ ئامانجێکی ترمان نییە، هیوامان هەیە بتوانین لەم ئەرکەدا کە گرتوومانەتە ئەستۆی خۆمان کەم و زۆر خزمەتێکی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بەجێ بهێنین و هەروەکو لە پێشەوە وتوومانە گوێ نادەینە توانج و پلاری کەس، خەڵکی چی ئەڵێ با بیلێ، دەس لە دەس و قوەت لە خوا.

## کۆچی بێکەس

ئەرێ مەرگ! ئایا تاپۆیەکی خەیاڵیت و لەژێر سێبەری هەتاوا ئەژیت؟ یا تارمایی بەردێکی بێ گیانیت و لە سووتانی دڵ لا ناکەیتەوە و نە باکت بەگەرما و سەرمای ڕۆژگار هەیە؟ هیچیان نیت بەڵکو وێنەیەکی بەسامیت، دڵت هەیە بەڵام ڕەقە، گوێت هەیە کەڕە، چاوت هەیە  بۆ چاکانت هەڵخستووە، دەستیشت هەیە بڕیان ئەدەیت!!...

فایق شاعیر بوو کە لەم سەدەی بیستەمەدا پێوە بنازیت، خەیاڵاتی بەرزی بنەوبارگەی ئێمە بوو، دڵی ساف و پاکی ئاوێنەی بێ گەردی شاخەکانی کوردستان بوو کە تیایا ببرسکێنەوە، زمانی پاراوی ئێستگەی ئەو خەیاڵاتە خەملێوانە بوو کە ساڵەهای ساڵە لە توێی دەروونی کۆرپە کوردەکاندایە، بەفیکری میللییەتیشی ئەوە دیارە وەکو مانگەکەی هاوڕازی لە ئاسمانی کوردستاندا هاتوچۆی ئەکرد.

کەچی ئەو مەرگە دڵ ڕەقە نە بەزەیی بەبێکەسی ئێمەدا هاتەوە نە بەناکامی (بێکەس)دا، هیچ سەری لەو تۆفی ڕۆژی ١٩٤٨/١٢/١٨ نەکردەوە بەمێوانی، گیانی پاکی لە باخچەی لەشیدا و گوڵی هیوای لە باخی ژیانا هەڵکشا، لەشەکەشیان لە شاری سلێمانی برد بۆ هەوارگەی ئازیزان، بۆ ناو دارئەرخەوانەکانی (گردی سەیوان)!

فایق تۆ کۆچت کرد بەڵام وا مەزانە کۆچی بێ خاوەن بووە، تۆ شاعیری بەرز بوویت، تۆ لە ڕیزی نیشتمان دۆستەکانی دا بوویت، لە بیرمان ناچێتەوە ناوەکەت وا لە گۆشەی دڵمانا، فکرەکانت وا لە پەڕەی مێشکمانا، ناوونیشانت ون ناکەین، جارێ بەدوعا تا ڕۆژی لیقا.



## هاوڕێم بێکەس!

شیعری گۆران

ئەی فریشتەی شیعری جوان!
کۆستی کەوتووی هەردووکمان!

بۆ ئەم جارە بێکەسە!
کە وتمان بێکەس، بەسە!

شاعیرێک بوو فەننان بوو،
ئەدای خوڕ، خرۆشان بوو،

بۆ باغچەی کزی کوردی
بولبول بوو نەغمەی وردی:

سەرەڕای بەهرەی فەننی
دڵسۆز بوو بۆ وەتەنی،

نرکەی شیعری ڕزگاری
بێکەس، شتێکە دیاری:

لە هەموو کوردستانا،
لەناو بیر ئازادانا!...

***

پەریی شیعری شۆخ و شەنگ!
تۆ دڵتەنگ و من دڵتەنگ.

با سکاڵا بۆ یەکتر
لەگەڵ ئاخی سارد و سڕ،

دوور و درێژ هەڵڕێژین!
مەیتی بێکەس ئەنێژین!

ئاشنای تۆ بوو، هاوڕێی من،
لێی داگیرکردین (مردن!)

ئەی پەری ناڕەوایە
فرمێسک لە چاومان نایە:

چونکە بێکەس بچووک بوو،
پایەی کۆمەڵیی سووک بوو!

کام پیاو ماقوڵ، کام گەورە
کە بەرزیی جێی ژوور هەورە،

وێنەی ئەو جوامێر بوو!
بەرامبەر دوژمن شێر بوو؟

لە کاتێکا ئەوانە
نۆکەر بوون بۆ بێگانە،

دەست لەسەر سنگ ئەوەستان،
یان بۆ پایە، یا بۆ نان...

بێکەس بوو وەک پاڵەوان
پەنجەی لە چاوی چەقان،

پەنجەی تیژی سەرزەنشت،
داخی دڵی خۆی پێ ڕشت!...

بەڵێ بێکەس نابووت بوو
جارجار برسی بوو، ڕووت بوو،

بەڵام کام تێر، کام پۆشتە
وێنەی ئەو، ئەی فریشتە



بێ باک وەستا بەرامبەر
نووکی سونگیی ستەمگەر؟

کێ وا: وا لەژێر زنجیرا
ئازادی هات بەبیرا!

بەشیعری جوان نەڕانی:
بەیادی کوردستانی!...

ئەی شۆخ و شەنگ، ئەی پەری،
زۆرتر بۆ ئەوەی بگری:

کە بێ بەرگی و بێ نانیی
خۆی لە ڕووی تۆ ئەزانی،

لەگەڵ ئەوەش تا مردن
نەکەوت لە تۆ پەرستن!

مل کەچی قیبلەی ڕووت بوو،
دێوانەی عیشوە و خووت بوو...

وەک هەندێ شاعیری تر
-تا ڕادەیەک گورچک پڕ-

تەماع هەڵی نەفریوان
شیعر بفرۆشێ بۆ نان؛

ئابڕووت بەرێ وەک بردیان،
بەو کردارانەی کردیان!...

***

لە پاشانا ئەی پەری!
نابێ لە بێکەس بگری،

که گیرۆدەی مەستی بوو،
مەستیی ئەو مەبەستی بوو!

ناوچە و سەردەمی ژینی
پڕ بوو لە ناشیرینی،

وڵاتی پەرێشان بوو،
بۆ هاووڵات زیندان بوو؛

نەتەوەی هەموو هەژار،
مایەی ڕەنجیان بۆ زۆردار،

هەموو برسی، دەغەزار،
نەزان و نەخوێندەوار...

دیل بوون: هەم بۆ بێگانە،
هەم بۆ ئەو زۆردارانە،

کە خۆیشیان ئەیانمژین
بۆ خەڵقیشیان سەر ئەبڕین!

ئەمجا کە ئەسیری ئاوا:
کەشتی بۆ گەردا و ئەڕوا،

هەزاران هاوار بکرێ
کەس نییە ڕێی ڕاست بگرێ

ناچار خۆی سەرخۆش ئەکرد،
هەستیی فەرامۆش ئەکرد!

جارجار، کە زۆر پەست ئەبوو،
کەمێکیش بەدمەست ئەبوو،



داخی دڵی خۆی ئەڕشت
بەجوێن، توانج، سەرزەنشت!

***

ئەی فریشتەی چاوخومار!
بەڵام بێکەسی هوشیار،

بێکەسی دنیای نووسین
دانەری بەستەی شیرین،

مەبەستی من و تۆیە،
بۆ ئەوە ئەم (ڕۆ - ڕۆ)یە!

تۆ: پەریی شیعر و جوانی
من: هاوڕێی گیانی گیانی

دانیشتین بەجووت، دڵ تەنگ،
بڕێژین فرمێسکی مەنگ،

بۆ شاعیرێک بێکەس بوو
بەڵام (کەس)، ئێمەی بەس بوو!

سا باڵای بۆ ڕەشپۆش کە،
گڕی شیوەنی خۆش کە،

بەپەردەی نزمی ماتەم
بەستەی کوردی پڕ لە خەم

لەسەر مەیتی بخوێنە
وەفای جوانی بنوێنە

بۆ شاعیرێک کە گیانی
لێی هەڵئەقولا جوانی،

ئەگەر چی هۆی بەختی خۆی
جوانیی فەساڵ نەبوو بۆی!

ناقۆڵا و تێکسمڕاو بوو،
ڕوومەت کونج، کزی چاو بوو

هونەر بۆ (ڕووخۆشی)ی بوو
کە خەوشی داپۆشیبوو!

بەڵام پەری!تۆ ژیری
خاوەندی هۆش و بیری؛

جوانیی باڵا و دەموچاو
بەهرەی تا سەرنێن بۆ پیاو؛

هەزار چاو جوان، قەد باریک
کەوتوونە چاڵی تاریک،

چی بەجێ ما لە دوایان،
بۆ دۆست و ئاشنایان؟

یا جوانێک تا (پیری) ما
کام گیرۆدەی بیری ما:

خوێنی کوڵمی چەن گەش بوو؟
چاو و برۆی ڕەش بوو؟

یەک جوانییە: بای پایز
گەڵای زەرد ناکا هەرگیز

کە، لە گیان، سەرچاوەی دڵ
سەر هەڵئەدا قوڵە قوڵ:



وەک ڕۆح سووکی، ڕووخۆشی،
خوێن گەرمی، خزمەت کۆشی

دڵی باش، دەروونی پاک
بیری ڕوون، کردەوەی چاک

پێشتری گشت ئەمانە:
بەهرەی هونەری جوانە!

بەڕاستی ئەو فەننان بوو،
سەلیقەی شیعری جوان بوو!

***

ئەی شێوە شۆخ، ئەی پەری!
دانیشە لای ژوور سەری،

وەک یاری وەفادار بە،
بەڕاستی خەفەت بار بە،

قژی زەرد با پەشێو بێ،
بەستەی خەم لەسەر لێو بێ:

تۆ بڵێ و منی هاوڕێ،
تا دەستم قەڵەم بگری

ئەنووسم: دێڕ دێڕ، بەن بەن،
بۆ بێکەسی شیعری شێوەن!...


زەحمەتی بێ ئیبام

سلیمانی - ٢/١٠/٩٢٩

داخی فەرزانی عەرەق خستمیە خاک و تیکەوە

گا بە دەست جرجیس و عبدو گا بە دەست اوفیکەوە

هەرکە ڕۆژ ئاوابو ایتر بو عرەق ستکوک ئەکەم

وەک ولاخی بێنە وەختی کاووجوی ئالیکەوە

چنگ لە سەرتاشان بوی ئەروی خوم دڵگرل چەند نەگبەتی

بو پینا ئاشی بە مەزە و چای ملی باریکەوە

جا بە چوار مشقی لە سەر ارض دائەنیشین کوڕەلی

بەزمە ایواران بە دەوری عارەقی مەستیکەرە

خوشە سەرخوشی ئەگەر نوشی رفیقی توشی نەبی.

رابوری هەر بە گورانی وقسەی عنیکەوە

عارق و یارە لە هەردوگەر سەرو رابعەم هەبی

چیە ایتر من بە سەر الیان ونوشنو بچیکەوە

حەیفە گەر عارق بخوم توخوا رفیق لومەم مەکەن

زەحمەتی بێ ئیبانم بەم دڵی تاریکەوە

ف. بێکەسی



# پێڕست


لەبارەی ئەم دیوانەوە ..... 5
بێکەس شاعیری ڕاپەڕین و ئازادی ..... 6
بێکەس لە چەند لاپەڕەیەکدا ..... 7

**کوردایەتی** ..... 11
فیکری سەرکەوتن ..... 13
ئامۆژگاری بۆ میللەت ..... 14
ئەی وەتەن ..... 15
وەفدی کوردستان ..... 16
یادی نیشتمانی کوردستان ..... 18
ئەی وەتەن ..... 19
شینی مەحموود جەودەت ..... 20
ئەی کورد بەسیەتی ..... 22
دەردی دەروون ..... 24
ئەی وەتەن ..... 25
سەدەی بیستەمە ..... 26
چاوبەست ..... 28
بیستەی (ژین) ..... 29
کورد ..... 31
بیست و حەوت ساڵە ..... 32
قەومی کورد ..... 36
شیوەن بۆ شەهیدانی ١٩ی حوزەیران ..... 37
داری ئازادی ..... 38
تاک ..... 39
تاقی کیسرا ..... 40
خود پەسندان ..... 41
لە خوسووسی ئەدەبەوە هۆشیاری ..... 42
دەردی دەروون ..... 43
مونەوەرانی ئەم زەمانە ..... 46
ستایش ..... 47

هوشیاری ... 48
شاخی گۆیژە ... 49

**کۆمەڵایەتی** ... 51
کە پارەت بوو خزم زۆرە ... 53
عەیبە... عەیبە ... 54
داد لە دەست تیاترۆ! ... 55
تیاترۆ ببێ چاترە ... 57
بەبۆنەی دانانی یانەی فەرمانبەرانی هەولێرەوە ... 60
هەوڵ و تێکۆشین ... 61
خوا کێو نەبینێ، بەفری تێ ناکا ... 63
نەسرین ... 66
فیز و لەخۆ بایی بوون ... 68
قومار ... 70
ئاواتی دڵ ... 72
شێخەکان ... 73
ئەی مەلا ... 74
ئاخ مەلا ... 75
مەلا و شێخەکان ... 77
باسی ڕەمەزان ... 78
مەرهەم و دەرمانی ... 81
یانەی سەرکەوتن ... 82
ئەلەکتریکی سلێمانی ... 83
ئەی هاوار لە دەست دکتۆری خراپ ... 84
وەسفی حاڵ – بۆ پیرەمێرد – ... 85
پاشەکەوت کردن ... 86

**هەستی دەروون** ... 87
بەشارەت بێ لە قەومی کورد ... 89
ساقی لە پەردە دەرهات ... 91
خەیاڵی ژێر لێفە ... 93
گۆران ... 94
ساقی نامە ... 95
شۆری بێکەس ... 97





نا ئومێدی... ... 98
زەحمەتە بێ مەی ژیانم ... 100
عارەق ئەخۆم ... 101
بێزاری ... 102
شینی مستەفا مەزهەر ... 103
شینی محەمەد ئەمین زەکی بەگ ... 104
دەردی دەروون ... 106
بەهاری سلێمانی ... 109
ئەی مانگ ... 111
لای لایەی (شێرکۆ) ... 113
ئەستێرە گەشە ... 115
چ خۆشە! ... 117
شینی قالەی ئایشەخان ... 118
ئەو دولبەرە... ... 119
کەرەکانی شێخ سەلام ... 120
بەهار نامەوێ... ... 121
تووشی لافاوی عیلم بووم... ... 122
بەبۆنەی بۆمبای ئەتۆمەوە ... 123
گفتوگۆی (بێکەس) لەگەڵ زەمانە ... 124
من و ئیفلاس ... 126
شینی پانتۆڵەکەم ... 127
شینی «حەلاو» ... 128
موسابەقەی کەرسواری ... 129
سەر دانانەوێنم ... 130
بە دوو زمان ... 131
جەژنی من ... 132
تێ هەڵکێش ... 133
شیوەنی ڕابردوو ... 134
بەشارەت لە گشت مەئموورەکان ئەوا تیاترۆ هاتەوە ... 135
قصيدة عربية الى فتاة سورية ... 137
دەردی دەروون ... 138
هەرکەسێ ... 139
جەژنی چی؟ ... 140

تاوێ تر ئەمـرم ........ 142
یاری من ........ 144
وەسفی پیرەمەگرون ........ 145
وەسفی تانجەڕۆ ........ 146
بێزاربوون لە موعەلیمی ........ 147
قوتابخانەی زانستی ........ 148
جەژنە پیـرۆزە ........ 149
چوونە مەیخانە ........ 150

**شیعری منداڵان** ........ 151
تۆ چیت؟ من کوردم! ........ 153
شوان و مەڕەکانی ........ 154
گۆرانیی سپۆرت ........ 155
دایـک ........ 156
بەیانی ........ 157
تەماعکاری ........ 158
یەکیەتی ........ 160
جوتێک کۆتر و بۆقێک ........ 162
شێرۆ و مار ........ 164